# دەستەواژە نوێیەکانی

# میدیاو پێوەندیپێکردن

دەستەواژە نوێیەکانی

میدیاو پێوەندیپێکردن

أ.د. عەبدولرەحمان عزی                    بەهزاد حەوێزی کردوویەتی بە کوردی

---

ناوی ئۆرگینالّی کتێبەکە

(( دعوة الى فهم

المصطلحات الحديثةفي الاعلام و الاتصال))

الدار المتوسطية للنشر/ تونس

الطبعة الاولى: 2011

**ناوی کتێب: دەستەواژە نوێیەکانی میدیاو پێوەندیپێکردن**

**نووسینی : أ.د. عەبدولرەحمان عزی**

**وەرگێرانی :بەهزاد حەوێزی** (b_hawezy@yahoo.com)

**بەرگ:**

**نەخشەسازی: دانەر**

**پیتچنین: دانەر**

**چاپی یەکەم**

**چاپخانەی رۆشنبیری – هەولێر** ⁄ 2012

**لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی ( ) ساڵی (2012)ی پێدراوە**

**مافی چاپکردنەوەی بۆ وەرگێڕی کتێبەکە پارێزراوە**

# پێڕست

## پێشەکی


**تەوەری یەکەم: زمان** ..............................

زمان نووسین، گرووپە زمانەوانییەکان

**تەوەری دووەم: میدیاو پێوەندیپێکردن(الاعلام و الاتصال)** ..............................

پێوەندیپێکردن(communiction) پەرەسەندنی مێژوویی پێوەندیپێکردن، پێوەندیپێکردن و میدیا، سروشتی پێوەندیپێکردن، رەگەزەکانی پێوەندیپێکردن، جۆرەکانی پێوەندیپێکردن، پێوەندیپێکردنی کەسیی، کەسیی بە هاوکاری تەکنیك، پێوەندیپێکردنی ئۆرگانیزەیی، پێوەندیپێکردنی جەماوەری، پێوەندیپێکردنی تەفاعولی، وەزیفەکانی ئامرازەکانی میدیا، تیۆرە سەرەکییەکانی رۆژنامەوانیی، سولتەویەت، لیبرالیزم، کۆمۆنیزم، بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی، خزمەتگوزاری گشتی، پەرەپێدانکاریی، تیۆرەکانی میدیاوپێوەندیپێکردن، مۆدێلەکەی لاسویل، مۆدێلەکەی شانۆن وویڤەر، مۆدێلەکەی شرام، مۆدێلی هاوسەنگیی، مۆدێلی دژەیەکی مەعریفی، تیۆری کاریگەریی هێزدار، تیۆری لێشاوی میدیا لە دوو قۆناغدا، تیۆری پاسەوانی دەروازەکە، دیدگەی بەکارخستنەکان و تێربوونەکان، تیۆری دەستنیشانکردنی هەرەپێشینەکان، تیۆری چوارچیوە، تیۆری درزی مەعریفی، تیۆری گێژەنی بێدەنگی، تیۆری حەتمیەتی تەکنیکی میدیایی، تیۆری حەتمیەتی بەهایی میدیایی، فێرگەی فرانکفۆرت، فێرگەی پەرمەنگەهام، فێرگەی شیکاگۆ، فێرگەی تۆرنتۆ، سیمیائیی میدیایی، روژنامەگەل، ئێزگە، تەلەفزیۆن، تۆڕەکانی زانیاری، کتێبگەل، تۆماری دەنگی(ڤیدیۆ)، فیلم، ریکلام، پەیوەندییە گشتییەکان، جەماوەر، پرۆپاگندە، رازیکردن، رای گشتی، کۆمەڵگەی جەماوەری، کۆمەڵگەی زانیارییەکان، کاریگەری ئامرازەکانی راگەیاندن.

**تەوەری سێیەم: چەمکە بەهاییەکانی میدیا**..........................................

پێراگەیاندن، گەشت، ئەندێشەگەریی میدیایی، زەمەنی کۆمەڵایەتی، شوێنی رەمزی، سەرمایەی رەمزی، توندیی زمان و میدیا، بونیاتی بەهایی میدیایی، توانایی میدیایی کۆلۆنیال، هاوکێشەی ئادەمیزاد/ خاك– زەمەن–میدیا.

**تەوەری چوارەم: پێشەنگەکانی پسپۆڕێتی میدیاوپێوەندیپێکردن** ..........................................

لاسویل و لازرسفیلد و هۆفلند، لوین.

**تەوەری پێنجەم: کتێبە کلاسیکییە(مێژوویيە)کانی میدیاوپێوەندیپێکردن** ................................

## بەرباس

میدیا(رەگەز، ئەزموون، مێژوو)لای ئێمە هێشتا بەیەکەوە کۆنەکراونەتەوە، لەبەرئەوەی ئەو بوارە گرنگە لەو سەردەمە تیژڕۆومەوداو فرەرەهەندەدا هێشتا بنەما ئەقڵانی و ئەکادیمیەکانی خۆی نەچەسپاندووە بەمەش وەك زەروورەت نەهاتۆتە مەیدان واتە سیستمازەکراو، فاکتەری ئەو پاشاگەردانییە زۆرن، وەك: سایکۆسۆسیۆلۆجی، رامیاریی، توێژی رووناکبیر،..تد.

دەکرێ لە مەودوا هەنگاوەکان بخرێنەسەر راستەڕێی خۆیان و دروست ئەو ئاراستەیە پەی بکەن، بەڵام ئەمە چەند مەرجێکی پێویستە، هەرەگرنگەکەیان بە زانستی کردنی بواری میدیایە، بەپێی سیستمێکی مۆدرن و سەردەمانەورێکوپێك بەڕێوە بچێت..

ئەم بەرهەمە تەکانێکە بەو ئاراستەیە..

ب.حەوێزی

هەولێر 2012/4/22

## پێشەکی

دەستەواژەکانی هەر زانستێك بە کلیلەکانی دادەنرێن، لەو سی ساڵەی دواییدا دەستەواژەکانی میدیاو پێوەندیپێکردنی بە هۆی کەڵەکەبوونی مەعریفی لەو بوارەداوباڵادەستی تەکنەلۆجیای پێوەندیپێکردن لە کۆمەڵگەی هاوچەرخ یا (ئینتیقالی) پەرەیان سەند، هەروەها پەیدابوونی چەمکگەلی ژیاری جیاودیار لەمەڕ دیاردەی میدیای پێوەندیپێکردن لە مەڕ ناوچەی عەرەبی و ئیسلامی.

پێمان باش بوو ئەو چەپکە دەستەواژانە بەو کورتی و پوختیە پێشکەش بکەین (بیانووەکەمان لایەنی داراییە)ئەمەش بەو مانایە نییە خوێنەری چاك یا تایبەتمەند بەدوای سەرچاوە عەرەبی یا کولتووریەکان نەگەڕێ.

ئەمە یەکەمین کتێبە لەرووی چۆنیەتیەوە بە زمانی عەرەبی(وا ئێمەش کردمانە کوردی/ب.ح)و خوێنەریش زۆرێك لەو دەستەواژە تایبەتە بەهاییانە بە زمانی دیکە بەدی ناکات، کتێبێك لەو جۆرەو بەو شێوەیە تەبای سامانێکە و بە مەخزوونێکی مەعریفی ئەوتۆ دادەنرێ گاڵتەی پێناکرێت نەخاسمە لە سەردەمێك خوێنەر کاتی کەمەوکانگە ژیاریەکانیشی پەرت و بڵاون، ئەو کارە بە پشتیوانی خوای گەورەوئەوانەی چاویان دایە تۆژینەوەکانم لەبارەی تیۆری حەتمیەتی بەهایی میدیایی ، کە پشکداربوون لە بەرچاورووونی: د.نەسیربوعەلی(1)و شرۆڤەکردنی لە لایەن چەند تۆژەری بەڕێز وەك: د.مەحموود قەلەندەر، د.سەعید بو معیزە، نەوەی نوێ لە لاوان ئەوانەی سەر بە (قوتابخانەی قوستەنتینیە لە میدیادا)(2)سوپاس وپێزانین بۆ برا عیماد غەزالی لەمەڕ پیشەوەری و گەرموگوڕی و خواستی لە پێشکەشکردنی بەرهەمێکی مەعریفی جیاوازی مەغاریبی.

نووسەر

شاریقە 2011/1/1

## تەوەری یەکەم

### زمان

### زمان و گەشەکردنی

### زمان(اللغە)

بریتیە لە(ئامرازی گوزارەکردن و گەیاندنی بیروڕاوراستییەکان بەهۆی دەنگ و رەمزوهێماوئاماژەکان) ئەو پێناسە باوە گشتییە بەو پێیەی دەنگەکان(بێژراو)ورەمزەکان(نووسراو)دەگرتەخۆوە، لێ ئەسڵەکە ئەوەیە، زمان(لغە) بەشێکە لە زمان(لسان)(3) ئەوەی دوایی زمانی(نووسراو)وئاخاوتنی(بێژراو)دەگرتەوە، ئەو سەرنجە لە زمانی فەرەنساییش هەیە ، زمان(لسان) واتە(language) بە زمانی فەرەنسی زمان(langue) وئاخاوتن(parole) دەگرتەوە، لێ لە زمانی ئینگلیزی چ ئاماژەیەك بە زمان(لسان) نادرێ، بەلکە زمان(لغە)(language)وئاخاوتن(speech)هەیە.

لە رووی مێژووییەوە زمان بە ئاستی ئاخێوەرەکانیەوە گرێدراوە، دەستەبژێر زمانی تایبەت بەخۆی هەیە(لە چوارچیوەی هەمان زماندا) و عەوامەکەش زمانی تایبەت بەخۆیان هەیە بە ناوی(زمانە باوەکە)هەروەها زمانی ئەدەبی(یا فوسحە) هەیەو ئەوەی دیکەش عامیەکەیەوبەوجۆرە، هەروەها

لەیەك زمانیش چەند زاراوەی لۆكاڵی هەیە بەپێی ناوچەكان، سەرجەمی ئەو لكانەش دەرەنجام سەر بە یەك زمانن.

ئامڕازەكانی راگەیاندن رۆڵی هەبوو لەمەڕ دیتنەوەی زمانێكی دیكەی(سێیەم) كە پارسەنگی نێوان تاكەكەسەكان و توێژەكانە بەناوی زمانی رۆژنامەوانیی، ئەو زمانە بەشبەحاڵی خۆی پشكدار بوو لە بڵاوكردنەوەی رۆشنبیریی و زانست و رۆنانی هۆشیاریی سیاسی (نەخاسمە رۆژنامەوانیی نووسراو)وێرای هەندە خاڵی نەرێییانە لە سووك و ساناكردنی رۆشنبیریی و جاروبار شێواندنی.

**نووسین**

پیتەكان یا رەمزە چاپكراوەكان بەسەر رووكارێكدا، مەبەست لێیان دەنگ و وێنەكانە، ئینجا تەوسیقكردنی زمان، واتە نووسین سیستەمی تۆماركردنە(markings)و رەنگدانەوەی تەلەفوز یا دەنگێكە بۆ گۆڕینی واتای ئەو تەلەفوزە لە كەسێكەوە بۆ یەكێكی دیكە، لێ نووسین زمانێكی لاوەكییە بەجۆرێك بەدرەنگوەختەوە هات بەمەرامی نووسینەوە، هەروەها چەندین زمان لە جیهانی هاوچەرخدا نەنووسراوەن.

**ئەسڵی زمان و پەرەسەندنی**

ئەستەمە مێژووی دەستپێكی زمان دیاری بكرێت، وێرای ئەوەی هەندەك ئەسڵەكەی بۆ سێ ملیۆن ساڵ دەگەڕێتەوە، بەڵام لێكۆڵینەوەی زمان لەرووی زانستیەوە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە پەیدابوو، ئەو دیراساتانە جەختیان كردە سەر مێژووی بەراوردكاریی زمانەكانی هیندۆئۆروپایی، بەمەش گرنگی دا بە تۆژینەوە لە كانگە هاوبەشەكەی زمانە جیاجیاكان، بەمەش زمانەوانی(یا لیسانیات)واتە زانستی دیراسەكردنی زمان لە سەدەی نۆزدەم بوو بە لكێكی ئەكادیمی سەربەخۆ، بەپلەی یەكەمیش شانبەشانی تێزەكانی سۆسێر(Ferdinand de Saussure) لە سەرەتای سەدەی بیستەم گەشەیان كرد، ئینجا زانستەكە چەند لكێكی پسپۆریی لێ بوویەوە وەك زمانەوانی ئەنترۆبۆلۆجی، كە لە كاروكردەوەكانی لیڤی شتراوس(Claud Levi-Strauss) بەدی دەكەین و لە رووی مێژوویەوە لای فۆكۆ(Michel Foucault)ئەدەبیی لای بارت(Roland Barth) سیاسیی لای ئالتۆسێر(Althusser)(4)بە گشتی دیراساتە زمانەوانییەكان لە رووی مێژوویەوە جەختی لەسەر دووڕێچكە كردەوە: (synchronic) واتە زمان سیستەمێكی تەواوە لەهەر ساتەوەختێكی زەمەندا، گەشەكردن(diachronic) واتە زمان لە میانەی زەمەندا گەشە دەكات(5)

**گرووپە زمانەوانییەكان و لكەكانیان**

زمانەکان(6)لە سەردەمی هاوچەرخدا کاڵ بوونەتەوە، ئێستاش(7)(6.800)زمان هەیە لەوانە لە(%90)یان کەمتر لە(100000)کەس قسەیان پێدەکەن و نزیکەی (357)زمانیش کەمتر لە(50)کەس قسەی پێدەکەن، زمانناسان زمانەکان بۆ شازدە گرووپی جیاواز پۆلین دەکەن، هەرە زۆری ئەو گرووپانەش ئاستی تایبەت و لکی–فەرعی–یان بەخۆوە گرتووە، کە ئەمانیش ژمارەیەکی هەمەجۆرەی زمان پێکدێنن، ئەو گرووپانەش لە چەند گرووپێکی دیکە پێکدێن وەك گرووپی هیندۆئۆروپایی(Indo-European) کە (150)زمان دەگرتە خۆوەونزیکەی(3بلیۆن)کەس قسەی پێدەکەن لە ئۆروپاوخۆرئاوای ئاسیاوئوسترالیاوئەمریکای باکوور وەك: کوردی و فەرەنسی و ئینگلیزی و رووسی وگرووپی ئۆرالی(Uralic) کە بیست زمان دەگرێتەوە، کە (250000000) کەس لە باکووروخۆرهەڵاتی ئۆروپاوباکووری خۆرئاوای ئاسیا قسەی پێدەکەن وەك: فنلەندیایی و مەجەری، ..تد.

زمانی عەرەبی دەچتەوە سەر گرووپی ئەفرۆئاسیایی(Afro-Asistic) کە چەندین زمانی سامی دەگرێتەوە، هەروەها عیبری و ماڵتایی(لە ماڵتا)وتەقرینی(لە ئەریتیریا)و بەربەری(لە مەغریب و جەزایر)و ئۆرۆمۆ و سیدامۆ(لە ئەسیوبیاوسۆماڵ)و..تد.

زمانناسان پێیان وایە ئەو شتەی زمانێك لەوی دیکە جیادەکاتەوە بریتیە لە چەند رەگەزێك هەرە گرنگەکەیان سێنتاکس(syntax)ە، واتە(بونیاتی رێزمانی) هەروەك چۆمسکی ئاماژەی پێداوە ئەو فاکتەرە کاریگەری خۆی هەیە بەسەر کایە زهنییەکە، کەچی دەنگ و واتاکان کەمەك بەیەك دەچن بەهۆی ئەو لێکنزیکیە مێژووییەی لە نێوان ئەو زمانانەدا هاتۆتە ئاراوە.

## تەوەری دووەم

## پێوەندیپێکردن و میدیا

### پێوەندیپێکردن

پێوەندیپێکردن چەند بوارێکی مەعریفی دەگرتەوە وەك: ئاداب، کۆمەڵناسی، زانستە پراکتیکییەکان، هونەر جوانەکان، دیراساتی پیشەوەریی،..تد.

پێوەندیپێکردن فرە رەهەندەو ئەمانە دەگرتەوە: ئاڵووێری ماناوگوزارە هونەرییەکان و سایکۆلۆجیەتی ئیقناع و پیادەکارییەکانی تەکنەلۆجیای ژمارەیی،..تد.

### پێناسەی پێوەندیپێکردن

**پێوەندیپێکردن چەند پێناسەیەکی هەیە لەوانە(پرۆسەی گۆڕینی واتاکانە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا) یا(بیناکردنی تێگەیشتنێکی ئاڵوویرانەیە لە چوارچیوەی کارلێککردندا لە نێوان دوو کەس یان زیاتر)یا(ئاڵوویرکردنی مانایە لە رێگەی گواستنەوەی زانیارییەکان)یا(سەیرورەی هاوبەش بوون لە زانیارییەکان و هەستونەستی نێوان خەڵکی لەرێگەی ئاڵوویری نامە لەفزیی و نالەفزییەکان)یا(ئامرازەکانی گەیاندنی زانیارییەکانە لەگەڵ تەرکیزکردنە سەر گواستنەوەووەرگرتنی زانیارییەکان)یا(داڕژتنی تێگەیشتنێکی هاوبەشە لە میانەی کارلێککردنی نێوان دوو کەس یان زیاتر)...تد.**

**هەندەك هەن بە سانایی ئاوا پێناسەی دەکەن کە ئەو چەمکە(لە بنەڕەتەوە بریتیە مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان – social affairs)(8)بە گشتی توانای پێوەندیکردن لەگەڵ ئەوانیدیکە هەل و دەرفەتی زیاتر لە ژیان بۆ تاکەکەس دەرەخسێنێ و دایدەکوتێ لە کاتێکدا بەپێچەوانەوە(بە نەبوونی)شێوەیەکە لە شێوەکانی کەسێتی دەردەدارونەخۆش.**

## پەرەسەندنی مێژوویی پێوەندیپێکردن

**مارشال ماکلۆهان(9)(Marshall McLuhan) پێی وایە پێوەندیپێکردن بەچەند قۆناغێکی مێژوویی رەت بووە تیایانە تەکنەلۆجیای پێوەندیپێکردن فاکتەری سەرەکی بووە لە گۆڕان لە قۆناغێکەوە بۆ یەکێکی دیکە، جا لێرەوە ئەو دیدگەیەی ماکلۆهان بە تیۆری حەتمیەتی میدیایی(media determinism)ناونرا، واتە ئەوە فاکتەری میدیایی تەقەنی – یە کە بەپلەی یەکەم وەرچەرخانە مێژووییەکان لێکدەداتەوەوتەفسیریان دەکات لەرووی پێوەندیپێکردن و بوارەکانی دیکەی کارلێکراو.**

**قۆناغی یەکەم لە زمانی بێژراوەوە دەست پێدەکات تاوەکو دۆزینەوەی نووسین لە 3.000تا 3،000 ساڵ پ.ز، هەروەها پێوەندیپێکردنی زارەکی لەو قۆناغەدا باو بوو، ماکلۆهان پێی وایە دۆزینەوەی نووسین یەکەمین شۆڕشی پێوەندیپێکردن بوو، ئەو شۆڕشە توانی زمانی دووەم بدۆزتەوە: زمانی رەمزونووسین، کە پاشان رێخۆشکەر بوو بۆ تۆمارکردنی خیبرەوئەزموون و بەپشتبەستن بە پرەنسیپی کەڵەکەبوون لە گەشەی شارستانیی مرۆڤایەتی. لێ ئەو شۆڕشە لە رووی کارکردنە سەر کۆمەڵگەوگەشەکردنی مێژوویی سنووردار بوو لەبەرئەوەی تەنیا کەمینەیەکی خەڵك ئەو زمانە تازەیان دەزانی، هەروەها ئامرازەکانی گوێزانەوەی لە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە سنووردار بوو یا هە رنەبوو، چوون نووسین و نەقش و هەڵکۆڵین لە سەر بەرد بوو بەرلەوەی ئامرازی وەك پشتبەستن بە پێست و دار یا گەڵای دارو دواتر کاغەز(papyrus) پەیدابن.**

بەمەش ئەو جۆرە یەکەمین شارستانیەتە شوێنداریی(مەکانی)بوو، دۆزینەوەی چاپگەریی(10)لە ناوەڕاستی سەدەی پانزەدا دووەمین شۆڕشی پێوەندیپێکردن بوو، چوون توانی کۆمەڵگە لە پێوەندیپێکردنی زارەکیەوە بگوێزێتەوە بۆ پێوەندیپێکردن ورۆشنبیریی نووسراوە.

پێوەندیپێکردنی نووسراوە ڕێخۆشکەر بوو بۆ نووسینەوەی زانیارییە پێشین و نوێیەکان و ئەمەش بووە هۆی کەڵەکەبوون و بناغەڕێژیی سەرەتای شارستانیی خۆرئاوایی.

ماکلۆهان ئاماژەی بە پەیوەندییەك داوە لە نێوان زێدەبوونی گوێزانەوەی مادده نووسراوەکان و بەرفراوان بوونی ئیمپراتۆریەت(11) لە ئاکامی ئەو دۆزینەوەیەش ڕۆژنامەوانی سەریهەڵدا، هەروەها بڵاوبوونەوەی فێربوون و ڕۆشنبیریی و مەعریفە، کە بووە هۆی پشکداری کۆمەڵگە لە گشت بوارەکانی ژیان بە ڕێگەیەك پێشتر وێنەی نەبووە لە مێژووی شارستانیی خۆرئاوایی.

ماکلۆهان پێی وایە دۆزینەوەی ئێزگەوفیلم لە بیستەکان و تەلەفزیۆن لە پەنجاکانی سەدەی بیستەم درێژەپێدەری چیرۆکی ئادەمیزادن، ئێزگە درێژەپێدەری دەنگی ئادەمیزاد و تەلەفزیۆن درێژەپێدەری بینینیەتی، جا ئەو ئامرازانە وایان کرد کۆمەڵگە لە پێوەندیپێکردنی نووسراوەوە هەنگاو بنێ بۆ ڕۆشنبیریی بیسراو و بینراوەوە.

ماکلۆهان پێی وایە دۆزینەوەی ئەو ئامرازانە پاشەکشەیەکە لە گەشەکردنی شارستانیەت بەو پێیەی پێوەندیپێکردنی بیسراووبینراو هەندە سیمای پێوەندیپێکردنی زارەکی هەڵدەگرن و پێوەیان دیارە، کە خاڵی جیاکەرەوەی کۆمەڵگەی(کۆن)ن، لەلایەکی دیکەوە ئەو ئامرازانە، نەخاسمە تەلەفزیۆن جیهانی کردۆتە گوندێکی جیهانی، چوون بەربەستەکانی زەمان و مەکان تارادەیەکی گەلەك زۆر کاڵ بوونەتەوە، دۆزینەوەی کۆمپیوتەر لە شەستەکاندا سێیەمین شۆڕشی پێوەندیپێکردن بوو، چوون کۆمەڵگەی لە قۆناغی پێوەندیپێکردنی بیسراووبینراوەوە بۆ پێوەندیپێکردنی ئەلیکترۆنی گواستەوە، کە جارێکی دیکە(دەق)ی بۆ پێوەندیپێکردن هێناوە، تۆژەرانی دوای ماکلۆهان ئەو قۆناغەیان بە پێوەندیپێکردنی کارلێککاریی(تەفاعولی)ناوبردووە ئاماژە بە توانستی مامڵەکردنێکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەویدیکە، وێڕای ئامادەنەبوونی ڕاستەوخۆیانەی ئەویدیکە لەو پرۆسەیەدا.

چەندین تۆژەر لە بواری بیروکۆمەڵناسی باسیان لەو شۆڕشە(سێیەمین)کردووە، هەروەها ڕەنگدانەوەی بەسەر بونیاتی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی، ئالڤین تۆفلەر( Alvin Tofler)(12)باسی لە سێیەمین شەپۆل کردووە، دانیال بال(Daniel Bell)(13) زیاتر تیشکی خستۆتە سەر سروشتی کۆمەڵگەی پاش پیشەسازکاریی وپۆست مۆدێرنیزم،..تد.

## پێوەندیپێکردن و میدیا

لە بنەڕەتدا مەبەست لە میدیا هەواڵە(بە خەسڵەتەکانیەوە: گرنگی و هەنووکەیی) هەروەها ئامراز و جمهوروتارادەیەك لێشاوێکی یەکلایی، ئەمە سەبارەت بە رۆژنامەوگۆڤاروئێزگەوتەلەفزیۆنیش هەر وایە، لێ هەواڵ سەبارەت بە کتێب و شانۆوسینەما بوونی نییە، بۆیە پێوەندیپێکردنە، جەماوەریش لە ئامرازەکانی وەك: تەلەفۆن و فاکس و(تەلیکس) بوونی نییە، بۆیە ئەمانە ئامرازی پێوەندیپێکردنن نەك ئامرازەکانی راگەیاندن، بەڵام کۆمپیوتەروتۆڕەکانی زانیاری (informations net) کۆکەرەوەی پێوەندیپێکردن ومیدیان، چوون هۆیەکانی راگەیاندن لەو ئامرازانەدا هەن، ئینجا بە مەڵتیمیدیا(multimedia) ناونران، واتە ئامرازی پێوەندیپێکردن و راگەیاندن، بەڵام وشەی پێوەندیپێکردن لێشاوێکی ئاڵووێرانە دەگرێتەوە نەك یەکلایی رێژەییانە، ئەمەشە دەیبینین لە ئەسڵی لاتینی وشەکە(Communication) واتە(Communis)واتە بەشداریکردن، ئینجا وشەی(Coomun)ی لێ داتاشرا واتە هاوبەش وئەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە تیا بەشدارن، ئینجا وشەی(Community) واتە جەماعەت، ئینجا وشەی(Communication) واتە پێوەندیپێکردن.

بەم جۆرە ئەو کارلێککردنەی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا دەخوولێتەوەوئەنجام دەدرێ، بریتیە لە پێوەندیپێکردن، چوون ئاڵووێرییەکی هاوبەش دەگرتەوە، لەو حاڵەتەدا ناوەڕۆکەکە گشتگیرترە لە هەواڵ و ئامرازە تەقەنیەکەولێشاوە تاکلاییە رێژەییەکەش بوونیان نییە، بەڵام جۆرە هاوسێیەتیەك هەیە لە نێوانیاندا، هەندەك پێیان وایە هەر راگەیاندنێك پێوەندیپێکردنە، نەك بەپێچەوانەوە، جا لەو دەروازەوە دەکرێ وشەی پێڕاگەیاندن(ئیبلاغ لە تەبلیغ) بێنین، کە کۆنترەو(ابلغ/ بە زمانی عەرەبی/ب.ح) هەروەك وشەکە ئاماژەی پێدەدات لە راگەیاندن و پێوەندیپێکردن، واتە لە (ئیبلاغ)دا (بەلاغە).

پێڕاگەیاندن بە بەهاوە گرێدراوە نەك بەزەرورەت بە هەواڵ، دەوترێ هەواڵەکەم پێوت و نامەکەم پێڕاگەیاند، کرۆکی بەها لە ئیبلاغەوە ئیشتیقاق کراوە، واتە (بەلاغی موبین) راستتر دەعوەوئیبلاغ نەك دەعوەوئیعلام، چونکە ئیبلاغ تایبەتە بە کرۆکێکی دیارنەکراو بە کات و شوێن، کەچی ئیعلام تایبەتە بە هەواڵ، کە بە بەسەرچوونی و لەدەستدانی رەگەزی هەنووکەیی دەبێت بە مێژوو، هەروەها دەعوە بەکاردێ بۆ رۆژنامەوگۆڤاروتەلەفزیۆن بۆ گەیاندنی هەواڵەکە بە جەماوەر هەروەك کەسانی بواری پەروەردە ئەوانەی تەلەفزیۆن و کۆمپیوتەر لە پرۆسەی خوێندن وفێربوون بەکاردێنن، ئەمەش ناودەنێن(تەکنەلۆجیای فێرکردن- Educational Technology) دەکرێ لەو حاڵەتەدا تەکنەلۆجیای دەعوە بەکاربهێنرێ هەروەك دەستەواژەی پەروەردکاران.

زمانە بیانییەکانیش پشکی خۆیان هەبوو لە مەڕ ئەو هاوواتاییە یا تێکەڵکردنی ئیعلام و پێوەندیپێکردن، وشەی(کۆمەنیوکەیشن–Communication) بە زمانی ئینگلیزی ئاماژە بە ڕاگەیاندن و پێوەندیپێکردن دەدات بەیەکەوە، وەك (Personal Communication)واتە پێوەندیپێکردنی کەسێتی و(Mass Communication)واتە پێوەندیپێکردن یا ڕاگەیاندنی جەماوەری، هەروەها پیتی(S) دەخرێتە سەر وشەی(Communaction)دەبێتە(Communications) مەبەستیش لێی ئامرازەکانی پێوەندیپێکردنە وەك تەلەفۆن و مانگە سناعییەکان و(هەندەك دەڵێن دەستکردەکان – ئیستناعییەکان)و ڕیشاڵە تیشکاوەرییەکان و(هەندە دەڵێن بینین)و کۆمپیوتەر نەك ئامرازەکانی میدیا وەك ڕۆژنامەوئێزگەوتەلەفزیۆن، بەڵام بەزمانی ئینگلیزی وشەی(Information)دەخرێتە سەر وشەی(Communication)بۆ جیاکردنەوەی ڕاگەیاندن لە پێوەندیپێکردن وەك زانستەکانی میدیاوپێوەندیپێکردن(Sciences de I' Information et de la Communication)لێ وشەی (Information) بە زەرورەت بە مانای ڕاگەیاندن نییە بەلکە زانیارییەکە هەروەك لە گوزارەکانی زمانی ئینگلیزی دایە( Information Technologyواتە تەکنەلۆجیای زانیارییەکان"IT"و Information Societyواتە کۆمەڵگەی زانیارییەکان،..تد.).

## سروشتی پێوەندیپێکردن

پێوەندیپێکردن پرۆسەیەکی دینامیکیانەی بازنەییە، سەرچاوە یا نێرەر هەڵگری بیرۆکەکە ڕەمزێ بۆ پەیامەکە دادەنێ بە بەکارهێنانی کەناڵەکە بە ئاراستەی وەرگر، کە ئەویش پرۆسەی بەرەمز کردنەکەووەرسووڕانەوەولێککردنەوە، دووبارە دەکاتەوە.

## ڕەگەزەکانی پێوەندیپێکردن

1–سەرچاوە: مەبەست لێی بەرهەمهێنەری زانیارییەکەیە یا بیرۆکەیەك، دەشێ ئەو شتە تاکێك بێ یا ڕێکخراوێك یا هەر لایەنێك، کە نامەکە دەخاتەڕوو، هەروەها سەرچاوە بە نێرەری نامەکەش ناودەبرێ، مەرجیشە نێرەر توانای بە ڕەمز(شیانی کۆمەنیوکەیشن – الأهلية الأتصالية)کردنی هەبێت تاکو پێوەندیپێکردنەکە بە ئاکام بگات.

2–بە ڕەمزکردن: گۆڕینی ئەوەی تاك پێیەتی لە هزرکردن و هەستونەست بۆ ڕەمزی زمانەوانی جا چ لەفزی بێت یا نالەفزی، بەشێوەی خەتنووسی بێ یا وێنە یا حسیی.

3–نامە: ناوەڕۆکی پێوەندیپێکردنە، ئاماژە بەو واتایانە دەدات، کە نێرەر بە ڕەمزداری کردوون.

4–ژاوەژاو:هەر شتێك ڕێگر بێ لەبەردەم پرۆسەی پێوەندیپێکردن لە فاکتەرەکانی دەرەکی وەك ئەو دەنگانەی دێنە نێو پرۆسەکە، ژاوەژاو دەبێتە چەند لکێك:

- ژاوەژاوی ئامێریی: پەیوەستە بەو ئامێرانەی لە کۆمەڵگەی هاوچەرخ زێدەتر بوون، هەرچەندیش کۆمەڵگە پەرەی سەند ئەوەندەش ژاوەژاو زیاد دەکات بە هۆی پیشەسازی و بیناسازی و جووڵەی هۆیەکانی گەیاندن.
- ژاوەژاوی واتایی: ئەمە ئەو کاتە ڕوودەدات، کاتێك ئەو واتایەی نێرەر مەبەستیەتی لە نامەکەیدا وەك ئەوە نییە، کە وەرگر تێیگەیشتووە، ئەمەش بەهۆی فاکتەری زاتی یا ڕۆشنبیریی، هۆکارە خودیەکان بۆ ئەزموونی تاکەکەس دەگەڕێتەوە لەگەڵ ئەلفازو واتاکانیان، بۆ نموونە وشەی(ئازادی) مانای ڕزگاربوونە لە کۆتەکانی ئیدارە لای تاکەکەس و ڕزگاربوون لە دەسەڵاتی باوان لای تاکێکی دیکەوئابەمجۆرە، لێ ڕۆشنبیریی بۆ ئەو مانا تایبەتەی دەگەڕێتەوە، کە جۆرە ڕۆشنبیرییەك خستوویەتیە سەر لەفزێك یا گوزارەیەك لە گوزارەکان، گوزارەی(عافیەت) واتە تەندروستی لای خەڵکی مەشریقی عەرەبی و(ئاگر) لای هەندە خەڵکی مەغریبی عەرەبی بە بیستنی هەواڵی باش و خۆش لای عەرەب گوزارەی(ماشاءالله) بەکاردێ، کەچی لای مالاوییەکان بە بیستنی هەواڵی خراپ بەکاردێ و ئیدی بەو جۆرە.

هەروەها ئەمە سەبارەت بە سیمبولە نالەفزییەکانیش هەروایە، لە زۆربەی کۆمەڵگەکاندا زەردەخەنە نیشانەی خۆشییە، کەچی لای هەندە ژاپۆنی نیشانەی تووڕەییە.

- ژاوەژاوی سروشتی: ئەمەش بۆ هۆکارە سروشتییەکان دەگەڕێتەوە وەك باوبۆران و ڕەشەباوشەپۆلەکان، ..تد.
- ژاوەژاوی نێوخودیی: بە ژاوەژاوی دەروونیش ناودەبرێ، کاتێك تاکەکەسێك حەز بە پێوەندیکردن ناکات بە کەسێکی دیکە بە هۆی هەر هۆیەك بێ گوایە پێی سەغڵەت دەبێ.

5– وەرگر: لایەنی وەرگری پەیامەکە، یا تاکێکە یا گرووپ.

6– کردنەوەی ڕەمزەکان: ئەو چالاکیەی پەیامەکە مادیەکە تەرجەمە دەکا و دەبتە شێوەیەك، کە واتا بۆ وەرگر هەڵبگرێ، مەرجیشە بتوانێ لەو پەیامەو واتاکەی بگات، واتە(شیانی پێوەندیپێکردن).

7– وەڵامدانەوە: وەڵامدانەوەی ئاشکرای نامەکە لای وەرگر، کە لێکیکردووتەوەوئاراستەی نێرەر کراوە، وەڵامدانەوەش دوا ئەڵقەی بازنەی کۆمەنیوکەیشنە.

## جۆرەکانی پێوەندیپێکردن

### پێوەندیپێکردنی خودیی(Communaction Personal-Intra)

ئەو پێوەندیپێکردنە نێوخۆییەیە، کە لەگەڵ خوددا بەئەنجام دەگات وەك: بیرکردنەوەورامان و خەیاڵگەریی و خەون،..تد، هەندەك پێیان وایە ئەو جۆرە –کۆمەنیوکەیشن–ە بەپلەی یەکەم دێت لەچاو –کۆمەنیوکەیشن–ەکانی دیکەوە لە پێوەندیپێکردنی تاکەکەس، واتە تاکەکەس بیردەکاتەوە بەرلەوەی هەر پرۆسەیەکی کۆمەنیوکەیشن لەگەڵ ئەویدیکە یا ئەوانیدیکە ئەنجام بدات.

### پێوەندیپێکردنی کەسێتی(Interpersonal Communication)

پرۆسەی پێوەندیپێکردن لە نێوان دووکەس یا زیاترلە شێوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، ئەو جۆرە پێوەندیپێکردنە گشت رەگەزەکانی کۆمەنیوکەیشن دەگرێتەوە هەرەگرنگەکەیان ئامادەیی کەسی نێرەرووەرگرە، بۆیە ئەو جۆرە لە هەرە کاریگەرترین و(ئەکتیڤترین) جۆرەکانی کۆمەنیوکەیشنە و ئێستاش لە بوارەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردن و ریکلام بەکاردێ.

ئەو پێوەندیپێکردنە بە گروپی دوانە(dyad group) دەست پێدەکات، ئینجا پەرەدەگرێ بۆ گرووپی سێ(tryad)و چوار،..تد، جۆرج سیمل(George Simmel)روونی کردۆتەوە، کە لێرەدا جیاوازگەلی گرنگ هەن لە نێوان گرووپی دوانەوسێینە، گرووپی دووانە بە کشانەوەی یەکێکیان ئەویش نامینێن لێ گرووپی سێینە دەزگەیەکی کۆمەڵایەتییە بە کشانەوەی ئەندامێکیشی هەر بەردەوام دەبێت، بە فرەیی تاکەکانی گرووپەکە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش فرەیی و هەمەرەنگن، لە گرووپی دووانەدا دوو جۆر پەیوەندی هەن، کەچی لە سێینە شەش جۆرولەچوارینە دوازدەجۆرو ئابەم شێوەیە، دەکرێ نهێنییەکان لە گرووپی دووانە بپارێزرێن، لێ لە گرووپەکانی دیکە ئەمە ئەستەمە.

### پێوەندیپێکردنی کەسێتی بە هاریکاری تەکنیك

### (14)(Machine-Assisted Interoersonal Communication)

جۆرە پێوەندیپێکردنێکە هەندە سیمای پێوەندیپێکردنی کەسێتی و پێوەندیپێکردنی جەماوەری بەیەکەوە هەڵگرتووە، ئینتەرنێت و تۆڕی جیهانی عنقودی رۆڵیان هەیە لە سڕینەوەی جیاوازییەکانی نێوان ئەو دوو جۆرە پێوەندیپێکردنە.

خەسڵەتێکی ئەو جۆرە پێوەندیپێکردنە بریتیە لەوەی پرۆسەی پێوەندیکردن لە نێوان دوو کەسی دوور لەیەك لەرووی کات و شوێن، مەیسەر دەکات بە بەکارهێنانی تەکنیك وەك: تەلەفۆن و پۆستی ئەلیکترۆنی و(چات رووم)وئیدیکە.

## پێوەندیپێکردنی ئۆرگانیزەیی(Communication Organizational)

ئەو پێوەندیپێکردنەیە، کە لە نێو رێکخراوەکە(ئۆرگان)وەك دەزگەی بازرکانی و پەروەردەیی بەئەنجام دەگات، ئەو جۆرە گرێدراوە بە گەشەکردنی کۆمەڵگەوپەیدابوونی پیشەسازی و کۆمپانیاکان، ماکس ڤێبەر ئەمەی بە مەرج داناوە بۆ نوێکردنەوەی کۆمەڵگە، چوون دەسەڵات لە تاکەوە بۆ نووسینگە(ئۆفیس)دەگوێزرێتەوە.

وشەی بیرۆکراسی(bureaucray)(15) واتە دەسەڵاتی نووسینگە(مەکتەب)و ئەو جۆرە پێوەندیپێکردنە چەن خەسڵەتێکی هەیە هەرەگرنگەکەیان:

1-سیستمی پلیکانەی هەرەمی پێرەودەکات، هەر پلەیەکی وەزیفی لەبن راسپاردەی پلەیەکی بەرزتر لە خۆی دایە.

2- موڵکایەتی دەزگەکەوئیدارەکەی دوو شتی لێکجیان، ئیدارە تاکەکان بۆ ئیدارەیەکی هاوچەرخانە رادەسپێرێ ئەوانەی پیشەولێهاتووییان هەیە، بەڵام موڵکایەتیەکە بۆ خاوەن مایەو سەرمایەدارەکان دەگەرێتەوە.

3- دەسەڵاتی ئیدارە لە دەسەڵاتی نووسینگەکەدایە لە رووی دابەشکردن و سەپاندنی ئەرك و رۆڵەکان نەك تاکەکەس، کە نووسینگەکەی لە بن دەستە، جا لێهاتوویی و لێزانی ئەو تاکەکەسە هەرچیەك بێت.

4- پێوەندیپێکردنی باو بریتیە لە پێوەندیکردنی نووسراو، ئینجا زۆربەی ئەو چالاکیانەی دەزگەکە لە مەحزەردا دەنووسرێنەوە لەکاتی پێویست دێنە بەردەست ودیدە، لێ پێوەندیکردنی زارەکی زۆر جێی باوەڕومتمانە نییە.

## پێوەندیپێکردنی جەماوەری(Mass Communication)

جۆرە پێوەندیکردنێکە، کە ئامرازە جەماوەرییەکانی پێوەندیکردن تیایە بەربلاّوە وەك: رۆژنامەوگۆڤارو ئێزگەوتەلەفزیۆن، هەروەها ئەو جۆرە رووەو جەماوەرێکی بەربڵاوی هەمەچەشنەورەنگە، ئاراستەی پێوەندیکردنەکەش یەکلایەنەیەو کەمەك (وەڵامدانەوە)ی تیا بەدی دەکرێ، ئەو جۆرە کۆمەنیوکەیشنە پەیوەستە بە کۆمەڵگەی پیشەسازی یا پەرەسەندوو،

**که لەگەڵ گۆڕانی رۆژنامە بۆ قۆناغی جەماوەری لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەهەم قووت بوویەوە.**

### پێوەندیپێکردنی کارلێککەریی-تەفاعولی(Communication Interactive)

**جۆرێکە لەپێوەندیپێکردن پشت دەبەستێ بە کۆمپیوتەرو بانکی زانیاری و تۆڕە ئەلیکترۆنییەکان وەك ئینتەرنێت، بۆیەش واناونراوە چونکە رێخۆشکەرە بۆ تەواسولێکی بەردەوام راستەوخۆوهەنووکەیی لە نێوان تاکەکەسەکان جگە لە توانستی کارلێککردن لەگەڵ ئامرازە جیاجیاکانی راگەیاندن، ئەو جۆرە پێوەندیپێکردنە لە کۆمەڵگەی زانیارییەکان(information society) یا کۆمەڵگەی خزمەتگوزاریی یا کۆمەڵگەی پۆست مۆدێرنیزم(post-modern society)زۆر بەدیدەکرێ.**

### وەزیفەکانی ئامرازەکانی میدیا

**هارۆلد سویل(Harold Lasswell)(16)چەند ئەکرێکی ئامرازەکانی راگەیاندنی دیاری کردووە:**

**1-چاودێریکردنی دەورروبەر: واتە پێشکەشکردنی زانیاری نوێ، کە تاکەکەس بتوانێ هۆشی بە رووداوەکان بشکێ چ لە ناوخۆ یا دەرەوە ئەمەش وادەکات هەڵسوکەوتی لەگەڵ ئەو رووداوانە بسازێنێ، جا بەبێ ئەو مەعریفە نوێکراوەیە تاکەکەس وەك رێبوارێکە لە شارێکی نوێ بەبێ نەخشە.**

**2- لێکبەستنەوەی بەش و دامودەزگەکانی کۆمەڵگە بەیەکەوە.**

**3- گواستنەوەی میراتی کۆمەڵایەتی لە نەوەیەکەوە بۆیەکێکی دیکە.**

**4- فرۆشتن: لەرێگەی ریکلام بۆ کەلوپەل وخزمەتگوزاری، کە بەسەرچاوەی داهاتی دەزگە ئیعلامیەکە دادەنرێ لە کۆمەڵگەی هاوچەرخی لیبرالی.**

**5-تەرفیە:واتە پڕکردنەوەی کاتی بێکاری ئادەمیزادی هاوچەرخ بە شتی ناجیددی کاتێك تاك پاش بێزاربوونی لەکارکردن دەحەسێتەوە.**

**جگەلەمانە ئەوەی پەیوەستە بە رۆڵی ئامرازەکان لە کۆمەڵگە تازەپێگەیشتووەکان وەك بەشداریکردن لە پرۆسەی پەرەپێدانی نیشتیمانی و بڵاوکردنەوەی فێرکردن و پیشەولێزانیی هونەری وتەکنیکی و رێکخستنی هەڵمەتەکانی هۆشیارکردنەوە.**

## تیۆرە سەرەکییەکانی رۆژنامەوانیی(17)

### سولتەوییەت(Authoritarian)

دێرینترین تیۆرەو لەسەدەکانی پانزەوشازدە لە ئۆروپا باڵی کێشا، ئەو تیۆرە کاریگەر بوو بە هەندە پرەنسیپ وبنەما فەلسەفییەکانی ئەفلاتون ومیکیاڤیللی(18)کە ئاماژە دەدات بەوەی: تاکەکەسی(ئاسایی)ئەو مەرجانەی نییە بتوانێ لە ئاڵۆزیی و کاروبارەکانی حوکمڕانی بگات، بۆیە پێویست بە رۆڵی ئەو ناکات لە بەشداریکردن لە ژیانی سیاسیدا تەنانەت نەویستراویشە، ئەفلاتون پێی وایە فەیلەسوفەکان چینی شایستەن بۆ حوکمگێڕان، بەڵام میکیاڤیللی پێی وایە دەکرێ کەسی حوکمڕان(حاکم) پرس بە رای رەعیەت بکات سەبارەت بەوەی خزمەت بە بەرژەوەندی حوکمڕانی دەکات، لێ ئەو رایە هێندە گرنگ نییە، گرنگیەکەی تەنیا بۆ دەسەتەبەرکردنیەتی بۆ چەند مەرامێکی دیاریکراو.

ئەو بۆچوونە لەگەڵ بیرۆکەی حاکمیەتی ئیلاهی گونجاوە، کە لەو سەردەمەدا ئۆروپای داگرتبوو، کە پێی وایە شا نوێنەری ویستی خودایە لەسەر زەویداو پلەوپایەی ئەو مایەی هیچ مشتومڕێك نییە.

تیۆری سولتەوییەت لەسەر پرەنسیپی سانسۆری پێشوەختە(prior restraint)هەڵنراوە، واتە ئەوەی دەنووسرێ دەبێ رەزامەندی دەسەڵاتی حاکمی لەسەر بێ پێش بڵاوبوونەوەی، **جا لێرەدا چەند میکانیزم هەن بۆ پیادەکردنی ئەو پرەنسیپە زۆر بەباشی: زەبتکردن و جڵەوگرتنی مۆڵەتدانی رۆژنامە، دەستنیشان کردنی کەسانی زێدە گوێڕایەڵ بۆ سەرپەرشتیکردنی ئەو دامودەزگایانە، کۆمەکیکردنی دارایی،..تد، هەروەها سزادانی ئەوانی ئەو پرەنسیپانە دەبەزێنن: غەرامەکردن، راگرتنی بڵاوکراوەکەودەرنەچوونی، بەندکردن،..تد.**

### لیبرالیزم(Libertarian)

ئەو تیۆرە لەسەر کەلاوەکەی تیۆری پێشوو هاتەکایەوە، لەژێر کاریگەری بیروباوەڕی فەیلەسووفەکانی سەردەمی رۆشنگەری دا پەیدابوو وەك: لۆك، هیۆم، میل، ئەوانە دووبارە چاویان خستەسەر سروشتی ئادەمیزادو پلەوپایەی لە کۆمەڵگەدا، پێیان وابوو هەر تاکەکەسێك لە – خودی خۆ – وەدەتوانێت بگات بە هەقیقەت مادامەکینێ ئەقڵ ئەو هۆیە سەرەکییەیە لە گەیشتن بەو هەقیقەتانە.

میل(Mill Stewart John) روونی کردۆتەوە پێویستە بیروباوەڕ لە بازاڕێکی ئازاددا کێبڕکێ بکەن و نابێت بەری هیچ بیرۆکەیەك بگیرێت هەرچەندە هەڵەش بێت، بیرۆکەی راست هەر بیرۆکەیەکی هەڵە وەلادەنێت، هەروەها بەڵگەشە لەسەر راستودروستی بیرۆکە راستەکە.

ئەو تیۆرە لە بیرۆکەی ئازادی(liberty)سەرچاوەی گرتووە بەمانا رۆژنامە ئازاد بێت لەهەر کۆتێك نەخاسمە کۆتەکانی دەسەڵات، رۆژنامە بەپێی ئەو تیۆرە دامودەزگەی بازرگانین بۆ قازانج و خزمەتکردنی بەکاربەر هەوڵ دەدەن.

رۆژنامە دەزگەگەلی ئازادن، دەکارێ دەسەڵاتە جیاجیاکانی کۆمەڵگە بەیەکەوە گرێبدات وەك: دەسەڵاتی جێبەجێکردن و یاسادانان(کە رای گشتی دەنوێنێ) و قەزایی، جا بەو پێیەوپۆلین کردنە رۆژنامە دەسەڵاتی چوارەم دەنوێنێ.

## شیوعیەت یا مارکسیزم(Marxist communist)

ئەو تیۆرە لە یەکێتی سۆڤیەت و ئۆروپای خۆرهەڵات سەریهەڵدا پاش جەنگی یەکەمی جیهان و پشتی بە ئایدیۆلۆجیای مارکسی بەستبوو، کە پێی وایە ئامرازەکانی راگەیاندن ئامرازگەلی پرۆپاگەندەین لە خزمەت سیاسەتی حزبی حوکمڕان و ئامانجە نێوخۆیی ودەرەکییەکانی، ئەو تیۆرە لەگەڵ داڕمانی بلۆکی خۆرهەڵات لە هەشتاکانی سەدەی بیستەم، ئەویش ئەو تینو گوڕەی جارانی نەماو...کاڵبۆوە.

## بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی(responsibility social)

ئەو تیۆرە لە پەنجاکان لە ئەمریکادا پەیدابوو، مەبەست لێی رەتدانی ئەو دەردەسەری وسەرئێشەیە بوو، کە ئەزموونی لیبرالیزم نایەوە لەوانەش سێنترالیزەبوونی ئامرازەکانی راگەیاندن لەبن دەستی کۆمپانیا سنووردارەکان و سەپاندنی مۆرکی بازرگانی بەسەر ئەو ئامرازانە.

ئەو تیۆرە پەیوەست بوو بە لیژنەی( Freedom on Commission Hutchins The press the of) کە چەندین راگەیاندنکاری ئەزموونداروئەکادیمی و نوێنەرانی دامودەزگە جێبەجێکارانی ئەمریکای بەخۆوە گرتبوو.

بەپێی ئەو تیۆرە پێویستە ئامرازەکانی میدیا رۆحی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتییان هەبێ لە کاروئەدایاندا مادامەکینێ ئەوان پەیامەکە ئاراستەی جەماوەرێکی بەربڵاو دەکەن، واتە کۆمەڵگە، هەروەها دەبێت ئامرازەکانی راگەیاندن:

1-ڕووداوەکان بە شێوەیەکی (تەواووتێروپڕوراستەقینە) بخەنەڕوو بەجۆرێك جەماوەر درکی پێبکا لە میانەی چوارچیوەکەی خۆی، ئەمەش لە سایەی میدیای (مەوزوعی)وپەرەگرتنی ڕۆژنامەوانی لە سەردەمی لیبرالیی سنووردار بوو.

2-ببنە مینبەرێك بۆ ئاڵوویری راوبۆچوون و رەخنەگرتن، واتە بەشداریکردنێکی زۆرتری رای گشتی لە گوزارشکردن لە کێشەوپرسەکانی لە ئامرازەکانی راگەیاندن.

3-هەواڵ و هەڵوێست و ئاراستەکانی توێژە کۆمەڵایەتییەکان رووماڵ بکات، نەك توێژە هەرە دەسەڵأتدارەکانی کۆمەڵگە.

4-پێشەنگ بێت لە ئاراستەکردنی رای گشتی و روونکردنەوەی خواست وویست وئامانجەکانی کۆمەڵگە.

5-بتوانێ بگات بە سەرچاوە جیاجیاکانی زانیاری بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگە.

## خزمەتگوزاری گشتی(service puplic)

ئەو تیۆرە لە ئۆرووپا سەریهەڵدا، پێی وایە: ئامرازەکانی میدیا لە کایەی گشتی( sphere puplic)دا نەك تایبەتی(private puplic)کاردەکەن، بەمەش لایەنە جیاجیاکانی کۆمەڵگە رۆڵیان هەیە لەو ئامرازانە جا چ لەرووی کارتێکردن بێت لەسەر ناوەرۆکی ئەو ئامرازانە یا هەڵسووڕاندنیان.

بی بی سی(BBC) نموونەی خزمەتگوزاری گشتییە، چوون سێ لایەن وەکویەك بەشدارن لە هەڵسووڕاندنی: دەوڵەت، نوێنەرانی کەرتی بازرگانی، نوێنەرانی جەماوەری بەکاربەر، بیسەران و بینەرانیش بەشداری دەکەن لە بڕی پشکداربوون، کە لە شێوەی پرۆگرامە چۆنیەتییەکان رەنگدەداتەوە.

## پەرەپێدانکاریی(developmental)

ئەو تیۆرە لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو پەیدابوو، ئەوانەی لە پەنجاکانی سەدەی بیستەم سەربەخۆییان وەرگرت، چەندین تۆژەر وەك: لیرنەر(20) و رۆجەرزوشرام و ئیدیکە، رۆڵیان هەبوو لە روونکردنەوەی لایەنەکانی ئەو تیۆرە، ئەو تیۆرە پێی وایە هەرە گرنگترین ئەرکەکانی ئامرازەکانی میدیا لە وڵاتانی تازەپێگەیشتووی بێبەش لە بونیاتی ئابووری و پیشەسازی بریتیە لە پەرەپێدانی نیشتیمانی و بەدیهێنانی هاوبەندیی کۆمەڵایەتی وبڵاوکردنەوەی لێهاتوویی.

ڕێکخراوی یۆنسکۆ لە سەرەتای شەستەکاندا گرنگی بەو بابەتە داوەو کۆمەڵە تۆژەرێکی بە سەرۆکایەتی ولبەر شرام راسپاردووە بۆ دیراسەکردنی و دوایی دەرەنجامەکان دەرکەوتن لە دانراوێکدا، کە وەرگێڕدراوەتە سەر چەندین زمان بەناونیشانی: ئامرازەکانی میدیاوپەرەپێدانی نیشتیمانی.

## تیۆرەکانی میدیاوپێوەندیپێکردن

مەبەست لە تیۆرەکانی راگەیاندن وپەیوەندیکردن ئەو تیۆرانەیە، کە پەیوەندی ئامرازەکانی راگەیاندن بە دیاردەیەك لە دیاردەکانی(راگەیاندن)تاوتو دەکات یا پەیوەندی تاکەکانی کۆمەڵگە بە یەکتری(پێوەندیپێکردن)بە گشتی ئەو تیۆرانە بۆ چەند تیۆرێك وەك مۆدێل پۆلین دەکرێن هەروەك دانس ماکویل(21)باسی کردووە، هەروەها تیۆرەکانی کارتێکردن، کە ئەسڵی تیۆرەکانی راگەیاندنە.

## تیۆرەکانی پێوەندیپێکردن وەك مۆدێل

### مۆدێلی لاسویل

ئەو مۆدێلە لە گوتە ناودارەکەی لاسویلدا بەرجەستەیە لەوەی دیاردەی پێوەندیکردن لەوەدایە(کێ، چی دەڵێ، بۆ کێ، بە کام ئامرازو چ کارتێکردنێك– who (says) what (to) whom(in)What channel (with)what effect) (کێ)ئاماژە بە نێرەر دەدات(چی دەڵێ)ناوەڕۆکەکەیتی(بۆ کێ)بۆ جەماوەرە(بە کام ئامراز)هۆوئامرازەکەیەتی(چ کارتێکردنێك)ئاماژەیە بەو کارتێکردنەی نامەکە هەیەتی بەسەر جەماوەردا.(22)

### مۆدێلی شانۆن و ویڤەر

ئەو مۆدێلە تیشك دەخاتە سەر گرنگی کەناڵەکە(گۆڕەر)لە پێوەندیکردندا ئەو مۆدێلە بە تیۆری ماتماتیکیش ناودەبرێ: نێرەر – نامە – گۆڕەر – هێما – نامە – وەرگر، هەردوو ئەندازیار شانۆن وویڤەر(23) پێیان وایە لە دوو هەرەگرنگترین رەگەزەکانی پێوەندیکردن ئەمانەن:چۆنیەتی زێدەکردنی بڕی ئەو زانیاریانەی کەناڵەکە لە هەگبەیدایەو رێگەکانی کەمکردنەوەی ئەو تەشویشەی، کە ئادەتی دێتە نێو پرۆسەی پێوەندیکردنەوە.(24)

تەکنەلۆجیای پێوەندیکردن بەپێ و بە هۆی ئەو دوو خاڵەوە پەرەی سەند: بەمەش ئامرازی کۆمپیوتەر وای لێهات بەرفراوانترو زیاتر زانیاری وداتاودکیۆمەنتەکان بگرێتەخۆ هەروەها

تەلەفزیۆنی کێبڵدار(TV cable)و ئێزگەی (ئێف–ئێم/radio FM) تارادەیەکی زۆر تەشویشی سەر پەخشی ئێزگەوتەلەفزیۆنیان کەمکردۆتەوە.

## مۆدێلی شرام

ئەو مۆدێلە لەسەر پەیوەندی – تەئویل و تەفسیر –ی نێوان نێرەروووەرگر هەڵنراوە، پێوەندیکردن هێمای رەمزداv(encoding) ی تیایە، کە نێرەر بەکاری دێنیٚ لە گواستنەوەی پەیامەکە، ئینجا پەیامەکە پەیوەستە بەو کۆنتێکستەی ئادەتی جڵەوی نێرەری بەدەستە، واتە (code)وەرگریش، ئینجا کردنەوەی رەمزەکان و تەفسیرکردن(decoding) کە کاری وەرگرە بەرلەوەی ئەو وەرگرە ببێتەوە بە نێرەرو دووبارە بازنەکە تەوا بکات، ئیدی بەو جۆرە وەرگر رەمزەکان دەکاتەوەونێرەریش رەمڤداریان دەکاتەوەو..تد.(25)

## مۆدێلی هاوسەنگیی

ئەو مۆدێلە بۆ هایدەر(Heider) دەگەڕێتەوە، کە پێی وایە(هەر ئادەمیزادێك خاوەن پێویستیەکی بەهێزی رۆحییە بۆ هاوسەنگیی)تاکەکەسەکان حەزیان لێیە ئاییزاوبیروبەهاوهەستونەستیان لەگەڵ یەکدا بسازیٚ و بەیەکەوە گونجاو بن، کاتێکیش ئەو هاوسەنگییە لەنگ دەبێن ئەوە هەوڵی راستکردنەوەی دەدەن.(26)

## مۆدێلی لێکدوورکەوتنەوەی مەعریفی(dissonance cognitive)

ئەو مۆدێلە بۆ لیۆن فیستنجەر(Leon Festinger) دەگەڕێتەوە، کە پێی وایە نەگونجان ونەسازان و نەشیاندن و کۆسپکاری لە پێوەندیکردن وادەکەن تاکەکەسەکان بە چالاکی زیهنی وهزری سەرقاڵ بن بۆ کەمکردنەوەی دیاردەی لێکدوورکەوتنەوە.(27)

بە گشتی پەیوەندی ئامرازەکانی راگەیاندن بە تاکەکانی کۆمەڵگە بە پێی چەند میکانیزمێکەوەن، کە تۆژەران دابەشیان کردووە بۆ:

1 -تەعەروزی هەڵبژاردەیی(exposure selective) واتە تاکەکەس ئەو ئامرازو ناوەڕۆکانە هەڵدەبژێرێت، کە لەگەڵ بیروباوەڕوحەزوئارەزووەکانی دەگونجێن و جگەلەمانە وەلا دەنێت.

2–درککردنی هەڵبژاردەیی(perception selective)واتە تاکەکەس لە مامڵەکردنی لەگەڵ ئامرازەکانی راگەیاندن و ناوەڕۆکی تەنیا هەندە لایەن دەستنیشان دەکات نەك گشتی، دەبینی کەسێك بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە(دەور)ی تەلەفزیۆن دادەنیشیٚ، لیٚ تەنیا بۆ چەند ساتێك سەرنج دەداتە ئەو ئامرازە.

3-بیرئانیناهەڵبژاردەیی(retention selective ) واتە تاکەکەس تەنیا بەشێکی دیاریکراوی ئەو ناوەڕۆکەی دێتەوەبیر، کە سەرنجی داوەتێ(28) ئەو میکانیزمانەش لە کاریگەرێتی ئامرازەکانی میدیابەسەر تاکەکەسەکان کەم دەکاتەوە.

## تیۆرەکانی پێوەندیپێکردن وەك کارتێکردن

### تیۆری کارتێکردنی بەهێز

ئەو تیۆرە لە بیستەکانی سەدەی بیستەم پەیدابوو لەگەڵ پەیدابوونی ئێزگەوبڵاوبوونەوەی هۆڵەکانی سینەماو گەشەکردنی کۆمەڵگەی(دروستکراو) کە ناوی کۆمەڵگەی جەماوەری(socity mass)لێنرا، هەروەها ئەو تیۆرە بە تیۆری گوللە یا دەرزی ئاژن-یش ناودەبرێ، بە پێی ئەو تیۆرە ئامرازەکانی راگەیاندن کاریگەریەکی بەهێزوهەنووکەیی وراستەوخۆیان هەیە، بەو پێیە لە بیستەکان سەرنجەدرا خەڵکی گرنگیان دەدا بە ئێزگەوفیلمی سینەماکان، ئەوسا بەرنامەی(ولسن) ترسێکی زۆری(29) لە نێو خەڵك و دانیشتوانی نیۆیۆرك خستەوە، هەروەها بەهۆی رووتێکردنی گشت چین وتوێژە کۆمەڵایەتییەکان هۆڵەکانی سینەما جمەیان دەهات، بەمەش چەمکی کۆمەڵگەی جەماوەری پەیدابوو، کە بە مانای تاکە گۆشەگیرەکانە لە یەکتری و ئەوانەی هاوبەندی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریان لاوازوخاوە، جا بەو پێیە تاکەکەس بەتەنیا لەبەردەم ئامرازەکانی راگەیاندن وەستاوە، بەمەش کاریگەریەکی بەهێزی لەسەرە.

### تیۆری لێشاوی راگەیاندن لە دوو قۆناغدا

### (two-step flow of information theory)

ئەو تیۆرە لە پەنجاکان پەیدابوو زادەی چەند لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی بوو بەناوی(لێکۆڵینەوەکانی گرووپەبچووك و ناوەندەکان) کە کاتزولارسن ومیرتن ولازرسفید تیا بەشداربوون.

ئەو تیۆرە پێی وایە پێوەندیکردن یەکەمجار لە هۆیەکانی راگەیاندنەوە بۆ سەرکردەکانی را هەنگاودەاوێ(ئەوانیش تاکە چالاکوانەکانن، هەروەها ئەوانەی زۆر بە بڵاوی لە کۆمەڵگەدا هەن)ئینجا لە سەرکردەکانی را-وە بۆ تاکەکانی تری کۆمەڵگە، بەمەش کاریگەری هۆیەکانی راگەیاندن بەسەر کۆمەڵگە سنووردارە بەهۆی تەدەخولی ئەو تۆڕەکۆمەڵایەتییە لە نێو ئامرازەکانی راگەیاندن و کۆمەڵگە بەرفراوانەکە.

## تیۆری پاسەوانی دەروازە(theory gatekeeper)

ئەو چەمکە بۆ کۆرت لوین دەگەڕێتەوە، زۆریش بەکارهات لە بواری لێکۆڵینەوە لە پێگەی پەیامنێر(رۆژنامەوان)لە کۆمەڵگەی هاوچەرخدا، ئەو تیۆرە پێی وایە ئەو کەسەی پەیامەکە دەنێرێ(بۆ نموونە رۆژنامەوان)ئەو زانیاریانەی دەیگاتێ لە بێژنگیان دەدات و تەنیا هەندێکیان بۆ جەماوەر دەگوێزرێنەوە وئەوانیدیکەش شونبزر دەبن، ئەو پرۆسەیەش مایەی مشتومڕە کاتێك پێوەرە بەکارهاتووەکان سنووردار دەکرێن لەرووی بڵاوکردنەوە یا بڵاونەکردنەوەو کاریگەری ئەمە بەسەر مافی هاووڵاتی لە زانین و ئاگەداربوون بەبێ راسپاردەی ئەو یا ئەم لایەنە، بەگشتی ئامرازەکانی راگەیاندن دەروازەی زانینی رووداوەکانن، گەرچی ئەو زانیاریانە بەپێی ئەو تیۆرە جاروبار کەمیش بن یا شێواو.

## تیۆری تێرکاریی وبەکارهێنان(theory gratification and uses)

ئەو تیۆرە پێی وایە نهێنی پەیوەست بوونی بەردەوامی جەماوەر بە هۆیەکانی راگەیاندن ئەو (تێربوون)انەیە، کە ئەو هۆیانە بەدیدێنن لە نێوەندە جەماوەرییەکەدا، ئەو تیۆرە لە بەراییدا پشتی بەست بە رووداوی ونبوونی رۆژنامەیەکی رۆژانە لە شاری نیویۆرك بەهۆی مانگرتنێك بۆ ماوەی چەند هەفتەیەك، چوون توژەران سەرنجیان دا زۆربەی خوێنەرانی ئەو رۆژنامەیە لەو ماوەیەدا ژیانیان لێ تێکچووەوشڵەژاوونیگەرانن، هەروەها هەبوو لەدەوروبەرەکەی ون ببوو، نەیدەزانی چی لە دەوری روودەدات، ئیدیکەش هەبوو لە بورای کارکردن سەری لێشێوابوو.

توژەران هۆی ئەو دیاردانەیان بۆ غیابی پرۆسەی(تێرکاریی) مەعریفی و شتی دیکە گەڕاندەوە، کە رۆژنامەکە بۆ خوێنەرانی دابین دەکرد، ئەو تیۆرە پرسیارە باوەکەی نێو تیۆرەکانی پێشتر گۆڕی واتە(هۆیەکانی راگەیاندن چی بە جەماوەر دەکەن؟)بۆ پرسیارێکی دیکە(جەماوەر چی بە هۆیەکانی راگەیاندن دەکات؟)(30)ئەو تیۆرە پێی وایە هۆیەکانی راگەیاندن گشت ئەو (تێرکاری)انەوبەکارهێنانانە دەخاتەوە:

1-تێرکارییە مەعریفییەکان وەك پێویستی بۆ هەواڵ و شتی دیکە.

2- تێرکارییە عاتیفییەکان، ئەوەی پەیوەستە بە هەستونەستەکان وەك ئەوەی تاکەکەس لە بینینی زنجیرە دراماکان و فیلمەکاندا دەیبینێ، چوون بینەر سۆزدارانە بە پاڵەوانی بەرنامەکان دەبسترێتەوە.

3- تێرکاریی بەدیهێنانی خود، واتە هەستکردنی تاکەکەس بە پلەوپایەی بە ۆهی پەیوەستی ئەو بە ئەو یا ئەم ئامرازە.

4 -تێركارییه كۆمەڵایەتییەكان، واته گرێدانی پەیوەندییه رەمزییەكان لەگەڵ ئەوانیدیکه بەمەش هەستکردن به ئینتیما بۆ گرووپ دەستەبەر دەكات.

5 -تێركاریی له رووی (تەرفیهیەوه) بۆ زاخاوی مێشك و بواریٚ بۆ هەناسەكێشانێك لەو كاروسەرقاڵیەی ژیانی رۆژانەدا خۆی له بەرنامەوپرۆگرامه سووك و سادەونەرمونیانەكان دەبینێتەوه.

## تیۆری داڕژتنی كارنامه(theory setting agenda)

به پێی ئەو تیۆره هۆیەكانی راگەیاندن به جۆرێك كاردەكەنه سەر جەماوەر له سۆنگەی سەرنجراكێشانی بۆ ئەو بابەتانەی ئەو هۆیانه پێیان وایه گرنگن، ئەو كاریگەریەی به كاریگەری بەڕێوەبەری دانیشتنێكی فەرمی دەچێت له كۆمپانیایەك، چوون ئەو خاڵانەی كۆبوونەوەكه دەستنیشان دەكات، ئینجا وادەكات ئامادەبووان سەرنج لەو خاڵانه بدەن.

بەڵام ئەوەی خەڵك پێی وایه گوایه شتێك، كارێك، هۆیەكانی راگەیاندن بابەتیٚ دەووروژێنن ئەمه هەر هێنده به هۆیەكانی راگەیاندن كاریگەر دەبیٚ، بەقەد كاریگەربوونی به چەند فاكتەرێكی دەرەكی.

بەگشتی ئەو تیۆره پێی وایه، هۆیەكانی راگەیاندن زۆر سەركەوتووه لەوەی وابكەن تاكەكەسەكان بیر له بابەته سەرنجڕاكێشەكان بكەنەوه، بەڵام لەوەدا سەركەوتوو نین له كارتێكردن لەوەی ئەوانه لەو بابەتانه هزری دەكەن و پێیان وایه وروووژێنەرن، تیۆرەكه زۆر له لێكۆڵینەوه له كارتێكردنه سیاسیەكان بەكاردێت، ئەو تیۆره له هەشتاكان له سەروبەندی قەیرانی بارمته ئەمریكییەكان له ئێران بەشۆرەت بوو، كاتێك مشتومڕ گەرم بوو لەسەر ئەوەی داخوا چ لایەنێك دواجار كاری كرده سەر دەرەنجامەكانی هەڵبژاردنەكانی ئەوسای سەرۆكایەتی له ئەمریكادا.

هۆیەكانی راگەیاندن بوو وایكرد قەیرانی ئێران ببێته بابەتێكی سەرەكی لەگەڵ نزیكبوونەوەی هەڵبژاردنەكان ئەمەش وایكرد دەنگدەران چاوبدەنه ئەو بابەته له دواقۆناغی هەڵمەتی هەڵبژاردن.

## تیۆری چوارچیوه(theory frame)

كۆفمان یەكەمین كەس بوو، كه پەرەی به تیۆره داو سەر به قوتابخانەی (تەفاعولی رەمزی)یه، له بنەماكانی ئەو تیۆره: تاكەكەس به گوێرەی ئەزموونی كەسێتی خۆی(چوارچیوەكەی)جیهانی دەوروبەری لێكدەداتەوەن له رووی راگەیاندنیشەوه كاریگەرێتی زیاتره لەسەر ئاستی چوارچیوەكه(frame peripheral) بەبەراورد لەگەڵ چوارچیوەی بنەڕەت(frame core)كه هەڵوێسته سەخت و نەریته رەگداكوتاوەكان خەزن دەكات.

## تیۆری درزی مەعریفی(tyeory gap knowledge)

ئەو تیۆرە پێی وایە هۆیەکانی راگەیاندن زیاتر سوود بە توێژە هەرە نایاب و رۆشنبیریی دەگەیەنیٚ، بەمەش بۆ ماوەیەکی زۆر ئەو ئامرازانە درزە مەعریفییەکەی نێوان ئەو توێژانە بەرینتر دەکەن.

ئەو تیۆرە پێی وایە هۆیەکانی راگەیاندن بۆ هەمووان سوودبەخشە بەپێی ئاستێکی دیاریکراو لە مەعریفەورۆشنبیریی، لیٚ رادەی سوودوەرگرتنەکە جیایە بەپێی ئاستی ماددی و مەعریفی توێژەکان، ئەمەش بۆ چەند فاکتەرێك دەگەڕێتەوە لەوانە ئەوانەی زێدە رۆشنبیرن زیاتر لە کرۆکی هۆیەکانی راگەیاندن تێدەگەن، جگە لە چۆنیەتی دیاریکردنی ئامرازەکان و پرۆگرامەکە رۆڵی هەیە لەو پرۆسەیە، هەروەها توێژە زێدە جیاودیارەکان نزیکترن لە سەرکردەکانی را و دەستەبژێرە رۆشنبیرەکە، ئەمەش دەوری هەیە لە جۆشدانی هزروبیریان، بە هەمان شێوە سەبارەت بە ئاستی پەیوەندییەکانی دەولیش، چوون ئەو ئامرازانە درزە مەعریفیەکە فراوانتر دەکەن لەنێوان وڵاتانی باکوورو وڵاتانی باشوور.

## تیۆری بێدەنگیی(theory silence of spiral)

بە گوێرەی ئەو تیۆرە: تاکەکانی کۆمەڵگە زۆرجار ئەوەی هۆیەکانی راگەیاندن دەیخەنەڕوو هاوزەمان پەیرەوی دەکەن و پێیان وایە تەنیا ئەمە هەقیقەتە، تاکەکانی نێو ئەو جەماوەرە مەیلیان بۆ رای زۆرینەیە تەنانەت گەر لە ناخ و ناوەوەیاندا ناکۆك بن لەگەڵیاندا ئەمەش لە ترسی زۆرینەیەوخۆبەدوور گرتنە لە ململانە لەگەڵ زۆرینە.

زۆرجار رۆڵی هۆیەکانی راگەیاندن پاڵپشتکردنی رای زۆرینەیە، ئینجا ئەوانیدیکەی کەمینەی ناکۆك لەگەڵ زۆرینە – گەرچیش بۆ ماوەیەکی کەم – بێدەنگ دەبن، رای کەمینەش ئەو کاتە قووت دەبێتەوە کاتێك هەلومەرجەکە گۆڕاورای کەمینە بوو بە را–ی باو لە گشت بوارەکاندا لەوانەش لە هۆیەکانی راگەیاندن.

## تیۆری حەتمیەتی تەکنیکی راگەیاندن(determinism media)

ئەو تیۆرە بۆ پشکدارییەکانی ماکلۆهان دەگەڕێتەوە، چوون پێی وایە تەکنەلۆجیای پێوەندیکردن بنەمای لێکدانەوەی گۆڕانکارییە مێژووییەکانە لە کۆمەڵگادا، ماکلۆهان رای وایە، ئامراز–هۆ بریتیە لە پەیام(the message is the medium) تەلەفۆن پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی گۆڕی، کە لێکدوورکەوتنەوە وێرای کرۆکی ئاخاوتن و قسەکردنی ئاخێوەران بۆ نموونە، ماکلۆهان هۆیەکانی راگەیاندنی دابەش کردووە بۆ: سارد وەك تەلەفزیۆن، گەرم وەك رۆژنامە، تاك زیاتر لە

هەستێك(حاسە) بەکاردێنێ لە مامڵەکردنی لەگەڵ تەلەفزیۆن کەچی لە خوێندنەوەی ڕۆژنامەدا تەنیا بینین بەکار دێنێ، ماکلۆهان ئاماژە دەدات بەوەی ئامرازەکانی بیسراووبینراو درێژەپێدەری ئادەمیزادن، ئێزگە دەنگی ئادەمیزادی درێژکردەوە بۆ مەودا دوورەکان و تەلەفزیۆنیش بینینی وا لێکرد زێتر لەوە دەسەڵاتی هەبێ.

## تیۆری حەتمیەتی بەهایی میدیایی

ئەو تیۆرە پێی وایە بەها(ئەسڵەکەیشی موعتەقەدە)بنەمایە لە تێگەیشتنی دیاردەکانی میدیایی(بە پێچەوانەی تیۆری حەتمیەتی تەکنیکی میدیایی) ئەو مانا کولتوورییەکان و ئامرازە مەنهەجییە خۆرئاواییەکان تێکەڵ دەکات بەمەش نوێبوونەوە دێتەئاراوە لە چەمکەکان وەك: ئەندێشەگەریی میدیایی، زەمەنی میدیایی ڕەمزی، شوێنی ڕەمزی، سەرمایەی ڕەمزی، بونیاتی بەهایی زمان،..تد، د.عەبدولرەحمان عزی(31) تۆژەر(نووسەری ئەم نامیلکەیە) دانەری ئەو تیۆرەیە (لەو بارەوە بڕوانە بەشی پێنجەم: چەمکەکانی بەهایی میدیایی) ئەو تیۆرە لە چەند خاڵێکدا لە نەریتی میدیای ئیسلامی جیایە:

1-جیاوازی یەکەم لە مەنهەجیەتە(نەك لە مونتەلیق/دەستپێك)نەریتی میدیای ئیسلامی دەقەکان وەك خۆیان دەڵێتەوە بەبێ پەیرەوکردنی میتۆدێکی دیاریکراو لە خوێندنەوەی دەقەکان یا گرێدانیان بە واقیعی دیاردەیەکی هاوچەرخی میدیایی، ئەمەش فاکتەرێك بوو بۆگەیشتنی ئەو تەرحە بە ڕێگەیەکی(نیمچە بنبەست)پاش تەواوکردنی گێڕانەوەکە(سەرد)ودەقەکانیش خۆیان دووبارە دەکردەوە بەبێ هەنگاوێکی دیاروبەرچاوی مەعریفی.

واتە ئەو تەرحە دەقێکی مەعریفی (ڕۆشن)ی بەرهەم نەهێنا، بگرە لە بەردەم دەروازەی هۆشکردن بە کێشەکە وەستا، کەچی ئەو تیۆرە چەند ئامرازی میتۆدی مەیسەر دەکات، کە زادەی تیۆرە نوێیە کۆمەڵایەتی و پێوەندیکردنە لە خۆرئاوادان ئەو لە ڕێگەی خوێندنەوەی دەقەکان هەوڵی نوێکردنەوە دەدات، هەروەها بەبەستنەوەی بەو واقیعەی دیاردەی میدیایی، کە لەئارادایە لە ناوچەی عەرەبی وئیسلامی.

2-نەریتی میدیای ئیسلامی خەریکە ئەزموونی میدیای خۆرئاوا(ئەکادیمی یا مەیدانی)وەلادەنێت، ئەمەش لە خوێندنەوەی چەندین ئەدەبیاتی ئەو عورفە بەرچاو دەکەوێ، چوون ئەویدیکە زۆر بە زەقی ونە یا بە کزی دەبینرێ، ئەمەش هۆیەکەی تارادەیەك بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە نەوەی یەکەمی نووسەرانی ئەو نەریتە لە کولتووری مەعریفی میدیای خۆرئاوا نزیك نەکەوتوونەتەوە، هەروەها ڕەنگە گرنگیشیان پێنەدابێ، هەروەها ئەمەش فاکتەرێکە لەمەڕ پەسەندنەکردنی ئەو نەریتە لە بواری ئەکادیمیدا لە ناوچەی عەرەبی وئیسلامی کاتێك پرۆگرامی بنەمایی و سەرەتاییان لەو بوارەدا ئاوا

**داڕێژرا لە بنەڕەتەوە لەژێر کاریگەری ئەزموونی خۆرئاوا بوو، کەچی تیۆری حەتمیەتی بەهایی لە میدیادا لەگەڵ مەعریفەی میدیایی خۆرئاوا کارلێك دەکەن بە هەردوو کایەی ئەکادیمی و مەیدانی، هەوڵیش دەدات وەك دەنگێکی دیکە خۆی بخاتەڕوو هاوشانی تیۆرەکانی دیکەورکابەریشیان، واتە ئەو تیۆرە هەوڵدەدات سیفەتی لۆکالی ببەزێنێ و جێگەورێگەیەك بۆ خۆی ببینتەوە لە کولتووری مەعریفی ئەکادیمی باوی ناوچەکەو لە خۆرئاوادا.**

**3-سەبارەت بە خودی ناولێنانەکە، بەکارهێنانە گوتەییە راستەوخۆکە لە وتنی(میدیای ئیسلامی)لەیەکەم چرکەدا ئاماژەدەرە یا ئەوەی لە دەرەوەی نەریتەکەیە یا ئەوەی لەسەر ئەو شێوازە رانەهاتووە لە زمانی باوی ئەکادیمی، کارەکە:**

**أ-گوتارە زیاتر لەوەی زانست بێت.**

**ب-شتێکی تەواو دینی لۆکالییە وەك بڵێی(میدیای مەسیحی)بۆنموونە.**

**ج-کارێکە رەهایەو هیچ بوارێکی بۆ گفتوکۆووتووێژ تیا نەماوە.**

**ئەو تیۆرە زۆر بە چاکی ئەو کێشەیە چارەسەر دەکات، گوزارەی تیۆری حەتمیەتی بەهایی لە میدیادا دەیکاتە بەشێك لە زمانی ئەکادیمی زانستی، لۆکالیش نییە، چوون پێی وایە بەها داینەمۆی گەشەکردنی شارستانیەتە لە هەر کۆمەڵگەیەك، جگەلەوە بەکارهێنانی گوتەیی ناڕاستەوخۆ لە ئاماژەدان بە (بەهایی- القیمیە)دەرفەتێك دەهێڵتەوە بۆ ئەگەری هەڵەیەك، جا ئەوکاتە بۆ تیۆرەکە دەگەڕێتەوە نەك سەرچاوەی تیۆرەکە، لێرەدا دەبینین شێوازەکە چۆنە لای مالیك بن نەبی، کە باس لە مەرجەکانی رابوون دەکات بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ، واتە شتەکە تایبەت نییە بە یەك شارستانیی، گەریش هەڵەیەك روویدا ئەوە بۆ خودی شارستانیی دەگەڕێتەوە نەك بۆ سەرچاوەی بزوێنەر.**

**4-نەریتی(میدیای ئیسلامی)بەهۆی تەنیا تەرکیزکردنە سەر ریوایەت و گێڕانەوەی دەق چ حاڵەتێکی تۆژینەوەی زانستی پراکتیکی شیاو بەدیناکەین، تیۆری حەتمیەتی بەهایی لە میدیادا بەو ئاراستەیە تەکان دەدات بە پشت بەستن بە هۆیەکانی مەنهەجی، کە بۆ هەلومەرجێکی مێژوویی لە خۆرئاوادا گەشەی کرد.**

**5-دواشت، تیۆری حەتمیەتی بەهایی لە میدیادا تیۆرەکانی دیکە لەو بوراەدا هەڵنابوێرێ، بەڵکە جاروبار لەگەڵیانا، گفتوگۆیان لەگەڵ دەکات، جاروباریش ناکۆك لە میانەی ئەو ئاتەدا(ادفع بالتی هی أحسن).**

## قوتابخانەی فرانکفۆرت(School Frankfort)

قوتابخانەیەکی ڕەخنەییە کاریگەری بیری هیگلیی ومارکسیی لەسەر بوو، خۆی لە پەیمانگەی لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکان بینیەوە لە ئەڵمانیا پاش جەنگی یەکەمی جیهان، چەندین کەس لە تۆژەرورەخنەگران لەوانە: هۆرکهایمەروئەدۆرنۆ، ..تد، بە نۆبە سەرۆکایەتی ئەو گرووپەیان گرتەدەست و بەڕێوەیان برد، بە هاتنی هیتلەر بۆ سەر تەختی حوکم زۆربەی ئەندامانی ڤرووپەکە کۆچیان کرد بەرەو ئەمریکاو لەوێش هەمان پەیمانگەیان دانا لە زانکۆی کۆلۆمبیا لە نیۆیۆرك، هابرماس یەکێك بوو لە ئەندامە هاوچەرخەکانی، خودان چەمکی بواری گشتی و تیۆری جیهانی براگماتی لە پێوەندیکردن.(32)

## قوتابخانەی بیرمەنگەهام(School Birmingham)

بە قوتابخانەی دیراساتی ڕۆشنبیری(School Studies Cultural)ش ناودەبرێ، قوتابخانەیەکی ڕەخنەگرانەیەی نوێیەو لە بیرمەنگەهام، ئینگلتەرا دامەزراوە، جەخت دەکاتە سەر پەیوەست بوونی بەرهەمهێنانی ڕۆشنبیریی و میدیایی بە بەرژەوەندییەکانی دەزگە پیشەسازی و ڕۆشنبیرییەکانی وڵاتانی سەرمایەداری خۆرئاوا، ستیوارت هۆل دامەزرێنەری ئەو قوتابخانەیەیە.

## قوتابخانەی شیکاگۆ(School Chicago)

قوتابخانەیەکی کۆمەڵایەتی ئەمریکیە لە سییەکانی سەدەی بیستەم لە زانکۆی شیکاگۆ دامەزرا، جەخت دەکاتە سەر کارلێککردنی هاوسەنگانە لە نێوان تاك و گرووپە بەبەکارهێنانی ڕەمزە زمانەوانییەکان لەبەرهەمهێنانی ڕاستییە هەجۆرەکان، هەروەها بە دیراسەکردنی کارلێککردنی ڕەمزی(teractionism sympolic)ش ناودەبرێ، ناوە پێشەنگەکانی ئەو قوتابخانەیە بریتین لە: مید(جۆرج)کولی(شارل)تۆماس و کۆفمان(ئیرفن)، ..تد.(33)

## قوتابخانەی تۆرنتۆ(School Toronto)

قوتابخانەی تۆرنتۆ(بۆ زانکۆی تۆرنتۆ، کەنەدا دەگەڕێتەوە)جەخت دەکاتە سەر فامکردنی پەیوەندی گرێدراوی نێوان ڕۆشنبیری و تەکنەلۆجیا، لە پێشەنگەکانی(ئینس)دانەری(پێوەندیکردن و ئیمپراتۆریەکان)ماکلۆهانیش خاوەن تیۆری حەتمیی تەکنیکی میدیایی سەر بەو قوتابخانەیەیە.

## سیمیاتیکیی میدیایی(semiotics media)

ڕوانگەیەکی مەعریفی و میتۆدییە(34)جەخت دەکاتە سەر دیراسەکردنی واتا(زمنییەکان)لە ناوەڕۆکی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەپشت بەستن بە پرەنسیپە زمانەوانییەکان و چەمکە ڕەخنەییە

کۆمەڵایەتی و دەروونی و مێژووییەکان، سۆسیێر(سویسری)وبارت(فەرەنسی)وپیرس (ئەمریکی)(35)پێشەنگگەلی ئەو رێبازەن.

**رۆژنامە**

پاش دۆزینەوەی چاپەمەنی رۆژنامەش هاتەئاراوە، چاپەمەنی چەند پیشەسازیکاریەکی فەرعی دەگرتەوە، کە هەر هەموویان بە هەمان ریتم پەرەیان نەسەند وەك پیشەسازی کاغەزومەرەکەب و هۆیەکانی دابەش کردن، یەکەمین رۆژنامەش لە ئەڵمانیا بەناوی(زیتۆنگ)(Zeitungen)(36) لەسەدەی شازدەهەم پەیدابوو، ئەوکات بە ناوی (ئەخبار– les Nouvelles) بەرچاو دەکەوت، بەڵام لە ئەمریکا یەکەمین رۆژنامە ساڵی (1690)دەرچوو، ناوی(پۆبلیك ئاکۆرنساس)( public Occurences)بوو، لە ناوچەی عەرەبیش ساڵی(1828) یەکەم رۆژنامە بەناوی(ئەلوەقائیع المصریە)(37)دەرچوو، رۆژنامە لە مێژووی دەرچوونیەوە بەچەندین قۆناغ رەت بووە، رۆژنامە لە قۆناغەکانی بەراییدا نارێك بووەو خوێنەرانیشی سنووردار، ئینجا ئەو قۆناغە بە قۆناغی دەستەبژێرانە ناسراوە، لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەهەمدا رۆژنامە هەنگاوی نا بەرەو قۆناغی جەماوەریی لەگەڵ پەرەسەندنی ئابووری و بازرگانی وپێداویستی دامودەزگە بازرگانییەکان بە فرۆشتنی کاڵاوکەلوپەل و شمەکەکانیان لە رێگەی ریکلام، جگە لەمە نەشونماکردنی چینی ناوەڕاست، کە زۆر پێویستی بە زانیاری و مەعریفە بوو بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەوژیانی سیاسی.

لەلایەکی دیکەوە تەکنەلۆجیای چاپەمەنی وەك چاپەمەنی بەردین(lithography)رۆڵی هەبوو لەو پێشکەوتنە، هەروەها پیشەسازیکاریی کاغەزوجۆری مەرکەب و تۆڕەکانی دابەش کردن رۆڵیان هەبوو لە بڵاوبوونەوەی رۆژنامە لەو چەردەیەدا.

ئیدی قۆناغ بە قۆناغ چەندین جۆر رۆژنامە پەرەی سەندوسەریانهەڵدا:

1–رۆژنامەگەریی ئۆبگێکتیڤیزم(objective journalism)پێی وایە رۆژنامەوان کەسێکی سەربەخۆ لە رووداوەکان و وەقایعەکان رووماڵ دەکات بەپێی ئیتنیکی باوی پیشەیی.

2–رۆژنامەوانیی تەئویل یا رۆژنامەوانی را(investigative journalism) پێی وایە رۆژنامەنووس پشکدارێکی چالاکە لە رووداوەکان و رۆڵی کاریگەری هەیە لە ئاراستەکردنی رای گشتی.

3–رۆژنامەوانیی تەحقیق(investigative journalism)پشت دەبەستێ بە پرەنسیپی پشکداری کردنی رۆژنامە لە رەخنەگرتن لە دیاردەکانی نێو کۆمەڵگە، هەروەها چاودێری کردنی ئەدای حوکمەت و دامودەزگەکانی دیکە.

4-ڕۆژنامەوانیی ئەدەبی(literary journalism) بەشداری دەکات لە ڕەخنەی ئەدەبی وەك ئەو بوارانەی نێو کۆمەڵگە لە هونەرەکانی سینەماوشانۆورۆمان و شیعرو..تد.

5-ڕۆژنامەوانیی مولتەزیم(advocacy journalism) پێی وایە ئەرکی ڕۆژنامە خزمەتگەیاندنە بە ئامانجە دیاریکراوە سیاسییەکان یا ئایدیۆلۆجییەکان، ئەو جۆرە ڕۆژنامەوانییە لە وڵاتانی سۆسیالیستی پێشوو و چەندین وڵاتی تازەپێگەیشتوو باو بوو.

6-ڕۆژنامەوانیی فلس-پنس(penny press) ئەو جۆرە ڕۆژنامەوانییە لە ئەمریکا سەریهەڵدا، ئەوکاتەی ڕۆژنامە تەنیا فلسێکی تیا دەچوو، ئەمەش یاریدەی بە جەماوەری بوونی دا.

7-ڕۆژنامەی زەرد(journalism yallow) ئەو جۆرە ڕۆژنامەوانییە لە ئەمریکادا هەبوو بە چاودانە سەر هەواڵە ورووژێنەرەکان وڕووداوە نەرێیەکانی کۆمەڵگە.

ئاراستە نوێیەکانی پیشەسازیکاریی ڕۆژنامەوانیی لە مانەدا خۆی دەبینێتەوە:

1-ڕۆژنامەکان بەدەست کۆمپیانیا گەورەکان دابوون، بەمەش بواری کێبڕکێ سست و کەم بوو(38).
2- گەشەکردنی تەکنەلۆجیای بڵاوکردنەوەوبڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی بەسە رتۆڕەکانی ئینتەرنێت، بەمەش هەندێك پێشبینی ونبوونی ڕۆژنامەی کاغەزیان کرد لە ڕۆژگارێکدا.

3-کەمبوونەوەی پلەبەپلەی ئاست و ڕادەی خوێندنەوە بەهۆی پەیدابوونی ئامرازە تازەکانی میدیای ئەلیکترۆنی.

4-پەرەسەندنی ڕۆژنامەی لۆکالی، ئەوانەی لە شارۆچکەوقەزاوناحیەکان دەردەچن بەهۆی گۆڕانی شێوازی ژیان و گرنگی دانی خوێنەران بە پلەی یەکەم بەو شتانەی لە دەوروبەری خۆیان ڕوودەدەن.(39)

5-هەنگاونان لە ڕۆژنامەی بەیانیان بۆ ڕۆژنامەی ئێواران بەمەبەستی(السبق الصحفی) نەخاسمە زۆربەی ڕووداوە فەرمییە سیاسییەکان لە ماوەی بەیانیانن، بەمەش دەکرێ لە ڕۆژنامەکانی ئێوارە ڕوومالْ بکرێن.(40)

6-پەیدابوونی هەندە بابەتی ئەوتۆ، کە بەتایبەتی ڕوومالْ دەکرێ ئاراستەکراو بۆ جەماوەرێکی تایبەتمەند وەك: شێوازوستایلی ژیان و جلوبەرگ و بۆ زاخاوی مێشك و..تد.

7-پەرەگرتنی ستایلەکانی دەرهێنان و هەنگاونان بەرەو ستایلی -تەرکیزی- وبەکارهێنانی وێنەوگرافیك(Graphfics) و نیگارە -بەیانییەکان-وهیدیکە، جگە لە کەمکردنەوەی یا بچووککردنەوەی سایزی رۆژنامە ((میکرۆرۆژنامە)) تابلۆید(Tabloid).

لە ناوچە عەرەبیەکاندا زۆربەی رۆژنامەکانی رۆژانە نیشتیمانین و یا لە پایتەخت دەردەچن یا لە شارە گەورەکان، دابەش کردنیشیان تارادەیەك مامناوەندە بەهۆی کێبڕکێی ئامرازەکانی بیستن و بینین و بەربەستی نەخوێندەواری، کە هێشتا بە پلەی جیاجیا لە زۆربەی وڵاتە عەرەبییەکاندا هەیە.

**ئێزگە**

سەرەتای دۆزینەوەی رادیۆ ساڵی(1877) بۆ تۆماس ئەدیسۆن(Thomas Edison) دەگەڕێتەوە، ئەوکات بە رادیۆیان دەکوت(ئامێری قسەکەر)(talking machine) ئینجا مارکۆنی(G.Marconi) یەکەمین هێما(سیگنەڵ)ی بێ – تەل، بێ -دەنگی لە رێی ئۆقیانووسی ئەتڵەسی ساڵی (1901)گواستەوە.

کۆمپانیای ژەنەراڵ ئەلکتریك(Electric General) ساڵی(1919) لە ئەمریکا دەستەی رادیۆی ئەمریکی(Radio Corporation of America)(RCA) دامەزراندو ساڵی(1921)پەخشی ئێزگەیی خۆی دەست پێکرد.

پاش ئەوە چەند تۆڕێکی ئێزگەیی پەیدابوون وەك: تۆڕی(ئێن، بی، سی)(NBC)(41)لە ساڵی (1927)و لە ساڵی (1938)(سی، بی، ئیس)(CBC)و ساڵی(1943)(ئەی، بی، سی)(ABC)(42).

دەستپێکی کارکردنی رادیۆ(پرۆگرام) مۆسیقا بوو، ئینجا هەمەرەنگ ودرامای رادیۆیی، پاشان لەگەڵ پەیدابوونی تەلەفزیۆن دەستکاری کراو دراما گواسترایەوە تەلەفزیۆن، ئێزگەش تایبەتمەندی خۆی وەرگرت، ئینجا بە فۆرم-قالب-ی ئێزگەیی(Format radio) ناوبرا، لە هەندە وڵاتی عەرەبی لە کۆتایی بیستەکان لە سەردەمی کۆلۆنیالیزم چەند وێستگەیەکی رادیۆیی پەیدابوون، ئینجا بوون بە کەناڵی حکومی و هەواڵی فەرمی و گۆرانی هەمەرەنگ وشتی دیکەیان بڵاودەکردەوە.

تەکنیکی پەخشی رادیۆیی لە پەخشی ئاسایی و بەرایی پەرەی گرت و پێشکەوت بە پشت بەستن بە وێستگە زەمینییەکان – کە دووبارە شەپۆلە ئێزگەییەکانیان بەهێزتر دەکرد بۆ ئەوەی بۆ مەودای دیاریکراو بڕوات – بۆ پەخشی ژمارەیی بەهۆی مانگە دەستکردەکان(Audio Digital Satellite Broadcasting) بەپێی ئەو جۆرە تەکنەلۆجیا نوێیە پەخشێکی تۆماتیکی-ئالی- لەیەك هۆڵدا دەبێ، کە کۆمپیوتەری تیایەوپرۆگرامەگە تەنانەت بەبێ بێژەریش، خۆبەخۆ رێکدەخات، کۆمپیوتەرەکە بە جێبەجێکارێك دەبەسترێتەوە، کە هێماکان بۆ مانگە دەستکردەکان دەگوێزێتەوە،

**زۆرجار ئێزگەکان دابەش دەبن بۆئێزگە بازرگانییەکان و نابازرگانییەکان، بەڵام قالبەکان(formats)ئەوانە دەگرتەوە: قالبی مۆسیقا(format music)قالبی هەواڵ و گفتوگۆکان(formats talk/news) قالبی کەمینەکان(format ethnic) و ئیدیکە، هەروەها ئەوقالبانە لەرووی بایەخدانیان زۆر تایبەتمەندن و فرەرەنگن، وێستگەی واهەیە تەنیا گرنگی بە جۆرێکی تایبەت بە مۆسیقا دەدات...تد.**

**ئاراستە نوێیەکانی پیشەسازیکاری ئێزگەیی لەمانەدا خۆی دەبینێتەوە:**

**1-تایبەتمەندیی، چوون گوزارەی پەخشی بەرتەنگ(narrowcasting) جێگەی پەخشی بەرفراوان(broadcasting)ی گرتەوە، بەمەش پەخشی ئێزگە ئاراستەی جەماوەرێکی دیاریکراوی مەبەستدار دەکرێ.**

**2-قۆرخکردنی وێستگەکانی رادیۆ لەلایەن کۆمپانیا گەورەکانەوە(43).**

**3-هەنگاونان لە وێستگەکانی(AM)بۆ وێستگەکانی(FM)و گرنگیدان بە دنیای لاوان(44)و پەیدابوونی رادیۆی هەواڵئامێز وەك هێزێکی کاریگەر بەسەر رای گشتی و پەرەپێدانی بەشداریکردنی سیاسی، لە ناوچە عەرەبییەکانیش وێستگەکانی رادیۆ بەرفراوانتر بوون و مۆرکێکی لۆکالیان وەرگرت و وای لێهات بە تایبەتی گرنگی بدەن بە کاروباری ئەو ناوچانە، دیارە تەکنەلۆجیاش رێخۆشکەر بوو بۆ ئەو پرۆسەیە وەك: وێستگەی ئێزگەیی ئۆتۆماتیکیانە-ئالیی(station radio automated) ئێزگە عەرەبییەکان بەگشتی پرۆگرامەکانیان مۆسیقایە، هەروەها بەدواداچوونێکی نەرمانەی هەواڵەکان، وێڕای ئەوەی زۆربەی ئەو وێستگانە حکومین.**

## تەلەفزیۆن

**هەوەڵین ئەزموونی پەخشی تەلەفزیۆن بۆ بیستەکانی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە، کاتێك فلادیمێر سورکین(Viadimir zworykin) ساڵی (1923) لوولەی وێنە(Kine cope)ی دۆزیەوە، کە ماددە ئەلکترۆنییەکان دەگۆڕێ بۆ وێنەی بەرچاوودیدەیی، دەستەی رادیۆی بەریتانیا(بی، بی، سی)(-British Broad Corporation BBC) ساڵی (1936) یەکەمین جار بە بەردەوامی و رێکوپێك پەخشی خۆی دەست پێکرد، پاشان هەردوو کەناڵی رادیۆیی:ئێن، بی، سی(NBC) و(سی، بی، ئێس- CBS) ساڵی (1948)لە ئەمریکا دەستیان بە پەخش کرد.**

**تەلەفزیۆن لەرووی تەکنیکیەوە پەرەی سەندو بە هۆی فرەیی تەکنەلۆجیای پەخش و جەماوەری جۆرەکانیشی هەمەرەنگ کەوتنەوە، ئەو جۆرانەش بەو شێوەیەیە:**

1–ئەو تەلەفزیۆنەیە بەناوی(over-the-air television) واتە لە هەواوە، تەلەفزیۆنی ئەسڵە، کە دەکرێ بە خۆڕایی هێماکانی وەربگیرێت وەك تەلەفزیۆنە حکومییەکانی زۆربەی وڵاتانی تازەپێگەیشتوو.

2–تەلەفزیۆنی بە کێبڵ(cable television) ئەو جۆرە تەلەفزیۆنە لە هەشتاکان پەیدابووو زیاتر لەگەڵ پەیدابوونی تەلەفزیۆنی(سی، ئێن، ئێن–CNN-Cable News Network) بەربڵاوبوویەوە،کە تایبەت بوو بە هەواڵ و پشتی بە تەکنەلۆجیای(کێبڵ) بەست بوو، ئینجا ئەو جۆرە تەکنیکە لە وێستگەی(سی، ئێن، ئێن)ناوی هات، واتە کێبڵیی(Cable).

3–تەلەفزیۆنی پشکداریی کردن(یا پارەدان) لە هەر بەرنامەیەك(pay-per-view television)و..تد.

ئاراستە تازەکانی پیشەسازیکاریی تەلەفزیۆن خۆی لەمانە دەبینتەوە:

1–زیادبوونی وێستگە بازرگانییەکانی تەلەفزیۆن.

2–بەکارهێنانی( frequency)بەرز لە گواستنەوەی هێماکان(VHF)( Very High Frequency).

3–پەیدابوونی تۆڕی تازەی ئەوتۆ، کی رکابەری ئەوانەی پێش خۆی دەکرد لەو بوارەدا وەك: تۆڕی فۆکس–ی رۆبەرت مەردۆك(FBC-Corporation Broadcasting Fox) لە ئەمریکاو چەندین کەناڵی دیکەی (کێبڵیی–cable) بۆ مەیسەر کردنی خزمەتگوزاری زۆر تایبەتمەند وەك: وەرزش و فیلم، هەروەها کەناڵە نێوخۆییەکان، ئەوانەی مانگە دەستکردەکان بەکاردێنن بۆ کاری پەخشکردن بۆ جەماوەرێکی بەرفراوان.

لەو ناوچەیەشدا کەناڵە فەزاییەکانی(tv) نیمچە سەربەخۆ وەك هەردوو کەناڵی(جەزیرەوئەلعەرەبیە) رۆڵیان هەیە لە پەرەسەندنی پیشەسازیکاریی هەواڵ و ورووژاندنی رای گشتی و کارکردنە سەر گۆڕەپانی دەولی نەخاسمە لەمەڕ کێشە هەنووکەییەکانی ناوچەکە.

لەلایەکی دیکەوە و لەبەر هەمان فاکتەر کرۆکی کەناڵە تەلەفزیۆنەکانی دیکەش(عەرەبی) پەرەیان سەندو جەخت کرایە سەر هەواڵە گەرماوگەرمەکان و هەمەجۆریی شیکردنەوەکان، هەروەها بەرنامەی زاخاوئامێز(تەرفیهی)یش پشکێکی باشی هەیە لەو رووەوە، چەندین بەرنامەی نوێ لە چەند بوارێکدا پیشان دران وەك چاولێکردنێك لە بەرنامە خۆرئاواییەکان، وەك بەرنامەی(کێ ملیۆنێك بەدەست دێنێ)وبەرنامەی (ستار ئەکادیمی)و ئیدیکە.

(دەبوایە نووسەر ئاماژەی بە چەند بەرنامەیەکی گرنگتر دابا لە بواری تەندروستی و گشتی وەك بەرنامەی بەشۆرەتی "ئۆپێرا"/ب.حەوێزی).

## تۆڕی زانیارییەکان–IN

زاراوەی تۆڕ(Net) ئاماژەیە بەو سەرچاوەورێسای داتاکان، کە بە شێوەی ئەلکترۆنی کاریان لەسەر دەکرێ لەسەر کۆمپیوتەر وەك داتاکانی بازاڕەکانی دارایی و بانکەکانی زانیاری، کە چەندین دەزگە رۆڵیان تیا هەیە وەك ئاژانسە تایبەتمەندەکانی دەنگوباس، هەروەها ماوەیەکە چەمکی تۆڕ بە تۆڕی ئینتەرنێت گرێدراوە.

ئینتەرنێت(the Internet )تۆڕێکی جیهانییە بە هەزاران تۆڕوملیۆنەها ئامێری کۆمپیوتەر بە چەندین سایزوجۆر لە جیهان بەیەکەوەی گرێداوە، هەروەها بە تۆڕ(the Net) ناو دەبرێ، چوون دەستەبەرکەری بەیەکگەیاندنە لە نێوان تاکەکەسەکان و دامودەزگاکان بە هەردوو دیوی نێوخۆیی و جیهانیەوە، ئامێرەکانی کۆمپیوتەر – گەرشیا بڵێین– کۆکە لەگەڵ پێوەرەکانی پێوەندیکردن کە بە پرۆتۆکۆڵ(protocol)ناو دەبرێت، بەمەش گشت ئامێرەکانی کۆمپیوتەر پەیوەستدار بە ئینتەرنێت پرۆتۆکۆڵێکیان هەیە بەناوی پرۆتۆکۆڵی ئینتەرنێت(IP Protocol Internet) هەر ئەوەشە نامە(مەسیج) ئەلکترۆنییەکان بەش بەش دەکات بۆ یەکەکانی داتا بەناوی(چەپك/پاکێت–packets)هەروەها جڵەوی ئاراستەکردنی داتاکان(routing data)ی بەدەستە لە نێرەرەوە بۆ وەرگر، بیرۆکەی دامەزراندنی ئەو جۆرە تۆڕانە لە ئەمریکاوە سەریهەڵدا پاش غەزووی فەزا لەلایەن رووسیاوەو دەستپێکردنی پێشبڕکێی چەکی نیوکلیاری لە سەردەمی شەڕی سارد، پرسیارەکەی ئەوسا ئەوە بوو: داخوا چۆن دەتوانرێ پرۆسەی پێوەندیکردن لە نێوان دەسەڵاتەکانی ئەمریکا زامن بکرێ ئەگەر هاتوو چەنگی نیوکلیاری هەڵگیرسا؟.

کۆمپانیایەکی حکومی لەو رووەوە بەناوی(RAND) راسپێردرا بۆ دیراسەکردنی ئەو پرسە ستراتیجیەو چارەسەرکردنی کێشەکە، لە ئاکامدا تۆڕی نامەرکەزی( network communications distributed)دامەزرا، کاری گۆڕینی نامە بوو بۆ چەپك–پاکێت( Packet Switching) بەپێی ئەو پرەنسیپە نامە ئەلکترۆنییەکان بۆ چەند یەکەیەك دەگۆڕدرێن بە ناوی(packets)کە نێرەر دەتوانێ بە کۆمەڵەیەك(nodes) بیاننێرێت، ئینجا ئەو (پاکێتانە) لای وەرگر کۆدەکرێنەوەونامەکەی لێپێکدێت.

وەزارەتی بەرگری ئەمریکی ساڵی(1969)پرۆژەی ئەو تۆڕەی لە رووی زانستیەوە جێبەجێ کردو ناوی نا(ARPANET-Agency Priject Research Advanced) ئەو تۆڕە چەند زانکۆیەکی ئەمریکی بەیەکەوە گرێدا بەهۆی چوار(nodes)کە لە دەزگەی زەبەلاحی

کۆمپیوتەر(supercomputer) پێکهاتبوون.سوودی ئەو تۆڕە لە گواستنەوەی زانیارییەکان بوو بە خێراییەکی زۆر لە نێوان ئامێرەکاندا، هەروەها ڕێخۆشکەر بوو بۆ تۆژەروزاناکانن کە هەرچەندە مەوداکان دوور بن، ئەوە بکارن بەیەکەوە کەڵك لە سیتەمگەلی کۆمپیوتەر وەربگرن.

سالی (1972) کۆمپانیای(BBN)پۆستی ئەلیکترۆنی(Email)داهێنا، کە پرۆگرامسازێکی بەناوی رای تۆملیسۆن یەکەمین پرۆگرامی پۆستی ئەلیکترۆنی خستەڕوو، ئەو خزمەتەی کۆمپیوتەر لەرێگەی بەرنامەی ناردنی نامەی ئەلیکترۆنییە لە نێوان خەڵکیدا لە رێگەی تۆڕێکی نامەرکەزی، بەمەش پۆستی ئەلیکترۆنی زۆر بە خێرایی بەهەڕمێن بوو وەك هەرەگرنگترین ئامرازەکانی پێوەندیکردن لە میانەی ئینتەرنێتدا.

لە کۆتایی حەفتاکاندا خەڵکی دەیانتوانی لە جیهاندا بەهۆی ئەو تۆڕەوە لەبارەی گشت بابەت و پرسێك گفتوگۆ لەگەڵ یەکدی بکەن لە رێگەی گرووپەکانی هەواڵ(newsgroop)وەك(USENET) جا ئینتەرنێت بە پەیدابوونی تۆڕەکانی دیکە زیاتر بڵاوبوویەوەو خزمەتگوزاری پۆستی ئەلیکترۆنی(Email) و گواستنەوەی ڤۆڵدەرەکان(FTP)ی پێشکەش دەکرد وەك تۆڕی(BITNET)(Because its Time Network)وئیدیکە.

لە سەرەتای هەشتاکاندا زاراوەی ئینتەرنێت بەمانای کۆمەڵە تۆڕی جیاجیا دەهات، ئەوانیش بەیەکەوە گرێدرابوون بەهۆی کۆمەڵە پرۆتۆکۆڵێکی تەحەکومکردن بە ناردن/پرۆتۆکۆڵی ئینتەرنێت(IP/TCP-Protocol Internet/Protocol Control Transmission) ڕووداوی هەرە دیاری پەرەستاندنی ئینتەرنێت بریتی بوو لە پەیدابوونی تۆڕی جیهانی ویب(WWW-Web Wide World) کە خزمەتێکەو بە سووکوسانایی بەکاردێت و لە خستنڕووی زانیارییەکان پشت دەبەستێ بە دەقەکان و وێنەودەنگ وڤیدیۆ، هەروەها خێرایی هێڵەکانی پێوەندیکردن رۆڵی هەبوو لە زێتر بڵاوبوونەوەی.

لەو ماوەیەدا کۆمپانیای دیکە پەیدابوون و لە خزمەت ئینتەرنێت( ISPs-Providers Service Internet) دابوون، بۆ ئەوەی خەڵکی بتوانن بەشداری بکەن لە پێوەندیکردن لە رێی ئینتەرنێتەوە بە هۆی تۆڕەکانی پێوەندیکردنی تەلەفۆنی، پاشان کۆمەڵە کۆمپانیایەکی دیکەی تایبەت بە ئینتەرنێت پەیدابوون، هەبوو لەوانە –مستعرضات(browses)ی پێشکەش دەکرد، هەروەها ئی وا هەبوو –بزوێنەری گەڕان(engines search) بۆ بابەتە جیاجیاکانی سەر تۆڕەکە، هەیشە تایبەتە بە زمان بۆ بەبەرنامەکردن و پەرەگرتنی پێگەوسایتەکان، ئێستا لەسەر ئینتەرنێت ملیۆنەها سایتی ئەلیکترۆنی هەیە، کە گشت بابەتەکان رووماڵ دەکات: رۆشنبیریی و سیاسی و زانستی و پیشەسازی و بازرگانی ئەلیکترۆنی(commerce-E) مامڵەکردن بە دراو لەرێگەی ئەو تۆڕەوە، لە

ناوچەی عەرەبیدا لە نەوەدەکانەوە خزمەتگوزاری تۆڕی ئینتەرنێت گەیشتە زۆربەی وڵاتان و لە نلوەندەکانی خوێندەوار نەخاسمە لاوان بڵاوبوویەوە، هەرچەندە تەگەرەی دارایی و نەخوێندەواری ڕێگرن، هەروەها سوودی لە دەرەوەی جوغزە ڕەسمی و بازرگانی و ئەکادیمیەکەی هێشتا دیار نییە.

## کتێب

چەندین شارستانیەتی دێرین هەبوون هەر لەکۆنەوە بە هەندە شێوازی دکیۆمەنت و بەڵگەنامەی نووسراو ئاشنا ببوون، لە خۆرهەڵات لەوانەش(عەرەب و موسلمانەکان)ی سەردەمی زوو نەخاسمە لە سەردەمی عەباسیدا گرنگیان بە کتێب دابوو لە قۆناغی نووسینەوەی مەعاریف و زانستەکان.

کتێب لەگەڵ چاپەمەنیەکەی گۆتەنبەرگ لە رووی تەکنیکیەوەو پەیدابوونی پیشەسازی کاغەزومەرەکەب پەرەی سەندو بوو بە سەرچاوەیەکی مەعریفی و زانستی بەردەوام تاوەکو سەرەتای دۆزینەوەی ئامرازەکانی بینین و بیستن لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم.

پەیدابوونی فیلمسازی و ئێزگەوتەلەفزیۆن و ڤیدیۆ تارادەیەك نەرێیانە بەسەر کتێبدا شکایەوە، لێ هێشتا سەرچاوەیەکی مەعریفییە لە نێوەندە ئئەکادیمیەکەوبڵاوکردنەوەی ئەدەب و هونەرومەعریفەکان، هەروەها خوێنەرانیشی توێژێکی رۆشنبیری دیاریکراوە، وێرای کەمی و بچووکی ئەو توێژە، جگە لەوەی کتێب ئامرازێکی هەرە دەگمەنی جەماوەرییە، پیشەسازی کتێب فرەرەنگن و لە نێو ژمارەیەکی بەربڵاوی دامودەزگاکاندا(45)دابەش کراون، لە هەرە بەشۆرەتترین دەزگەکانی بڵاوکردنەوە لە ئەمریکا بریتین لە:پاراماونت(Publishing Paramount)و ریدەر دایگست(Digest s'Reader)کتێبیش پۆلین دەکرێن بۆ کتێبە بازرگانییەکان( books trade)ئاراستەکراو بۆ جەماوەری بەرفراوان وەك کتێبی چیرۆکە خەیاڵییەکان و یاداشتنامەوچێشتسازی وهونەرووەرزش،..تد، کتێبی بەقەوارە بچووك(books paperback)کە هەندە کتێبی بەشۆرەت و بەربڵاو دووبارە بەرهەم دێنێتەوە بە شێوەیەك تێچووی کەمەو پشت بە کاغەزی سووك(هەرزانبەها) دەبەستێ، کتێبی قوتابخانەوزانکۆیی(textbooks)کە زۆرجار دەزگەکانی بڵاو کردنەوەی زانکۆیی بڵاوی دەکەنەوە، کتێبە سەرچاوەییەکان( books reference)وەك ئینسکلۆپیدیاوفەرهەنگ و..تد، کتێبسازی بە تۆڕێ لە کتێبخانە گشتییەکان و شوێنە بازرگانییەکان بەستراونەتەوە، کە پشکدارن لە دابەشکاریی.(46)

ئاراستە نوێیەکانی کتێبسازی بریتیە لە دابەشکردنی جەماوەریانەی کتێب لەرێگەی کتێبخانە تایبەتمەندەکان یا شوێنە بازرگانییە گشتییەکان، پەیدابوونی پرۆسەی چاپکردنی کتێب بەپێی داوا بۆ ئەوەی تێچووی کەمتر بێت، کە بەپلەی یەکەم لە کتێبە نەفرۆشراوەکانەوە دێت، سەرهەڵدانی کتێبی ژمارەیی(books digital)نەخاسمە لە کتێبە مەرجەعییەکان وەك ئینسکلۆپیدیا، کە دەق و

**وێنەوگرافیکی تیایە، نەشونماکردنی دیاردەی چەتەگەری فیکری واتە دووبارە بەرهەمهێنانی ناوەڕۆکی کتێبەکان بەبێ گەڕانەوە بۆ خاوەنەکانیان ئەمەش لەسەر ئاستی دەولیدا، سەبارەت بە وڵاتانی عەرەبیش پیشەسازی کتێب سنووردارەوبەرهەمهێنانی کتێب بەبەراورد کردن لەگەڵ وڵاتانی خۆرئاواوئیدیکە کەم وسستە.**

## تۆماری دەنگی و ڤیدیۆ

**تۆمارکردنی دەنگی بە پیشەسازی ئێزگەوە گرێدراوە بەتایبەتیش تۆمارکردنی مۆسیقاودابەشکردنی لەرێگەی کاسێت(cassette)یا سیدی( compact disk- CD)ئینجا وێنەش خرایە سەر میوسیك و پێیان دەوت ڤیدیۆی میوسیکی(music videos) چەند کەسێك لە پیشەسازیکارە دەور دەبینن و بەشدارن: گۆرانیبێژان ومیوسیکوان و دەرهێنەروئەوانیدیکە، هەروەها کەرتی بەرهەمهێنان و دابەش کردن و فرۆشتنیش بە تاك یا پارچە بەشدارن.**

**چەندین کۆمپانیای گەورەی ئەو پیشەسازییە پەیدابوون وەك: سۆنی(SONY)تایم وارنەر( Time Warner)وئێم، سی، ئەی(MCA)تۆماری دەنگی چەند جۆر میوسیك دەگرێتەوە بەپێی زەوق وسەلیقەی بەکاربەران وەك: مۆسیقای رۆك(rock music) لادێ( contry music)وجاز(jazz)کاسێت لە وڵاتانی عەرەبی زیاتر بەربڵاوە لەبەرئەوەی هەرزانەوسووکەوجەماوەرەکەش لە مێژساڵە پەیوەستە بە میوسیکەوە، پەرەگرتنی تەکنیکی لە تۆماری دەنگی خۆی لە شریتی ژمارەیی بینیەوە، کە تۆمار دەکرێ و رەشیش دەکرێتەوەودووبارە تۆمار دەکرێتەوە(digital audiotape-DAT).**

**وشەی ڤیدیۆ(video) لەوشەی لاتینی(Videre) هاتووە، واتە ببینی، ڤیدیۆ زۆرتر بە فیلمسازی و کۆمپیوتەر پەیوەستە، ڤیدیۆ واتە بەکارهێنانی شریتی وێنەدار (بە تەنیا خۆی) کاری کردە سەر سینەماوتەلەفزیۆن، ئەو هاموشۆکەرانی هۆڵەکانی سینەما کەمتر بوون و پشکداری کردن لە تەلەفزیۆنی تایبەت بە نمایشی فیلم بە هەمان شێوە کەمتر بوون، تەکنەلۆجیای تۆماری شەخسی وەك(Recorder Casseyye Video)رۆڵی لەو دیاردەیە هەبوو، کە لەهەشتاکاندا(47) پەیدابوو و زۆر بەف راوانیش بڵابۆوە، هەروەها جەماوەری ماڵ(audience home) پەیوەست بەو هۆوئامرازە سەریهەڵدا، پاشان ڤیدیۆسازی لەرووی تەکنیکیەوە پەرەی سەند بە پەیدابوونی دیسکی لێزەری(disks laser)کە زۆر روونتر لە ڤیدیۆ دەنگ ورەنگ پێشکەش دەکەن، ئەو تەکنیکەش رێخۆشکەر بوو بۆ گواستنەوەی جۆرەها مۆرکی نێو کولتووری رۆشنبیریی و کۆمەڵگە جیاجیاکان بە شێوەیەك پێشتر وێنەی نەبوو.(48)**

## فیلم

لەرووی تەرفیهیەوە فیلم پێش ئێزگەوتەلەفزیۆن کەوتووە، سەرەتای فیلمیش بۆ نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم دەگەڕێتەوە، ئەوکات هۆڵەکانی سینەما ئەو فەزاوزەوینەی بڵاوبوونەوەی ئەو ئامرازە بوون لە بیستەکانی سەدەی بیستەمدا.

لە سەرەتای سەدەکەدا چەندین دەزگەی گەورە لە بەرهەمهێنانی سینەمایی پەیدابوون وەك کۆمپانیای دیڤید گریفن(David Griffith) کە هەوەڵین فیلمی ساڵی(1915)بەرهەم هێنا بەناوی لەدایکبوونی نەتەوە(The birth of a Nation) کۆمپانیای ماك سنیت( Mack Sennett)و(The Keystone Film Company).

لە سەرەتای بیستەکاندا هۆلیوود(Holywood)4/3ی فیلمی لەسەر ئاستی جیهان بەرهەم دێنا، بەهۆی تواناکانی لە بواری دەستبەرکردنی ستۆدیۆی گونجاووتەکنەلۆجیای وێنەگرتن و تێچووی لەباروزۆریی هونەرمەندە بەشۆرەتەکان و بوونی نێوەندوتۆڕی گەورەی دابەش کردن لە نێوخۆو دەرەوەدا، فیلم چەند جۆروبەشێکە لەوانە:

1-گشتی(general)کە بەپێی ناوەڕۆکی بابەتەکانیان پۆلێن دەکرێن(G)جەماوەرێکی بەرفراوان(PG)بەپێی ڕێنمایی باوان(R) سنووردارە یا تەنیا بۆ ئەوانەیە، کە لە سەرەوەی حەڤدەساڵین.

2-دیکۆمەنتییەکان(documentary)تایبەتە بە تۆمارکردنی ڕووداوە راستەقینە دیارو بەرچاوەکان یا بە زمانی فەرەنسایی پێی دەوترێ(verite cinema).

3-کۆمەککەر(sponsored) ئەو دەزگایانە کۆمەکی دەکەن بەمەبەستی پێشکەش کردنی زانیاری یا شرۆڤەکردنی سیاسەتەکانیان بۆ خەڵکێکی دیاریکراو.

4-فەنتازیا(blockbuster)فیلمی ئەندێشاوی وفەنتازین وکاریگەری تایبەتی خۆیان هەیەن بەگشتی داهاتی سینەماسازیی لە ڤیدیۆو هۆەکانی سینەماوەیە(49)هەروەها تەلەفزیۆنی تایبەتمەند بۆ پەخشی فیلم و تۆڕەکانی فیلم، لە ناوچەکانی ئێمەدا لە هەندە قۆناغی مێژوویی دا سینەمای میسری گەشایەوە، ئینجا بە هۆی کەمی تواناکان و کێبڕکێی دەولی(وەك سینەمای هیندی)وپەیدابوونی کەناڵە فەزاییەکان وگۆڕانی زەوق وسەلیقەی جەماوەرو..تد، پووکایەوەز

### نیومیدیا(NewMedia)

بە گشتی ئەو دەستەواژەیە ئاماژەیە بە نوێترین بەرهەمی تەکنەلۆجیلی پێوەندیکردن لە ماوەیەکی مێژوویی دیاریکراودا، ئینجا واتای دەستەواژەکە بە نوێبوونەوەی ئەو ئامرازانە ئەویش نوێدەبتەوە،

لە سەردەمی خۆیدا ئێزگە بە میدیای نویێ ناوبرا(بە بەراورد بە رۆژنامە)وتەلەفزیۆن(بە بەراورد بەئێزگە)و ئینتەرنێت (بە بەراورد بە تەلەفزیۆن)و..تد، هەروەها دەستەواژەکە ئاماژە بە موشتەقاتی تەکنەلۆجیای نوێی پێوەندیکردنیش دەدات، چەندین لکی دیکەش لە ئینتەرنێت بوونەوە وەك مەوسوعەی(doc.amazon)و(wikipedia)و(youtube)(Twitter)و(Facebook)و( MySpace)و..تد، و چوونەریز ئەو دەستەواژەیە.

## میدیای کۆمەڵایەتی(social media)

میدیای کارلێککەرانە، کە لە رێگەی تۆڕی وەك پۆستی ئەلیکترۆنی و چات ویانە گریمانەییەکان(ئیفتیرازیەکان)ونووسینەکان(MySpace)و(youtube)(Twitter)و(Facebook ) ئەنجام دەدریێ، لە چوارچیوەی دەزگەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو نییە یا زۆر پابەندە بە هەندە کۆت وبەند یا دیسپلینی رۆشنبیری کۆمەڵایەتی، دەشیێ بە (بەدەر لە کاتشوێن)ناوی بەرین و لە فەزایەکی (ئیفتیرازی) دا دەبزوێت.

## ریکلام

ریکلام کۆنترین جۆری پێوەندیکردنە و هەندە بۆ شارستانی بابلییەکانی(50)دەگێڕنەوە، یەکەمین ریکلام بە (مەفهومە هاوچەرخەکەی)لە ساڵی(1480)(دوای کەمێك لە دۆزینەوەی چاپخانە)پەیدابوو، بریتی بوو لە کاغەزێك جاڕی فرۆشتنی کتێبی دەدا(51)ریکلام بە شۆڕشی پیشەسازیەوە گرێدراوە، بە پێداویستی دەزگە پیشەسازی و بازرگانییەکان بۆ فرۆشتنی کاڵاوبەروبوومەکانیان لە سایەی کێبڕکیێ و گۆڕانی ستایلەکانی ژیان.

بەپلەیەکی زۆر پەرەسەندنی هۆیەکانی راگەیاندن و پەیدابوونی رۆژنامەی جەماوەری لە سەرەتای نیوەی سەدەی هەژدەهەمەوە رۆڵیان لەو پرسە هەبوو، سەردەمی نوێش ریکلام پیشەسازیەك بوو چەندین دەزگە بەشدار بوون تیایە وەك ئاژانسەکانی ریکلام، گەورە ئاژانسەکانی ریکلام ئەو کۆمەڵانەن(WPP Group/Young and Rubicam) لە ئینگلتەرا(52)و( Omnicom Group) (Interpublic Group) لە ئەمریکاو(Havas Avertsing)و( Publicis and Saatchi &Saatchi)لە فەرەنسا.

لە ئەمریکادا ریکلام بەسەر تەلەفزیۆنەکان دابەش دەکریێ، ئینجا رۆژنامەودابەش کردنی راستەوخۆ پاشان ئێزگەوگۆڤاروئینتەرنێت(53) لە وڵاتە عەرەبییەکان ریکلام هێشتا لە قۆناغەکانی بەراییدایە لەرووی سەرهەڵدان وگەشەکردنی بەهۆی پەیوەست بوونی بە پەرەگرتنی ئابووری

ورادەی بڵاوبوونەوەی هۆیەکانی ڕاگەیاندن، لە ناوچەی کەنداودا ریکلام بەهەڕمێنە بەهۆی بەرزیی توانستی بەکاربەر لەوێدا.

ریکلام وا پێناسە دەکریٚ(شێوازێکە لە شێوازەکانی پێشکەشکاریی یا تەرویج نا شەخسی لەمەڕ بیروباوەڕوکاڵاوخزمەتگوزاری بە کۆمەککردن لە لایەن لایەنێکی دیاروناسراو)(54)وەزیفەکانی ریکلام بریتین لە: تەرویجی بازرگانی و ڕۆشنبیرکردن لەمەڕ بەروبوومەکان و خزمەتگوزارییە نوێکراوەکان و بەشداریکردن لە داڕژتنی شێوازی دیاریکراو لە رەفتاروژیان، وێرای هەندە خاڵی نەرێیانەی پەیوەست بە پەرەپێدانی رەوتی توندڕەوی(ئیستیهلاکی) کاتێك تاکەکەس ئەوەی پێویستی پیٚ نییەو تاقەتی بەسەر داناشکیٚ بەکاری دەبات.

## پەیوەندییە گشتییەکان

پەیوەندییە گشتییەکان وەك پیشە وزانست لە بیستەکان لە ئەمریکا پەیدابوو ئەوکاتیش کۆمپانیا بازرگانییەکان زیاتر بایەخیان بە (سومعەی)خۆیان دەدا لە نێوەندی بەکاربەران و کۆمەڵگە بە گشتی، ئەوسا واباو بوو، کە ئەو دامودەزگاوکۆمپانیایانە تەنیا بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندی ماددی خۆیان هەوڵ دەدەن لەسەر حسابی بەرژەوەندی گشتی ئەمەش خراب بەسەر ئەدای ئەو دەزگایانەوپێگەیان لە کۆمەڵگەی هاوچەرخ دەشکێتەوە.

لەو سونگەیەوە ئەو بیرۆکەیە هاتەئاراوە، کە دەزگە بازرگانییەکان لایەنێکی ئەکتیڤن لە لە بیناکردنی کۆمەڵگە هەروەك دامودەزگەکانی دیکە، کە ڕۆڵێکی تەواوکەرانە دەبینن لە پەرەسەندنی کۆمەڵگەوبەرەوپێشچوونی، ڕۆڵی دەزگاکە تەنیا قازانجکردن نییە، کە شتێکی رەوایە لە سایەی سیستەمێکی ئازادی کێبڕکیٚ، بەلکە ڕۆڵەکەی دەستەبەرکردنی دەرفەتی کاریشەن هەروەها هاریکاریکردنی لێقەوماوان و پشتیوانیکردنی داودەزگا خێرخوازییەکان وئیدیکە.لە رووی مێژووییەوە ئاژانسی بۆستن بۆ ریکلام(The Publicity Bureau of Boston)یەکەمین ئاژانسی ریکلام بوو، کە پەیرەوی پەیوەندییە گشتییە هاوچەرخەکانی دەکرد لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، هەروەها ئیڤی لی(Ive Lee) وئیدوارد برنای(Edward Bernays)پیشەنگ بوون لە دانانی زانستی پەیوەندییە گشتییەکان، برنای(55)وای پێناسە کردووە(پیشەیەکە تایبەت بە پەیوەندیی یەکە"unit"یەك و جمهور یا ئەو جەماوەرەی هەبوون و گەشەی پەیوەستە پێی)لی(کە راوێژکاری کۆمپانیای ڕۆکفلەر بوو)چوار خاڵی لەو رووەوە خستەڕوو:

1-پێویستە دەزگە بازرگانی و پیشەسازییەکان پەیرەوی ئەو پرەنسیپە بکەن:بە لای بەرژەوەندی گشتی دابچن.

2-بەرپرسانی ئەو دەزگایانە پێویستە لە نەخشەوپلانکاری ارنامەیان پرس و راوێژ بە کارمەندان وکارگێریی(management)بکەن و پاڵپشتیان بکەن.

3-پەیرەوکردنی سیاسەتی پێوەندیکردنی بەردەوام بە هۆیەکانی راگەیاندن.

4-جەختکردنە سەر لایەنی مرۆیی لە کەرتی بازرگانی و نزیککردنەوەی دەزگاکە لە کارمەندان و بەکاربەران و دراوسیٚ و کۆمەڵگە بەگشتی.

لە سەردەمی نوێش، پەیوەندییە گشتییەکان پەرەی سەند و بووە (سنعەت)وپیشەیەك ئاژانسە تایبەتمەندەکان ئەنجامی دەدەن، لە رووی ئەکادیمیش چەندین لکی مەعریفی دەگرێتەوە وەك پێوەندیکردنی جەماوەری و ئیدارەوبازرگانی، لە وڵاتانی عەرەبیشدا هێشتا پەیوەندییە گشتییەکان لە قۆناغەکانی بەراییدایەو رۆڵی تەنیا پێشوازیکردن و پرۆتۆکۆلاتە.

پەیوەندییە گشتییەکان واتە(پرۆسەیەکی سیستمازەکراوی پێوەندیکردنە کەسانی پیشەوەر سازدەرین بەمەبەستی گواستنەوەی نامەوپەیامەکان لەرێگەی چەند ئامرازێکەوە بۆ جەماوەری دیاریکراو بۆ کارکردنە سەر راوبۆچوون وهەڵوێست وکردەوەکانی لە ئاست (وەکیل)یا کڕیار جا چ تاك بێت یا گرووپ )پێناسەیەکی دیکە(زانست و هونەرە هەر کۆششێکی دەزگاکە دەگرتەوە، هەر بڕیارێك بیدا، پەیرەوکردنی هەر سیاسەتێك، هەر پەیامێك دەریبکات یا وەری بگرێت مادەمەکینیٚ مەبەستی پتەوکردنی لێکتێگەیشتنە لە نێوان دەزگەوگشت یا بەشێك لە جەماوەرەکەی).

پەیوەندییە گشتییەکان هەوڵوکۆششێکی رێکخراوانەیە چەندین چالاکی دەگرتەخۆوە وەك رێکخستنی هەڵمەتەکان و ریکلام و پتەوکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئامرازەکانی راگەیاندن و بەڕێوەبردنی ململانەو..تد، ئەمەش بەمەبەستی باشترکردنی وێنەی دەزگەکە لای جەماوەری بەکاربەروگشتی.

## جەماوەروپرۆپاگندەورای گشتی

### جەماوەر

مەبەست لە جەماوەر پەیوەست بوونی ژمارەیەك لە تاکەکانی کۆمەڵگە بە ئامرازێکی راگەیاندن یا زیاتر لە ئامرازێك وەك جەماوەری رۆژنامەخوێن یا جەماوەری رادیۆ یا ئینتەرنێت یا شانۆ،..تد، زۆرجاریش تاکەکانی ئەو جمهورە لە هەندە سیمادا نزیکن لەیەکتری وەك لەرووی ئاستی رۆشنبیری و رەگەزوتەمەن و بایەخدانیان،..تد، دەشبیٚ لە کۆمەڵگەی هاوچەرخدا تاکەکەسێك زیاتر لە ئامرازێك پەسەند بکات لەوانە: تەلەفزیۆن، سینەما،..تد.

**پرۆپاگنده**

پرۆپاگنده واته(هەوڵدان بۆ کارکردنەسەر کەسایەتی تاکەکان و چاودێریکردنی رەفتاریان لەپێناو ئامانجی (بەهایی)نازانستی یا گوماندار له کۆمەڵگەیەوزەمانیٚ(56)زۆرجار پرۆپاگنده به ئامانجی سیاسی دەبەسترێتەوه.

نووسینه بەراییەکان لەبارەی پرۆپاگنده بۆ لاسویل دەگەڕێتەوه(پرۆپاگنده له سەردەمی جەنگدا)ئەولێکۆڵینەوەیه سەبارەت به پرۆپاگنده بوو له نێوان ئەڵمانیاوهاوپەیمانان له جەنگی یەکەمی جیهان، چوون زیاتر ئێزگه بۆ پرۆپاگندەوشەڕی دەروونی بەکارهێنرا.

له سییەکاندا له ئەمریکا بەسەرپەرشتی لاسویل پەیمانگەی دیراساتی پرۆپاگنده دامەزرا، پەیمانگەکه چەندین سەرچاوەی لەو رووەوه بەهەمهێنا و چاپکرد، زۆرجاریش پرۆپاگندەی نازی و فاشی وەك دوو نموونەی پرۆپاگندەی پراکتیکی – مەیدانی ئامڕیان لێدەدرێتەوه باس دەکرێن له سەردەمی هاوچەرخدا.

پرۆپاگنده هەروەك چۆمسکی(57)دەڵیٚ(بەشێکی گرنگه له خزمەتگوزاری هۆیەکانی راگەیاندن له کۆمەڵگەی ئێستاماندا)ئەوه پرۆپاگنده له ئانوساتی ململانەوشەڕوشۆڕدا قووت دەبێتەوه.

**رازیکردن**

رازیکردن(ئیقناع) بریتیه له(پرۆسەیەك، له میانیدا تاك – نێرەر – ئاگەداربوونێك "زۆرجار زارەکییه" دەگوازێتەوه بەمەبەستی راستکردنەوەی رەفتاری تاکێکی دیکه"جەماوەر")(58) هەروەها ئاواش پێناسه کراوه(پێوەندیکردنێکه له میانەیدا هەڵوێست و بەهاوبیروڕای نویٚ یا پێچەوانه پەیرەو دەکریٚ به چەند رێگەیەکی دیاریکراو)(59)رازیکردن دەوەستێته سەر چەند قۆناغێك بۆ وەرگرتنی رای وەرگر یا هەڵوێستێك دەهەمبەر کاڵایەك یا خزمەتگوزاریەك یا کێشەیەك، ئەمەش بەپێی قەناعەتێکی نێوخۆیی نەك پشت بەستن به زۆریی نێرەر، رازیبوون زۆرجار له هەڵمەتەکانی میدیاوریکلامدا بەکاردیٚ.

**رای گشتی**

جان جاك رۆسۆ یەکەمین فەیلەسوف(فەرەنسی)بوو، که گوزارەی رای گشتی( publique opnion'l) له سەدەی هەژدەهەم بەکارهێناله میانەی باسکردنی پەیمانی کۆمەڵایەتی، له سەردەمی نوێشدا والتەر لیپمان(Lippman Walter) یەکەمین کەس بووبه تێروتەسەلی(60) ساڵی (1922)باسی له رای گشتی و حوکمڕانی کردووه له کتێبەکەی بەناوی(رای گشتی حوکمڕلنی

**میللی)(61)بە گشتی رای گشتی(62)واتە(هەڵوێستی خەڵکانێك لە هەمان توێژی کۆمەڵایەتی دەهەمبەر بابەتێك)یا(راوبۆچوونی تاکەکانی کۆمەڵگە لە کاتی گفتوگۆکردن لەسەر پرسێکی گرنگ)یا(سیستەمێکی ئاڵۆزی ئەو هەڵوێستانەیە، کە خەڵکانێك دەریدەبڕن لەبارەی کێشەیەکی گرنگی کۆمەڵایەتی) بە گشتی چەند خاڵێکی هاوبەش هەن لەبارەی رای گشتی:**

**1-هەبوونی کێشەیەك خەڵکانێکی سەرقاڵ کردبێت، هەر بابەتێکیش رایەکی گشتی تایبەت بەخۆی دێنتە بەرهەم.**

**2-بایەخپێدان هەبێت، سەرەتاش تاکەکەسەکان زیاتر بایەخدارن بەو پرسەوە، ئینجا پەرەدەگرێت بە هۆی خەڵکانی زێدە بزۆزو(دینامیکی)وەك سەرکردەکانی رەئی.**

**3-هەبوونی وتووێژێکی ئازاد راوبۆچوونە جیاوازەکان بگرتەوە، رای گشتی زادەی ئەو دەرەنجامەیە، کە تاکەکانی کۆمەڵگە پێی گەیشتوون پاش ئەوەی مشتومڕەکە بە کۆتا هاتووە لەبارەی هەمان کێشە، ئینجا پاش ئەو کێشمەکێشە کۆدەنگی دروست دەبێ، هەربۆیەش رای گشتی بوونی نییە لەو کۆمەڵگەیانەی دیالۆگی ئازادورۆژنامەوانی ئازادیان تیا نییە.**

**4-گوزراشکردن لە رای گشتی بەهۆی ئامرازەکانی میدیاوە.**

## کۆمەڵگەی جەماوەری(mass socity)

**کۆمەڵگەی جەماوەری بە کۆمەڵگەی دروستکراو و جڵەوگرتنی هۆیەکانی راگەیاندن، گرێدراوە، ئەو کۆمەڵگایە بەو سیفەتانە دەناسرێتەوە:**

**1-تاکەکانی سەر بە چەند باکگراوەندێکی جیاجیان وەك جمهوری تەلەفزیۆن.**

**2-تاکەکەسەکان یەکتری ناناسن(anonymous individuals).**

**3-کارلێککردنی نێوان تاکەکەسەکان سنووردارە.**

**4-مەرج نییە تاکەکانی بەردەوام بن یا چ رێکخستنێکی کۆمەڵایەتیان نییە.**

**جەماوەر(mass) بە لاتینی بە پێچەوانەی مانا عەرەبیەکەیە،واتە جەماوەر بە لاتینی ژمارەیەکی زۆری خەڵك دەگەیەنێ، کە بەجوداودوورلەیەکدی دەژین، لۆبۆن(Gustave Lebon)ئامادەی بەمە داوە لە نووسینی حەشاماتی گۆشەگیر(The Lonely Crowd) چەمکی کۆمەڵگەی جەماوەری بەندە بە چەمکی رۆشنبیریی جەماوەری(mass culture) کە لە نووسینەکانی هۆرکهایمەروئەدۆرنۆ یا قوتابخانەی فرانکفۆرت یا قوتابخانەی رەخنەیی(63)بەرچاو دەکەوێ.**

ئەو قوتابخانەیە پێی وایە رۆشنبیریی جەماوەری سەرخانێکی ئەوتۆیە رۆڵی هەیە لە ئامرازەکانی میدیا لمەڕ رەگداکوتانی لە کۆمەڵگەی هاوچەرخی سەرمایەداری لە خزمەت بەرژەوەندییەکانی ئەو چینانەی ئەو ئامرازانەیان لەبەردەستە.

**کۆمەڵگەی زانیارییەکان(information socity)**

ئاماژە بەو کۆمەڵگەیە دەدات، کە لە رووی مێژووییەوە لە قۆناغی بەرهەمهێنانی کاڵاوە هەنگاوی نا بەرەو قۆناغی بەرهەمهێنانی خزمەتگوزاری، هەروەها گۆڕینی پێکهاتەی چینە کۆمەڵایەتییەکان لە زاڵدەستی چینی کرێکار بۆ زاڵدەستی چینی ناوەند، هەروەها گۆڕانی شێوازەکانی پێوەندیکردن لە هۆیەکانی راگەیاندن بۆ تەکنەلۆجیای کۆمپیوتەروماملەکردن لەگەڵ ئامێر بۆ مامڵەکردن لەگەڵ ئەویدیکە(ئادەمیزاد).

**کاریگەرییەکانی ئامرازەکانی میدیابەسەر رۆشنبیریی و کۆمەڵگە**

کاریگەری ئامرازەکانی میدیا لەگەڵ دۆزینەوەی ئێزگەوفیلم لە بیستەکانی سەدەی بیستەم سەرییهەڵدا، جا لەو رووەوە چەندین لێکۆڵینەوە ئەنجام دران، هەرەگرنگترینیان لێکۆڵینەوەکانی پاین(Studies Payne)(64) بوون، کە تیشکی خستۆتە سەر گشت لایەنەکانی کاریگەری و کارتێکردن لەوانەش کاریگەری بەکارهێنانی هۆیەکانی راگەیاندن بەسەر شڵەژان و نیگەرانی لەکاتی خەوتندا، ئینجا کاریگەری توندوتیژی بەسەر رەفتار نەخاسمە بەسەر منداڵ و لاوان، لەو رووەوە لە شەستەکاندا چەندین لێکۆڵینەوە کران هەرەگرنگترینیان لێکۆڵینەوەکەی بەندورا( Albert Bandura)و شرام(Schramm Wilbur)بوو، هەروەها ئەو لێکۆڵینەوەیەی کۆنگرێسی ئەمریکی کۆمەکی کرد بەناوی لێکۆڵینەوەی(General Surgeon).

ئەو لێکۆڵینەوانە روونیان کردەوە، کە لێەدا چەندین فاکتەری هاوبەش هەن لەمەڕ دەستنیشان کردنی رەفتاری ئەو توێژانە وەك ژینگەی کۆمەڵایەتی، ئەو لێکۆڵینەوانە ئاماژە دەدەن بەوەی بە هۆی چەند هەلومەرجێك کاریگەری نەرێیانە دێتەئاراوە، وەك بوونی ئامادەگیی پێشوەختە لەمەڕ دوژمنداری لای تاکەکەس.

بەگشتی لێکۆڵینەوە لە پرۆسەی کاریگەرێتی ئەستەمە بەهۆی تێهەڵکێشیی فاکتەرە دەرەکییەکان و ئەو کاریگەرییە جیاجیایانەی هەمان کرۆکی بابەتەکە دەیخاتە سەر تاکەکەسەکان، جگەلەوەی ئەستەمە کاریگەریی بۆ ماوەیەکی زۆر وابهێڵیتەوە وەك هەیە، لە لایەکی دیکەوە چەندین دیراسەی دەروونی دەریان خستووە، کە بۆ نموونە زۆر بەکارهێنانی تەلەفزیۆن خراپ کاردەکاتە سەر خوێندن و دەرەنجامەکانی، لەو ناوچانەشدا هێشتا سەرقاڵ بوون بە کاریگەری بەرنامەوفیلمە هاوردەکان

بەردەوامە لەسەر رۆشنبیریی و بەها و ستایلەکانی ژیان جگەلە کاریگەریە سیاسییەکان، ئەوانەی بەندن بە میدیای خۆرئاوایی ئاراستەکراو بۆ ئەو ناوچانە.

## تەوەری سێیەم

### چەمکە بەهاییە میدیاییەکان

#### پێڕاگەیاندن

پێڕاگەیاندن(ئیبلاغ) گەیاندنی پەیامێکی بەهائامێزە، ئیبلاغ لە(تەبلیغ)ەوەیە، هات و رایگەیاند هەروەك وشەکە لە راگەیاندن و پێوەندیکردن ئاماژە دەدات، واتە (بەلاغ)ە لە (ئیبلاغ) وە، پێڕاگەیاندن گرێدراوە بە بەها نەك بە زەرورەت بەهەواڵ، دەوترێ هەواڵەکەم داپێی و نامەکەشم پێڕاگەیاند، کرۆکی بەها واتە(بەلاغی موبین)لە (ئیبلاغ)ەوە وەرگیراوە، بە رای ئێمە وا راستترە بڵێین (بانگێشت-دەعوە)و(ئیبلاغ) نەك (دەعوە)و (ئیعلام) چونکە پێڕاگەیاندن(ابلاغ)تایبەتە بەکرۆکی بابەتێکی نادیار لەر ووی کات وشوێن، لێ(اعلام)تایبەتە بە هەواڵ، کە بە رەتبوونی کات دەبێتە مێژوو، دەکرێ (دەعوە) لە لایەن رۆژنامەوگۆڤاروئێزگەوتەلەفزیۆن بەکاربهێنرێ لە (ئیبلاغ)کردنی جەماوەر بە پەیامەکە هەروەك چۆن پەروەردەکاران تەلەفزیۆن و کۆمپیوتەر لە پرۆسەی فێرکردندا بەکاردێنن، ئەمەش ناودەنێنتەکنەلۆجیای فێرکردن(Educational Technology) دەشێ لەو حاڵەتەدا تەکنەلۆجیای (دەعوە) بەکاربێنین هەروەك دەستەواژەی پەروەردەکاران.

#### گەشت

گەشت ئەدەبێکە لە ئەدەبیاتی(تەواسوڵ) تارادەیەك هەروەکو پێشەکی وایە بۆ ئەوەی بە(ریپۆرتاج-reportage)ی رۆژنامەوانی ناو دەبرێ، واتە جۆرێکە لە راپۆرتی رۆژنامەوانی ئامێتەیەك لە دەقی مێژوویی و ئەنترۆپۆلۆجی و ریوایەت و یاداشتنامە(بیۆگرافیا-biography) ئەدەبی گەشتکردن جگە لە گەشتیاری ناودار (ئیبن بەتووتە) ئەوسا هێندە مایەی سەرنج و گرنگیدان نەبوون تا ئەم دواییە نەبێ، ئەمەش بە هۆی چەند فاکتەرێکەوە لەوانە: بە ئاسانی ئەو ئەدەبە پۆلین ناکرێ وەکو لکێك لە لکە نوێیەکانی زانستی و مەعریفی، کە دەکرێ بخرێتە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە بەو پێیەی بابەتی دیراسەکردنە(matter subject).(65)

#### خەیاڵبەندی میدیایی

گوزارەیەکی نووسەری ئەم نامیلکەیە ساڵی(1991)لە ئەدەبیاتی راگەیاندندا سەریهەڵدا، وەك ئەلتەرناتیڤێك وایە بۆ چەمکی رای گشتی ویا دەمارگیریی یا (شورا) لە دیراسەکردنی واقیعی جەماوەر لە ناوچەی عەرەبی و ئیسلامیدا.

مەبەست لەو چەمکە(حاڵەتێکە هەستونەستە دەروونییە کۆمەڵایەتییەکان دەگرتەوە، کە فۆرمەڵە دەبێت بەهۆی رووبەڕووبوونەوەی جەماوەر لەناوچەکە لەگەڵ کرۆك و ئامرازەکانی پێوەندیکردنی جەماوەری لەلایەك و ئەو هەگبەیەی جەماوەر تەژی لە کولتووروئوستوورەئامێز لەلایەکی دیکەوە).

(خەیاڵبەندی)ستایلێکی هزرکردن رەنگ پێدەداتەوە، کە لەسەروبەندی فۆرمەڵەبوونە، ئینجا ناکرێ سروشتی و قۆناغەکانی گەشەسەندنی بە ئاسانی دەست نیشان بکرێت، چوون یادگەی مێژوویی بە شێوەیەکی شێواو تیایە تێهەڵکێشە، بەهۆی سەردەمەکانی پووکانەوەودیاردەی کۆلۆنیالیزم لەگەڵ هەوڵدانی ئامرازەکانی میدیا بۆ پازدان بەسەر مێژوو و واقیع نەخاسمە لە کۆمەڵگە عەرەبییە ئیسلامییەکان، خەیاڵگە سروشتێکی دیاروجیای هەیە، چوون مەرج نییە بە ریتمێکی دیاریکراوی ئایدیۆلۆجی بەند بێت، وەك ئەو ئایدیۆلۆجیایەی پشت بە پرەنسیپی پاساودانی واقیع دەبەستێت، هەروەها ئایدیالیستیش نییە واقیعەکە ببەزێنێ، بەلکە تەونێکە لەو بەها ئوستوورییە رەگداکوتاوانەی نێو هەست و نەستی ئادەمیزاد لەو ناوچەیەدا، هەروەها بەها دەستکردەکانی نێو هۆیەکانی راگەیاندن، سەبارەت بە فۆرمی ئاراستەکردنی ئەو خەیاڵگەیە هێشتا دیارینەکراوە، جا چ رووەو پارێزگاریکردن لە واقیعەکە یا گۆڕینی و بەهەر لاوئاراستەیەك، هەروەها سیفەتی میدیاکار دراوەتە پاڵ خەیاڵگە بۆ جیاکردنەوەی لە جۆرەکانی دیکەی خەیاڵگە وەك خەیاڵگەی کۆمەڵایەتی، کە دەشێ کاربکات بۆ بەزاندنی واقیع گەرهاتوو بە رووی سیفەتێکی گونجاوو(موعتەبەر)ی رۆشنبیریی هۆیەکانی راگەیاندن دانەکەوت، گەرچیش ئەو خەیاڵگەیانە زۆرجار تێهەڵکێشن.

لەو گوزارە پێشنیازکراوەدا لە نێو(خەیاڵبەندی بەرجەستەکراو)جیامان کردەوە بەمەبەستی دیراسەکردنی سروشتی ئەو خەیاڵگەیە هەروەك چۆن گوزارش لە خۆی دەکات لە میانەی کارلێککردنی لەگەڵ رووداوەکاندا، کە لەرێی کەناڵەکانی ئامرازەکانی پێوەندیکردنەوەی پێی دەگات(خەیاڵبەندی موجەرەدی میدیایی)بەمەبەستی بیرکردنەوە لە چۆنیەتی دیراسەکردنی ئەو چەمکە بە پێی بنەمای شارستانی و مێژوویی زادەی کەڵەکەبوونێکی کولتووری عەرەبی ئیسلامی لە کارلێککردنی لەگەڵ زەمان و مەکان لە گشت قۆناغە جیاجیاکانی پەرەسەندنیدا.(66)

**زەمەنی میدیایی(رەمزی)**

زەمەن بە بەهاوە بەندە، واتە بەهای پەیوەست بە پەیوەندی ئادەمیزاد بە خواوئادەمیزادودەروبەری و..تد، ئەسڵی ئەو بەهایەش بۆ دین دەگەڕێتەوە، لێ شتگەلە رۆشنبیریی و کۆمەڵایەتییەکان(زەمەن

له قۆناغێگەوە بۆ یەکێکی دیکەولە کۆمەڵگەیەك بۆ یەکێکی دیکە جیاوازە)دواتر هاتن دوور یا نزیك له بەها ئەسڵەکەی زەمەن، زەمەن لەخۆیدا بەهایەکی چرکەییە(لە چرکەکانەوە)لە حوکمدانە سەر کردەوەی ئادەمیزاد واتە پەیوەندی بە خوداوخۆی و ئەویدیکە جا چ تاك یا گرووپ، دوماهی زەمەنی بەهایی بەرای ئێمە سەرچاوەی گشت زەمەنەکانی دیکەیە، بەڵام زەمەنی رۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی هەنووکەی و گوزەرێنراو لکێکە لە سەرچاوە رەسەنەکەو پلە بە پلە داماڵراوە بەهۆی فاکتەری نێوخۆیی و دەرەکی و تارادەیەکیش زەمەنە دینییەکەی پاراستووە، کە تەنیا لە بۆنەکاندا کاریگەرن و بەدیار دەکەون وەم رەمەزان و جەژنەکان و..تد، واتە زەمەنی بەهائامێز لە زەمەنە دینییەکەدا خۆی دەبینتەوە، واتە ساتەوەختەکانی گوزەرێنراو(ئێستا)و ئەو زەمەن بەهائامێزەش پڕبەپێستی ژیانی کۆمەڵایەتی و کایەکانی دیکە، نییە.

زەمەنی میدیاییش بریتیە لەو زەمەنەی پەیوەسەتە بە ریتم و کرۆکی ئامرازەکانی میدیا، ئەو زەمەنە دیوێکی بنەڕەتییە لە گەشە یا فۆرمەڵەبوونی زەمەنی کۆمەڵایەتی، گەرچی زەمەنی میدیایی بەگشتی لە دەرەوەی زەمەنی بەهائامێزدایە.

له رووی بونیاتەوە زەمەنی میدیایی زەمەنێکی رەمزییەو راستەقینە نییە، واتە ئادەمیزاد تیایدایە بە سیفەتێکی رەمزی وەك تەماشاکردنی تەلەفزیۆن بۆ نموونە، بەرایی وا دیار دەدات، کە پەیوەندی نێوان هەردوو زەمەنی کۆمەڵایەتی و میدیایی پەیوەندییەکی جەدەلییە واتە کۆمەڵایەتییەکە تارادەیەك لە میدیاییەکە رەنگ دەداتەوە، ئەمیش(میدیایی)کار دەکاتە سەر کۆمەڵایەتی، ئاکام، لەبەرئەوەی زەمەنی میدیایی بەهۆی دەسڕۆییشتڕۆیی بۆ گشت توێژەکانی کۆمەڵگە وەك ئامێرەکانی ئێزگەوتەلەفزیۆن و ئینتەرنێت و شەکەتی و کاتکوشتنێکی زۆر لەلایەن تاکەوە بەدیار ئەو ئامێروماملەکردنی لەگەڵ ئەو ئامێرە زەمەنئامێزانە ئەوە ئاراستەکەری زەمەنە کۆمەڵایەتییەکەن.

به گشتی ئەوەی باوە ئێستا ئامێتەیەك هەیە لە هەردوو زەمەنی کۆمەڵایەتی و میدیایی هەردووکیشیان سنووردارن لە بەندبوونیان بە زەمەنی بەهائامێزدا، بەمەش زۆربەی کۆمەڵگەکانی ئەو ناوچانە بوونەتە قەوارەی نازەمەنی، واتە لە پەراوێزی زەمەن و مێژوودا دەگوزەرێنن، قەوارە نازەمەنییەکان خودان زەمەنێکی هەڵوەشاوە توانای ئەوەی نییە کاربکاتە سەر زەمەن، چما ئاراستەکردنی بەو یا بەم روو و ئاراستەیە.(67)

## شوێنی رەمزی

شوێن، ژینگەی فیزیکی(68)کە خەڵکی تیا دەژی، بەشێکە لە پێکهاتەی زاتی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، ئەم خاڵانەش دەگرێتەوە:

1-جوگرافیای شوێن:بەری ونزمی وەك پێدەشت و گردوچیاوبیابان وروبارودەریاوكەشوهەوا.

2-بەها(69)ونەریتەكان(70)جڵەوگری پەیوەندییە لەگەڵ ژینگە.

3-بیناسازی: خانووەكان و گەڕەك و كۆڵان وفرۆشگەكان"حوانیت"(71)و قوتابخانەوقاوەخانەونانەواخانەكان و چێشتخانەوباخچەوپەرستگاكان و یاریگەوگۆڕستان و بارەگاوفەرمانگە كارگێڕییەكان و پردەكان و بەندیخانەوتیاترۆخانەوپێگەوئۆردووە سەربازییەكان و كارگەكان،..تد.

شوێن ئامێتەیەكە لە سروشت وبەهاوكولتووروشێوازەكانی مامڵەكردن لەگەڵ ژینگەوئەویدیكەوبیناسازی، هەروەها رۆڵی هۆیەكانی راگەیاندن و پێوەندیكردن وەك تەلەفزیۆن و سینەماوگۆڤاروڕۆژنامەوئینتەرنێت لە فۆرمەڵەبوونی ستایلەكانی وێنە شوێنئامێزەكان، كە لە دەرەوەی واقیع و گوزەران وژیانی رۆژانەدایە، بەمەش بە رووی شوێنگەلی رەمزی دوورەدەست و باو دەبێتەوە لەگەڵ زێدەبوونی پەیوەست بوون بەو ئامرازانە.

((زۆر)) بەكارهێنانی هۆیەكانی راگەیاندن نەخاسمە تەلەفزیۆن و ئینتەرنێت دەبێتە هۆی جۆرێك لە(نامۆبوون) لە شوێنی گوزەران و پەیوەست بوون بە شوێنێكی تازەی باو، كە ئەو ئامرازانە بە گشتی لە رێی فیلم و دراماوریكلامەكان نیشانی بینەرانی دەدەن.

واتە شوێنی تازەی رەمزی دەبێتە شوێنی(راستەقینە) واپێدەچێ وەك یەك بن و تایبەتمەندیەتی شوێن لێرەدا بوونی نییە، ئەمەش بەشێكە لە عەولەمەی شوێنایەتی، شوێن بەتەنیا كایەیەكی فیزیكی نییە، بەلكە فەزایەكە لا لە گشت بوارەكانی ژیاندا دەكاتەوە وەك بەهای(شوێنایەتی)و جۆری پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان و شێوازی بیناسازی و ..تد، لێرەدا تێهەڵكێشیەك هەیە بە گشتی لە نێوان شوێن و لایەنە بەهایی و كولتووری ودەروونی و كۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و مێژوویی و بیناسازییەكان لە كۆمەڵگەدا.(72)

### سەرمایەی رەمزی

سەبارەت بە زیاتر دەوڵەمەندكردنی ئەو چەمكە تارادەیەك پشتم بەستووە بە تیۆرەكەی(بۆردیۆ) تایبەت بە سەرمایەی رۆشنبیریی، سەرمایەی رەمزی(هۆیەكانی پێوەندیكردنی جەماوەری)لەو باسەدا ئەمانە دەگرتەوە:

1-(سەرمایەی ماددی)واتە سەرمایەگەلیَ بەوپێیەی بونیاتی میدیای ئابوورییە.

**2-(سەرمایەی ڕەمزی)واتە هۆیەکانی ڕاگەیاندن بەو پێیەی سەرخانێکە نزیك یا دووردەکەوێتەوە لە ژیانی ڕۆژانە چ ڕۆشنبیریی یا کۆمەڵایەتی یا مێژوویی.**

**3-(سەرمایەی بەهائامێز)واتە ئەو واتایانەی لە ڕووی تیۆریەوە بنەمای بزاوتی ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی پێکدێنن، کە بنەچە مەرجەعی و مەعریفییەکەی لە موعتەقەدوکایە مێژووییەکەی سەرچاوەی گرتووە.**

**هەر سەرمایەکیش بوارێکی تایبەت بەخۆی هەیە، سەرمایەی ماددی(ئابووری سیاسی) سەر بەمانەیە:**

**1-کایەی دەسترۆیی-نفوز... تایبەتە بە سەرمایەی ڕەمزی.**

**2- کایەی جەمسەرگیریی، کە بۆتە خاڵی کێبڕکێ و ململانە لەمەڕ بیناکردنی ڕاستی و وێنە ڕەمزییەکان، کە بەرژەوەندی یا ئایدیۆلۆجیای دیاریکراو ڕەنگ پێدەداتەوەو سەرمایەی بەهاییش بە دوور دەگرێ.**

**3-کایەی تەکانپێدان لە نێوان خێروشەڕدا بەگشتی لەسەر هەر ئاستێك بێت، تاك یا نەتەوە، کایەیەکی دیکەم زیاد کرد (چوارەم)لە دەرەوەی سەرمایە ئامانجی خەیاڵگەی کۆمەڵایەتی میدیایی تایبەتە بە:**

**4- کایەی قۆرخکردن، کە شەرعیەت لە ڕووی ڕووالەت و ناوەڕۆك دەداتە پاڵ سەرمایەی ڕەمزی و نارەمزی باو لە کۆمەڵگەدا.(73)**

**زمانزبریی و میدیا**

**مەبەست لە(زمانزبریی) لەو باسەدا لەنگکردنی(بونیاتی بەهایی) زمانە، لەتەك ئەو بونیاتانەی دیکە، کە زمانناسان تاوتوی دەکەن وەك ڕێساکانی ڕێزمان-گرامەر-وشیتەڵکاری و دیسپلینی دەریچەکانی پیتەکان و دەنگ،..تد، زمان ئەرێیانە کاردەکاتە بیسەرو پێی دەوڵەمەند دەبێت کاتێك بە بەهاکان(بارگاوی) بێت و بەپێچەوانەوە ئەگەر هاتوو تارادەیەك لەو ناوەڕۆکەی داماڵرا وەك ئێستا سەرنج دەدرێ لە زمانی گفتوگۆی ڕۆژانەومیدیادا، ئەوە تاکوتەرا نائەکتیڤە یا بە ئامرازێکی بێلایەن لەقەڵەم دەدرێ.**

**کەواتە (زمانزبریی)دیاردەیەکە تاڕادەیەك نامۆ(74)لە زماندا، گەرچی دیوێکی زمانە بەهۆی تێهەڵکێشی نێوان زمان و کردەی ئاخاوتن نەخاسمە لەگەڵ پاشەکشەی پێگەی زمان لە ڕووی**

**مێژوویی و بڵاوبوونەوەی ئاخاوتن وەك دیاردەیەكی دەنگئامێز لەگەڵ رۆشنبیریی زارەكی و بەربڵاویی ئامرازە تازەكانی میدیا**(75)**باڵی كێشا.**

## ژینگەی بەهایی زمانەوانی

**ئەسڵ لە زماندا ئیحتیوای بەهاوگواستنەوەیەتی هەروەك لە كتێبە ئاسمانییەكاندا هەیە، زمان دەفرێكە لە شكۆدارترین ئەو واتایانەی دەكرێ تاكەكەس پەیوەست بێت پێیان، سەرەتا(وشە بوو)لێ ئەوەی قسەكەرەكان هێنایان لە گوتەزا یا گوزارەی نوێكراوە، ئەمە زمانێكی دیكەیە ئەرێیانە یا نەرێیانە هێنراونەتە نێو زمانە رەسەنەكە بە پێی حاڵەتە دیاریكراوە تاكەسییەكە یا كۆمەڵایەتی یا مێژووییەكە.**

**زمان بە رای ئێمە پەیام و ئامرازێكی گواستنەوەی بەهایە نەك تەنیا ئەدای پێوەندیكردن بەجۆرێك لە خۆیداو بۆخۆی بخوێندرێ، بەڵ بەدەوری خۆی بەندە بە رێساكانی رێزمان، چوون گۆڕان لەبونیاتدا دەبێتە هۆی گۆڕان لە واتادا، بەها لە شتە هەرە لەپێشەكانە لەچاو بونیاتەكانی دیكەی زماندا وەك: رێزمان و شیتەڵكردن،..تد.**

**گەرشیا بڵێین- رێساكانی رێزمان سەرخانن و ژینگە بەهاییەكە دەنوێنن، كە زمانی لەسەر بونیات دەنرێ، جا گەرهاتوو ئەو پەیوەندییە بەندارییە سست یا كز بوو ئەوە رۆڵی زمان زۆر تەسك دەبێتەوەو دەبێت بە دەنگگەلێ لەیەككاتدا هەموو شتێك دەگەیەنێ و هیچ شتێكیش ناگەیەنێ.**(76)

## ئەخلاقیاتی بەهایی میدیایی

**ئیتیكی میدیایی، واتاكانی لە ئاینزاوكولتووروواقیعی نوێباو سەرچاوەی گرتووە، پێشتریش روونمان كردەوە لە لێكۆڵینەوەیەك لەبارەی نەورەسی(بەدیعولزەمان)، كە چەمكە ئەخلاقییەكان بە زمانی عەرەبی بنەچەی بەهاییان هەیەو زیاتریش لەمە، تارادەیەك سیفەتێك لە سیفەتەكانی خودا**(77)**رەنگ پێدەداتەوە، ئەو تەرحە بۆ نموونە لە خودی گوزارەی(ئەخلاقیات) روون دەبێتەوە، چوون لە زمانی عەرەبی سێ شیتەڵكاریی یەكدیگرە:**

1- **ئەلخالق**-الخالق-**(لە خۆیدا یا سیفەتەكانی"ناوەكانی خوداوەند").**

2-الخلق-**ئەلخەلق، واتە مەخلوقاتەكان، لەوانەش ئادەمیزادی قەدگران**"و قد كرمنا بني ادم وحملناهم في البر والبحر ورزقناهم من الطيبات وفضلناهم على كثير ممن خلقنا تفضيلا"(78).

3-الخلق-**ئەلخولق، واتە ئەو بەهایانەی تەحەكوم بە خەلق دەكەن بەو پێیەی، بە پێی زمانی نەورەسی، دەركەوتنی ناوەكانی خودایە.**

## سکەی بەهایی میدیایی

ئەو چەمکە لە چەمکێکی نەورەسی "سکە"وەرگیراوە، چەمکی (سکە یا مۆر–خەتم)واتە هەموو شتێك لە گەردووندا خەتمی ئیلاهی پێوەیە، کە بەو رووالّەت و بەرجەستەکارییە فۆرمەڵەی کردووە یا تەبعی کردووە، ئەو(سکە)یە لە هەر پشك و پارچەیەکی گەردووندا هەیە و تەنیا لای کەسی غافلْ نییە"ئەو گوڵە وەك خەتمێك وایە بە روونی دەلالەت لە وێنەگری باخچە دەکات، کێ خاوەنی ئەو خەتمەبوو–گوڵەکە– ئەوە خاوەنی گشت ئەو گوڵەوجۆرە گوڵێکی سەر ئەرزە، هەروەها مانای ئەوەیە ئەو باخچەیە نووسینەکانیەتی، واتە هەر شتێك، گشت شتێك بۆ خالقەکەی دەگێڕتەوەوئاماژە دەدات دەرکەوتەی سەرسووڕهێنەری مەزنی تاکیەتی خودا "(79)مەبەست لە سکەی بەهایی میدیایی ئەوەیە: کرۆکی میدیایی مۆر یا واتایەکی بەهائامێزی هەبێت.(80)

## توانایی میدیایی ئیستیعمار

چەمکێکە لە چەمکی مالك بن نەبی(توانایی ئیستیعمار)وەرگیراوە، مەبەست لێی ئەوەیە: ئەگەر هاتوو میدیای خۆماڵی سست و لاواز بوو لە رووی بەهاییەوە ئەوە میدیای دەرەکی نەرێیانە کاردەکاتە سەر جەماوەری نێوخۆیی، بەمەش زەوینەی کاریگەرییە چاوەڕوانکراوە دەرەکییەکان دەڕەخسێنیّ.

## هاوکێشەی: ئادەمیزاد – خاك – زەمەن – میدیا

هاوکێشەکەی مالك ئیبن نەبییە(ئادەمیزاد – خاك – زەمەن) بە میدیاوە، واتە ئەو پەیوەندییەی ئەو رەگەزانە بەیەکەوە گرێدەدات لەو موعتەقەدەو سەرچاوەی گرتووە، کە وزەوتوانای رۆحی ژیاری بزوێنەر دەنوێنیّ، بەبیّ ئەوەش ئەو وزەیە هەر چوار رەگەزەکە دەکات بە پارچەی پەککەوتوو و لە دەرەوەی بازنەی بزاوی شارستانیی مێژوویی.

# تەوەری چوارەم

## پێشەنگانی زانستی میدیاوپێوەندیکردن

شرام(ویلبەر)لە کتێبەکەی(پرۆسەوکاریگەری ئامرازەکانی پێوەندیکردنی جەماوەری– Mass of Communication The Process and Effect) چوار تۆژەری پێشەنگی دەست نیشان کردووە لە داڕژتنی تایبەتمەندیەتی میدیاوپێوەندیکردن: لازرسفیلد، لاسویل، هۆڤلاند، لوین.

1-**لازرسفیلد**(Paul, Lazarsfeld)(1901-1976): **كۆمەڵناسێكی ئەمریكییە، دامەزرێنەری نووسینگەی تۆژینەوە كۆمەڵایەتییە پراكتیكییەكان بوو لەزانكۆی كۆلۆمبیا، هەروەها دامەزرێنەری قوتابخانەی ئیمبریقی لەمەڕ دیراساتی كۆمەڵایەتی بوو، تیۆری(لێشاوی راگەیاندن)بۆ ئەو دەگەڕێتەوە، كە بە دوو قۆناغ بوو لە پاش دووەمین جەنگی جیهانی، لە هەرەگرنگترین دانراوەكانی لەمەڕ كاریگەری پێوەندیكردنی كەسێتی بە بەراورد لەگەڵ كاریگەری ئامرازەكانی راگەیاندن(كاریگەری كەسێتی**- Influence Personal).

2-**لاسویل**.**هارۆلد**(Harold,Lasswell)(1902-1978):

**كۆمەڵناسێكی ئەمریكییە سەر بە قوتابخانەی شیكاگۆیە، لە زانكۆی(یال)**(University Yale) **مامۆستا بووە، بەشداری كردووە لە پەرەپێدانی تیۆری پرۆپاگندە كاتێك لە پاش یەكەمین جەنگی جیهانی لە پرۆپاگندەی كۆڵیوەتەوە، یەكەمین دانراوەیشی ساڵی**(1927)**بریتیە لە(تەكنیكی پرۆپاگندە لە جەنگی جیهانیدا)**(Propaganda Technique in the World War).

**لاسویل بەو رستەیە ناسراوەی لەبارەی پێوەندیكردنەوە دەناسرێت((كێ، چی دەڵێ، بۆ كێ، بە كام ئامرازو چ كارتێكردنێك**- who (says) what (to) whom(in)What channel (with)what effect).

3-**هۆڤلاند**.**كارل**(Carl,Hoveland)(1912-1962):

**دەروناسێكی ئەمریكییە، لە زانكۆی (یال)**(University Yale) **مامۆستا بووە، هەروەها لە سوپای ئەمریكا لە جەنگی دووەمی جیهان كاری كردووە، كاتێك لێكۆڵینەوەیەكی لەبارەی كاریگەری فیلمی پرۆپاگندەیی**(81) **لەسەر سەربازی ئەمریكایی، ئەنجام داوە.**

**لێكۆڵینەوەكانی رۆڵیان هەبوو لە فامكردنی كاریگەری رازیكردن(ئیقناع) بەسەر وەرگر كاتێك روونی كردەوە، كە پەیامی رازیكردن تەنانەت گەر بەهێزیش بێت ئەوە كاریگەری خۆی بە سەر وەرگرەوە هەیە، بەڵام بە رەتبوونی كات ئەو كاریگەرییە كاڵ دەبێتەوە بەهۆی ئەوەی پێی دەڵێن داخورانی سروشتی**(decadence normal) **بەڵام ئەگەر هاتوو سەرچاوەی پەیامی رازیكردنەكە جێی باوەڕ نەبوو و -مسداقیەت-ی نەبوو، ئەوە كاریگەری ئەو پەیامە بەردەوام دەبێ بە پێی كاریگەری خەوتووانە**(the effect sleeping)**یا (سست و خاو)چوون وادیارە وەرگر بە رەتبوونی كات ئەو هاوبەندییەی نێوان سەرچاوەوناوەڕۆكەكە خاووشل دەكاتەوە، بەتەنیا ئاسەوارەكە دەمێنێتەوە.**

4-**لوین**.**كورت**(Kurt, Lewin)(1890-1947):

دەروونناس و کۆمەڵناسێکی ئەمریکایی بە ئەسڵ ئەڵمانییە، لەچەندین زانکۆی ناوداردا کاری کردووە وەك:ستانفۆرد(Stanford)و ئێم.ئای.تی(MIT) پشکدارییەکانی: پێوەندیکردن و دینامیکیەتی گرووپ(dynamics group) جگەلە چەمکی پاسەوانی دەروازە(gatekeeoer).

لە نووسینەکانیدا ریتمی قوتابخانەی رەخنەیی سەر بە ئەڵمانیاو قوتابخانەی کارلێککردنی رەمزیی ئەمریکایی بەرچاو دەکەوێ، جگە لە رۆڵی لە رووی دەروونناسیەوە لەمەڕ قوتابخانەی رەفتارگەریی و ئەقڵیی.

## تەوەری پێنجەم

### کتێبە کلاسیکی و مێژووییەکانی زانستی میدیاوپێوەندیکردن

*Lazarsfeld,Paul & Elihu Katz.(1955)Persnal Influence,New York:Columbia University Press.

لە هەوەڵین ئەو کتێبانەیە دەربارەی میدیا، چوون کاریگەری کەسێتی پێوەندیکردن بە بەراورد لەگەڵ کاریگەری ئامرازەکانی میدیا، دەگرتە خۆوە، هەروەها شرۆڤەکردنی تیۆری لێشاوی راگەیاندن لە دوو قۆناغدا.

*Lazarsfeld,P.,B.Berelson,and H. Gaundet.(1954).The People’s Choice.New York: Columbia University Press.

لەهەرە گرنگترین دانراوەکانی لازرسفیلدەو تایبەتە بە کاریگەری دیاریکراو، کە هەڵمەتەکانی میدیا لەمەڕ هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا ئەنجامی دەدا.

*Daiel Lerner.(1958),The Passing of Tradtional Society: Modernizing the Middle East, New York,The Free Prress.

هەرە گرنگترین کتێبە تیشك دەخاتە سەر بەربەستەکانی پەرەپێدان لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، ئەو کتێبە لە لایەن پەمانگەی ماشاسوتس بۆ تەکنەلۆجیا لە ئەمریکا بەسەر پەرشتی لرنەر کۆمەکی کردووە.

*Siebert, F.S.(1968-1956).Four Theories of the Press:The Authoritarian,Libertarian, Social Responsibility and Soviet Cmmunist Concepts of what the Press Should Be. Philadelfia: Ayer.

ئەو کتێبە دانەیەکی تازەی ئەو کتێبەیە، کە لە پەنجاکان بەهەمان ناونیشان دەرچووەو باس لەو سیستەمانەی میدیا دەکات، کە تەحەکوم بە ڕۆژنامەوانی دەکەن: سولتەویەت، لیبرالیزم، بەرپرسیارەتی کۆمەڵایەتی و کۆمۆنیستی سۆڤیەتی.

*Joseph T. Klapper.(1960),The Effect of mass Communication, New York,The Free Press.

ئەو کتێبە کۆمەڵە دیراسەیەکی کلاسیکی دەگرێتەوە لەمەڕ کاریگەرێتی ئامرازەکانی میدیا – لە کۆن و ئێستادا– لە کۆمەڵگەدا.

*Wilber Schramm.(1980),Mass Commmunications,Urbana,University of Illinois Press.

ئەو کتێبە کلاسیکیە کۆمەڵە دیراساتێکی تاکەکەسی چەند تۆژەرێکە لەمەڕ ڕەگەزە جیاجیاکانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن وەك مێژوو و ئەرکەکان و کاریگەرییەکان.

## سەرچاوەگەلی دیکەی هەڵبژاردە

*Akmajian,A.,Demers, R.A.,Farmer, A.K.,&Harnish, R.M.(2001). Linguistics:An Introduction to Language and Communication.MIT Press.

ئەو کتێبە باس لە زمانەوانی دەکات، هەروەها پەیوەستی زمان بە تەواسول و پەیوەندییە مرۆییەکان.

*Alexis S. Tan.(1981)Mass Communication Theories and Research, Columbus, Ohio Crid Publishing Inc.

کتێبەکە تیۆرەکانی میدیاو چەند نموونەیەك لە لێکۆڵینەوە مەیدانییەکان لەو بوارە تاوتو دەکات.

*Alvin Yoffler. (1990)The Third Wave, New York, Bantam Books.

ئەو کتێبە باس لە سەرهەڵدانی کۆمەڵگەی زانیاری و نەوەی نوێی تەکنەلۆجیای پێوەندیکردن وەك کۆمپیوتەرومانگە دەستکردەکان و ریشاڵەکانی بینین و..تد، دەکات، کە کۆمەڵگەی لە قۆناغی پیشەسازی گواستەوە بۆ قۆناغی پاش پیشەسازیکاری و زاڵدەستی کەرتی سێیەم واتە کەرتی خزمەتگوزاری لەو کۆمەڵگەیەدا.

*Anita Taylor, Arthur C.Meyer, Teresa Rosgrand, and B. Thomas Samples.(1992),Communicating, New Jersey, Prentice Hall.

ئەو کتێبە هونەری پێوەندیکردن بەوانیدیکە باس دەکات لە میانەی گشت پەیوەندییە مرۆییەکان.

*Bennett, L.(2002).News:The Politics of Illsion(5th ed.).New York: Longman.

ئەو کتێبە چۆنیەتی بەکارهێنانی رووماڵکردنی هەواڵ تاوتو دەکات بۆ بەدیهێنانی ئامانجی هەنووکەیی سیاسی بە تایبەتی لە ئەمریکا.

*Biagi, S.(2003).Media impact: An Introdution to Mass Media(6th ed).Blmont CA: Wadsworth.

ئەو کتێبە باس لە ئامرازەکانی راگەیاندن دەکات وەك رۆژنامەوئێزگەوتەلەفزیۆن و تۆڕەکانی زانیاری لە رووی مێژووی، رۆڵەکانی، رەوشە هەنووکەییەکانی لەگەڵ تیشك خستنە سەر پەرەسەندنە تەکنیکییەکان لەو بوارەدا.

*Bonvillian, N.(1999). Language, Culture and Communication: the Meaning of Messages(3rd ed). Englewood Cliffs NJ: Prentice Hall.

ئەو کتێبە باس لە پەیوەندی نێوان زمان و کەلچەروپێوەندیکردن وواتاکان دەکات، کە دەق هەڵیگرتووە لە چوارچیوەی ئەو هاوکێشەیەدا.

*Brenda Dervin, Lawrence Grossbery, Barabara O'Keefee and Ellen WArtella.(1989),Rethinking Communication, London, SAGF Publication, London.

ئەو کتێبە تیشك دەخاتە سەر ئەو ئامرازە تازانەی لە پێوەندیکردن بەکاردێن.

*Campbell, R.,Fabos, M.,& Martin,C.R.(2003).Media and Culture: An Introduction to Mass Communication (4th ed). Orange VA: Bedford.

ئەو کتێبە پەیوەندی نێوان ئامرازەکانی میدیاوکەلچەر تاوتو دەکات، هەروەها کاریگەری بەسەر ئامرازە جیاجیاکانی میدیا وەك رۆژنامەگەری نووسراوو ئێزگەوتەلەفزیۆن و ئیدیکە.

*Chandler, D.(2001).Semiotics: The Basics. London: Routledge.

ئەو کتێبە دەربارەی سیمۆجیا یا بونیاتگەرییە، لەرووی پرەنسیپەکانی و چۆنیەتی پەیوەست بوونی بە دیاردە زمانەوانی و رۆشنبیرییەکان لەگەڵ جەختکردنە سەر پێشەنگانی رێبازی بونیاتگەریی لە فەرەنساوئەمریکا.

*Charles S. Steinberg.(1972), Mass Media and Communication, New York, Hastings House Publishers.

ئەو کتێبە باس لە ئامرازەکانی میدیاوپێوەندیکردن لە کۆمەڵگەی هاوچەرخ دەکات.

*Christin,A.M(2002).A History of Writing: From Hieroglyph to Multi-media. Paris: Flammarion.

ئەو کتێبە باس لە مێژووی سەرهەڵدانی نووسین وەك زمانی دووەم دەکات، هەروەها چۆنیەتی گۆڕانی ڕەمزە نووسراوەکان بۆ بەشێکی سەرەکی لە میدیای هاوچەرخی(فرەرەنگ)

*Crow, D.(2003).Visible signs: An Introduction to Semiotics.West Sussex, UK: AVA Press.

ئەو کتێبە باس لە ڕەمزە بینراوەکان وەك وێنە دەکات، چەشنی دەروازەیەك لە دیراسەکردنی ڕەمزە نازمانەوانییەکان، کە تایبەتە بە بونیاتگەریی یا سیمانتیکیی.

*Daniel Bell.(1973).The Coming of Post-Indutrial Society, New York: Basic Books.

ئەو کتێبە باس لە پەیدابوونی کۆمەڵگەی میدیایی(یا زانیاری)دەکات، لە خۆرئاوا پاش جەنگی دووەمی جیهان لە ئاکامی گۆڕانی بونیاتی ئابووری خۆرئاوا لە پشت بەستن بە کەرتی بەرهەمهێنەری کاڵا بۆ کەرتی بەرهەمهێنانی خزمەتگوزاری و زانیاری.

*DeBeer, A.S., & Merrill, J.C.(2003).Global Journalism: Topical Issues and media Systems(4th ed)New York: Allyn & Bacon.

ئەو کتێبە باس لە ڕۆژنامەگەریی دەولی دەکات لە ڕووی بابەت و سیستەمەکانی میدیا.

*Denis McQuail & Sven Windahl.(1996), Communication Models for the Study of Mass Communication, London, Longman.

ئەو کتێبە دانراوێکی کلاسیکییە لەبارەی تیۆرەکانی پێوەندیکردن وەك مۆدێل سەرەتا مۆدێلەکەی لاسویل تا مۆدێلی گربنەر، ئەو کتێبە کراوەتە عەرەبی.

*Dominick, J.R.(2002)The Dynamics of Mass Communication: Media in the Digital Age(7th ed).Boston:McGraw-Hill College.

ئەو کتێبە ئامرازە جیاجیاکانی ڕاگەیاندن دەخاتەڕوو، هەروەها ریکلام و پەیوەندییە گشتییەکان و پەرەستاندنی.

*Edward S Herman and Chomsky.(1988),Manufacturing Consent: The Political Economy of the Mass Media, New York, Pantheon Books.

ئەو کتێبە باس لەو شێوازانە دەکات، کە سیستەمی سیاسی بەکاری دێنێ لە ئەمریکا بۆ بەدیهێنانی کۆدەنگیی لەبارەی کێشە(دروستکراوەکان)کە خزمەت بە بەرژەوەندی کۆمپانیا گەورەکانی ئەمریکا دەکەن بەجەخت کردنە سەر ڕووداوەکانی ئەمریکای باشوور.

*EI-Nawawy, M.,Iskander, A.(2002).AI Jzeera: How the Free Arab News Network Scooped the World and Changed the Middle East. Nashville TN.Westview.

ئەو کتێبە سەر بە دیارساتە نوێیە خۆرئاواییەکانە لەبارەی کەناڵی جەزیرەی قەتەری.

*Fernand Terrou, I'Information.(1979), Que Sais-Je,Paris, Presses Universitares de France.

ئەو کتێبە مێژووو ئەرکەکانی ئامرازەکانی میدیا دەخاتەڕوو لەگەڵ هەندە نموونەی ئۆروپایی.

*Gans, H.J.(2003).Democracy and the News.London; Oxford.

ئەو کتێبە پەیوەندی نێوان دیموکراسی و هەواڵ تاوتو دەدات، لەگەڵ جەخت کردنە سەر ئەزموونی ئۆروپا.

*Hachten, W.A.(1992)The World News Prism: Changing Media in International Communication(3rd ed).Ames IA: Iowa University Press.

ئەو کتێبە باس لە میدیای دەولی و گۆڕانکارییەکان دەکات، کە کاردەکەنە سەر ئەدای ئامرازە دەولییەکانی میدیا.

* Hachten, W.A. (2002).The World News Prism: Global Media in an Era of Terrorism(6th ed).Ames IA:Iowa University Press.

ئەو کتێبە باس لە میدیای دەولی و گۆڕانکارییە دەولییەکان دەکات، کە کاردەکەنە سەر ئەدای ئامرازەکانی میدیا-دەولی-لەگەڵ جەختکردنە سەر دیاردەی تیرۆر، کە هەوەڵین بابەتی ئەجێندای سیاسی دەولی گرتووە.

*Hogan, K.(2003).The Psychology of Persusion: How to Persuade Others to Your Way of Thnking. Gretna LA: Pelican.

ئەو کتێبە باس لە سایکۆلۆجیای (رازیکردن)دەکات وەك زانست و هونەری کارکردنەسەر ئەوانیدیکە لە کۆمەڵگەی هاوچەرخدا.

*Jamieson, K.H., & Waldman, P.(2002). The Press Effect: Politicians, Journalists, and the Stories that Shape the Political World.London: Oxford.

ئەو کتێبە باس لە کاریگەری هۆیەکانی راگەیاندن دەکات بەسەر سیاسەتی دەولی بە بەهەندگرتنی رۆڵە جیاجیاکانی سیاسەتمەداران، وێرای خودی رووداوە سیاسییەکان.

*John Corner and Jeremy Hawthorn (1980)Communication Studies: An Introductory Reader, London, Edward Arnold.

گرنگترین کتێبە لە رووی رووماڵکردنی لێکۆڵینەوە دیارەکان لەبارەی میدیا لە بواری کاریگەری هۆیەکانی راگەیاندن لەسەر کۆمەڵگەی هاوچەرخ.

*John D. Stevens and Hazel Dicken Garica.(1980).Communication History, London, SAGE Publications.

ئەو کتێبە پشت دەبەستێ بە دیدومیتۆدی مێژوویی لە دیراسەکردنی پێوەندیکردن.

*Joseph Staubhaar and Robert Larose(1997),Communication Media in the Information Society, Belmont, CA, Wadsworth Publishing Company.

ئەو کتێبە باس لە پێگەی ئامرازەکانی راگەیاندن دەکات لە کۆمەڵگەی زانیاریی هاوچەرخ و کاریگەری تەکنەلۆجیای کۆمپیوتەر بەسەر ئەدای ئەو ئامرازانە بەگشتی.

*Karlekar, K.D.(ed.).(2003). Freedom of the Press (2003): A Global Survey of Media Independence.Oxford UK:Rowman and Littlefield.

ئەو کتێبە باس لە ئازادی رۆژنامەوانی و پێگەی ئامرازەکانی میدیای سەربەخۆ –لە رووی جیهانیەوە–دەکات.

*Kawamoto, K.(ed).(2003).Digital Journalism: Emerging Media and the Changing Horizons of Journalism. Oxford UK: Rowman and Littlefield.

ئەو کتێبە باس لە رۆژنامەوانی ژمارەیی دەکات، جگە لە کاریگەری تەکنەلۆجیای هاوچەرخ بەسەر ئەدای راگەیاندن.

*Knapp, M.L. & Hall, J.A.(2001). Nonvebbal Communiccation in Human Action. Belmont, CA:Wadsworth.

ئەو کتێبە پێوەندیکردنی غەیرەلەفزی و ڕۆڵی لە کردەی کۆمەڵایەتی تاوتو دەکات.

*Knapp, M.L. (1984).Interpersonal Communication and Human Relationship. Allyn & Bacon.

ئەو کتێبە تیشك دەخاتەسەر پێوەندیکردنی غەیرە شەخسی و ڕۆڵی لە پەیوەندییە مرۆییەکان.

*Larsen, C.U.(2001). Persuasion: Reception and Responsibility(7th ed). Belmont CA: Wadsworth.

ئەو کتێبە باس لە ڕازیکردن و کاریگەری بەسەر ئەوانیدیکە دەکات، هەروەها پەیوەست بوونی بە پرسە ئەخلاقییەکان و بەرپرسیاریەتی.

*Massey, K.K.(2001). Reading in Mass Communications: Media Literacy and Culture(2nd ed)Boston: McGraw-Hill.

ئەو کتێبە بریتیە لە: خوێندنەوەیەك بۆ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و کاریگەری بەسەر ڕۆشنبیریی کۆمەڵگەی هاوچەرخ.

*McWhorter, J.(2002). The Power of Babel: A Natural History of Languages. New York: Freeman.

کتێبێکی کلاسیکییە لەبارەی مێژووی زمان.

*Merrill, J.C.(1995). Global Journalism: Suvey of International Communication(3rd edition). New York: Addison-Wesley.

ئەو کتێبە هەرەگرنگترین سەرچاوەیە لەبارەی پێوەندیکردنی دەولی، جیهان دابەش دەکاتە سەر ناوچەگەلی هاوشێوە لەرووی کەلچەرومێژوو و بارودۆخەکان، ئینجا مێژووی ڕۆژنامەگەری و ئامرازەکانی دیکەی میدیا دەخاتەڕوو لەو ناوچانەورەوشی ئێستا لەگەڵ پشت بەستن بە داتاکان و بەڵگەنامەولێدوانە هەمەجۆرەکان.

*Nerone, J.C.(1995).Last Rites: Revisiting Four Theories of the Press: Carbondale IL: University of Illinois Press.

ئەو کتێبە دووبارە خوێندنەوەیەك بۆ هەر چوار تیۆرە باوەکە دەکات لەمەڕ دیراسەکردنی سیستەمی ڕۆژنامەگەری لە جیهاندا.

*O'Grady, W.,Archibald,J., & Aronoff, M., & Rees-Miller, J.(2000).Conttemporary Linguistics: An introduction. New York: Bedford/St. Martins.

ئەو کتێبە دەروازەیەکە بۆ زمانناسیی هاوچەرخ.

*Pinker, S.(2000).The Language Instinct: How the Mind Creates Language. New York: Perennial.

ئەو کتێبە پەیوەندی نێوان ئەقڵ و زمان تاوتو دەکات.

*Robinson, A.(1999).The story of Writing: A phabets, Hieroglyphs and Pictograms. London: Thames & Hudson.

ئەو کتێبە باس لە مێژووی نووسین دەکات هەر لەسەرتای پەیدابوونی، کاتێك لاسایی نیگاری دەکرد تا گۆڕانی بۆ سیمبولی سەربەخۆ.

*Ruhlen, M.(1996). The Origin of Language: Tracing the Evolution of the Mother Tongue. Hoboken, NJ: Wiley & Sons.

ئەو کتێبە بنەچەی زمان و چۆنیەتی پەرەگرتنی بە درێژایی مێژوو تاوتو دەکات.

*Sakr, N.(2002).Satellet realms: Transnational Television, Globalization and the Middle East. London: Tauris.

ئەو کتێبە باس لە مانگە دەستکردوفەزاییەکان دەکات، وێرای جەخت کردنەسەر ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست.

*Schudson, M.(2002).The Sociology of News.New York. Norton.

ئەو کتێبە سۆسیۆلۆجیای هەواڵ تاوتو دەکات، هەروەها چۆنیەتی رووداوەکان و رووماڵکردنیان بەندن بە جوغزە کۆمەڵایەتییەکە.

*Stewart L.Tubbs and Sylvia Moss.(1980), H man Communication, New York, Random House.

ئەو کتێبە بەپلەی سەرەکی باس لە پێوەندیکردنی شەخسی و شێوازولێزانییە بەکارهاتووەکان لە پێوەندیکردنی ئەکتیڤانەی زاتی، دەکات.

*Trenhold, S., & Jensen, A.(2000).Interpersonal Communication(4th ed). Belmont CA: Wadsworth.

ئەو کتێبە باس لە بنەماکانی پێوەندیکردنی شەخسی و خەسڵەتەکانی و گرنگی دەکات لە دامودەزگە هاوچەرخە ئابووری و سیاسییەکان.

*Trudgill, P.(2001). Sociolinguistics: An Interduction to Language and Society(4th ed.). New York: Penguin USA.

ئەو کتێبە باس لە زمانناسێتی کۆمەڵایەتی دەکات، وێرای وابەستەیی زمان بە کایە کۆمەڵایەتییەکە، کە هەقیقەتەکان دەخاتەوە لەرێگەی زمانەوە.

*Van Belle, D.A.(2000).Press Freedom and Global Politics. Westport CN: Praeger.

ئەو کتێبە کاریگەری سیاسەتی دەولی بەسەر ئازادی ئامرازەکانی میدیا تاوتو دەکات.

*Vivian, J.(2002). The Media of Mass Communication(6th ed.). Boston: Allyn & Bacon.

ئەو کتێبە باس لە ئامرازە جیاجیاکانی میدیا دەکات لەرووی مێژووییەوە، هەروەها باری ئێستای‌ن وێرای جەخت کردنە سەر ئامرازەکانی میدیای ئەمریکایی.

## پەراوێز

1-د. نەسیر بو عەلی، میدیاوبەها: خوێندنەوەیەك بۆ تیۆرەکەی بیرمەندی جەزایری عەبدولرەحمان عزی، دار الهدی، جەزایر، 2005.

2-ئامادەکردنی ا.د.نەسیر بو عەلی و بەشداریکردنی د.ئەلسەعید بو معیزە، د.مەحموود قەلەندەر، ا.ئەحمەد عەبدەلی، ا.هند عەزوز، مەحەمد هاشم کەریم، لبجیری نورەدین، جەمال بوعکاز، خوێندنەوەگەلیٚ بۆ تیۆری حەتمیەتی بەهایی لە میدیادا، کتێبخانەی (اقرا)قستەنتینیە، جەزایر، 2009.

ا.د.نەسیر بو عەلی، د.حەسان مەوهوبی، د.ئەلسەعید بومعیزە، د.بەشیر کردوسی، ا.لەیلا فیلالی،ا.ئلیاس تەلحە، ا.وەسیلە مەراح، ا.زرزایحی زوبیر، ا.یاسەمینە بونعارە، ا.لبجیری نورەدین، ا.وەحدیە بوفدح بادیسی، ا.محەمەد ئەلبەشیر بن تەبە، کارەکانی یەکەمین کۆڕبەندی ساڵانەی نیشتیمانی لەبارەی تیۆری حەتمەیتی بەهایی لە میدیادا، کتێبخانەی (اقرا)قستەنتینیە، جەزایر، 2009.

3-ئەو گوزارەیە لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە(و اختلاف السنتکم).

4–عەبدولرەحمان عزی(پۆست بونیاتگەرایی و نیشانەکانی رۆشنبیریی عەرەبی)ئایندەی عەرەبی(بەیروت)ژ:118، 1988.

5-John Corner and Jeremy Hawthorn, Communication Studies;An Introductory Reader Edward Arnold, London, 1980, p.64.

6–لە بەرنامە گرنگەکانی مێژووی زمان:

Robison A.,The Story of Writing: Alphabets,Hieroglyphs and Pictograms, Thames & Hudson, London, 1995.

7–2001.

8-John, p.5.

9–ماکلۆهان هەرەدیارترین نووسەری دیالۆگگکارە لە بواری میدیادا، لە شەستەکاندا بە فرە کتێبەکانی بەشۆرەت بوو لەوانە: لە پێناو فامکردنی ئامرازەکانی میدیا( Nedia Understanding).

10–نووسەری ئەڵمانی جۆهان گۆتەنبەرگ کاری چاپگەریی دۆزیەوە و کتێبی ئینجیلی بە(40)لاپەڕە چاپ کرد، وێرای ئەوەی لە چین و ئۆروپا چەند هەوڵێك درا بۆ گەشەپێدانی چاپگەریی، لێ گۆتەنبەرگ توانی گشت رەگەزەکانی چاپگەری تەواو بەیەکەوە کۆبکاتەوە، واتە رووی چاپەکەوپیتە کانزاییەکان(کە بە پیتەکانی گۆتەنبەرگ ناودەبرێن) و کاغەزومەرەکەب.

11-John D.Stevens and Hazel Dicken Garica, CommunicationHistory, SAGE Publication, London, 1980.p.110.

12-Alven Toffler, The Therd Wave, 2nd ed.(New York: Bantam Books, 1990).

13-Daniel Bell, The Coming of Post – Industrial Society.(New York: Basic Book, 1973).

14-Joseph R. Dominick, The Dynamics of Mass Communication: Media in the Digital Age, McGraw Hill, Boston, 2002,pp.12-9.

15–ماکس ڤێبەر (Max Weber)تۆژەرێکی هەرەدیاری ئەو بوارەیە ، پێی وایە بیرۆکراسیی مەرجی پەرەگرتن و بە هاوچەرخبوونی کۆمەڵگەیە، وێرای خاڵە نەرێیەکانی لەوانە: تاکەکەس بریتیە لە حاڵەت نەك قەوارەیەکی کۆمەڵایەتی.

16- له تۆژەرە هەوەڵینەکانی میدیایە، بەشدارییەکی زۆری هەیە له گەشەپێدانی تیۆری پرۆپاگندە له لێکۆڵینەوەکەی لەبارەی پرۆپاگندە له سەردەمی جەنگدا پاش جەنگی یەکەمی جیهانی.

17-ئەو تیۆرانە له رووی ئەکادیمیەوە بۆ یەکەمجار  له کتێبێکی کلاسیکی بترسۆن وشرام بەرچاو کەوت بەناوی: چوار دیدەگەکەی رۆژنامەوانی(Four Theories of the Press)ئەو کتێبە تا ئێستا سەرچاوەیەکی سەرەکیە له زانکۆکانی ئەمریکادا.

18-کتێبەکەی(میر- The Prince) هەرەگرنگترین سەرچاوەیە لەبارەی چۆنیەتی بەڕێوەبردنی فەرمانڕەوایی بە پێی پرەنسیپی(مەبەست پاساودەری هۆیە).

19-رۆبەرت هتسن(Robert Hitchins) سەرۆکایەتی ئەو لیژنەی کرد، بەمەش بەناوی ئەو کرا.

20-Daniel Lerner, The Passing of Traditional Society: Modernizing the Middle East(New York: The Free Press, 1958).

21-له کتێبەکەی بەناوی: مۆدێلەکانی پێوەندیکردن(Models Communication).

22-Denis McQuail & Sven, Windahl, Communication Models for the Study of Mass Communication, London, New York, 1996,pp.15-13.

23-هەردووکیان له کۆمپانیای بال(Bell) بۆ تەلەفۆن/ئەمریکی کاریان کردووە.

24-Denis, pp.17-16.

25-Ibid, p.19.

26-Stewart L. Tubbs and Sylvia Moss, Human Communication, Radom House, New York, 1990,p.97.

27-Anita Taylor, ArthurbC.Meyer, Teresa Rosegrand and B.Thomas Samples, Communicating, Prentice Hall, New Jersey, 1992,p.372.

28-Joseph T.Klapper, The Effect of Mass Communication, The Free Press, New York, 1960,pp.23-19.

29-ئەو بێژەرە بەرنامەیەکی گاڵتەئامێزی پێشمەش کرد لەبارەی پەلاماردانی ئەمریکا له لایەن سوپایەك له هەسارەیەکی دیکەوە له رێی کەناری خۆرهەڵاتەوە بەرەو شاری نیۆیۆرك زۆرکەس بڕوایان پێکردوخەڵکێکی زۆریش لەو ترسە رایان کرد.

30-Brenda Dervin, Lawrence Grossbery, Barabara O'Keefee and Ellen WArtella, Bethinking Communication, SAGE Publications, London, 1989,p.361

31- **بڕوانە: د. عەبدولرەحمان عزی، دیراساتگەلیٚ لەمەڕ تیۆرەکانی پێوەندیکردن، بەرەو بیرێکی جیای میدیایی** – مرکز دراسات الوحدة العربیة- **بەیروت، لوبنان،** 2003.

32- **بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ئەو کتێبەمان: د. عەبدولرەحمان عزی، بیری هاوچەرخی کۆمەڵایەتی ودیاردەی میدیایی پێوەندیکردن: هەندە رەهەندی شارستانیی** -دار الامة-**جەزایر،** 1995.

33- **هەمان سەرچاوەی پێشوو.**

34- **هەمان سەرچاوەی پێشوو.**

35-Bingell, Jonathan, Media Semiotics;An Introduction,Manchester University Press,UK,2002.

36-Fernand Terrou, I'Information, Que Sais-Je,Presses Universitaires de France, Paris, 1979,p.12.

37- **بە هەردوو زمانی عەرەبی و تورکی دەردەچوو.**

38- **هەر ئەمەش بوو کاریکردە سەر جۆری رووماڵکردنی هەواڵ و پەیرەوی تاکلایەنی لە شیکردنەوەی رووداوەکان لە کۆمەڵگە خۆرئاواییەکان بۆ نموونە.**

39- **بۆ نموونە لە ئەمریکادا یەك رۆژنامەی نیشتیمانی هەیە**(USA Today)

40- **زۆربەی رۆژنامەکانی ئەمریکا ئێوارە دەردەچن.**

41- **بوو بە خاوەنی دەستەی ئێزگەی ئەمریکی**(RCA).

42- **ئەو دەزگە ئێزگەییانە پاشان دەزگەی تەلەفزیۆنیشیان زیاد کرد.**

43- **کۆمپانیایەك** (21)**وێستگەی ئێزگەو**(14٪)**ی بیسەرانی ئێزگە لە ئەمریکا بۆ ئەو دەگەڕێنەوە.**

44- **بۆ نموونە** 4/3**ی بیسەرانی ئێزگە لە ئەمریکا بە ئێزگەکانی**(FM)**ەوە پەیوەستن.**

45- **لە ئەمریکادا نزیکەی**(2000)**دەزگەی بڵاوکردنەوە هەیە، بڕی پارەی کتێبسازیش دەگاتە زیاتر لە**(18)**بلیۆن دۆلار.**

46–له ئەمریکادا(20000)هەزار کتێبخانەی فرۆشتن هەیە(200000)هەزار شوێنی بازرگانی بۆ دابەش کردنی کتێب.

47–لێکۆڵینەوەکان ئاماژە بەوە دەدەن، کە (71.9٪)ی ئەمریکییەکان ئەو ئامێرەیان هەیە.

48-Joseph Staubhaar and Robert Larose, Communication Media in the Information Society, Wadsworth Publishing Company, Belmont,CA,1997,PP.210-172.

49–له ئەمریکادا (40٪)ی داهات له فرۆستنی ڤیدیۆو(40٪)له هۆڵەکانی سینەماو(15٪)له تەلەفزیۆنی کێبڵدارەوەیە.

50– هەندە ئاسەوار هەن ئاماژە دەدەن بەوەی ریکلام بۆ برەودان بەهەندە جۆری پێڵاو –ئەوکات– بەکارهاتووە.

51-Joseph, p.372.

52–واتە بارەگاکەی له لەندەنە.

53-Joseph, p.387.

54-Ibid, p.369.

55–له کتێبە گرنگەکانی:Crystallizing Public Opinion

56-Charles S. Steinberg, Mass Media and Communication, Hastings House Publishers, New York, 1972,p.440.

57-Edward S Herman and Noam Chomsky, Manufacturing Consent:The Political Economy of the Mass Media, Pantheon Books, New York,1988,p.xi.

58-Alexis S.Tan, Mass Communication Theories and Research, Crid Publishing, Inc, Columbus, 1981,p.93.

59-Anita, p.372.

60-Wilber Shramm, Mass Communication, University of Illinois Press, Urbana, 1980, pp.486-468.

61-Public Opinion and Populer Government.

62- عەبدولرەحمان عزی، رای گشتی و دەمارگیریی و شورا: لێکۆڵینەوەیەکی رەخنەییە/ئایندەی عەرەبی(بەیروت)ژ 149 ، 1991.

63- د.عەبدولرەحمان عزی، شیکردنەوەی رەخنەیی و بونیاتی موئەسەساتیانە لە کۆمەڵگەی عەرەبیدا، ساڵنامەکانی زانکۆی جەزایر، ژ9 ، 1995.

64-بۆ کۆمپانیای باین ئالتی مۆڵت دەگەڕێتەوە، کە کۆمەکی دارایی ئەو لێکۆڵینەوەی کردووە، کە ژمارەیەکی زۆر توێژەر لە پسپۆرییە جیاجیاکان بەشداریان تیا کردووە و حەوت ساڵی خایاندووە و دەرەنجامەکانیشی لە کۆمەڵە بەرگێك دەرچووە بەناوی لێکۆڵینەوەکانی بایت.

65-بۆ نموونە بڕوانە کتێبی:عەبدولرەحمان عزی، کۆمەنیوکەیتڤی بەهایی لە گەشتەکەی وەرتیلاندیی دا، وەزارەتی رۆشنبیریی، جەزایر، 2010.

66-عەبدولرەحمان عزی، لێکۆڵینەوەگەلیٚ لە تیۆری پێوەندیکردن، بەرەو بیرێکی دیاروجیای میدیا، سەنتەری دیراساتی وەحدەی عەرەبی، بەیروت، 2003،ل69-70.

67-بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە کتێبی، د. عەبدولرەحمان عزی، میدیاوهەڵوەشانەوەی بونیاتی بەهایی لە ناوچەی عەرەبیدا، خوێندنەوەیەکی مەعریفی بۆ نیشتەنییە کەلچەریەکان، خانەی متەوەستیە بۆ بڵاوکردنەوەودەزگەی محەمەد بن راشد ئال مەکتوم، بەیروت، 2009.

68- بە رای ئێمە ئەو ژینگەیە سیٚ رەهەند دەگرێتەوە: خودی جێگە، بەهاو بیناسازیی.

69-بەها واتە هەڵکشان بۆ شکۆیی یا باڵاڕۆیی وەك مانایەك لە خۆیدا یا ئەوەی پێی پەیوەستە وەك دڵسوزی، دادوەری، ئۆقرەیی، سوپاسگوزاریی،..تد، ئەسڵەکەیشی موعتەقەدە.

70-هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی بەندە بە بەهاورەنگە تەنیا تقوس بیٚ، پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ دەگرێتەوە.

71-کۆی حانوتە، ئەو گوزارەیە لە ناوچەی مەغریبی عەرەبی بەکاردیٚ، ئاماژەیە بە فرۆشگە-دوکان-یا شوێنی بازرگانی.

72- بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە کتێبی، د. عەبدولرەحمان عزی، میدیاوهەڵوەشانەوەی بونیاتی بەهایی لە ناوچەی عەرەبیدا، خوێندنەوەیەکی مەعریفی بۆ نیشتەنییە کەلچەریەکان، خانەی متەوەستیە بۆ بڵاوکردنەوەودەزگەی محەمەد بن راشد ئال مەکتوم، بەیروت، 2009.

73-هەمان سەرچاوەی پێشوو.

74–مەبەست لەوە زۆر بەکارهێنانی گوتە"ناپەسەندەکانە"لە زماندا یا هێنانەوەی ئی نویٰ لە ڕێگەی قسەکردن یا باو یا عامیی–عەوام–.

75– بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە کتێبی، د. عەبدولرەحمان عزی، میدیاوهەڵوەشانەوەی بونیاتی بەهایی لە ناوچەی عەرەبیدا، خوێندنەوەیەکی مەعریفی بۆ نیشتەنییە کەلچەریەکان، خانەی متەوەستیە بۆ بڵاوکردنەوەودەزگەی محەمەد بن ڕاشد ئال مەکتوم، بەیروت، 2009.

76–هەمان سەرچاوەی پێشوو.

77–د.عەبدولرەحمان عزی، ئیتیکی میدیایی لە دیدی نوورانی نەورەسیدا، لێکۆڵینەوەیەکە لەژێر چاپدایە، گۆڤاری حیکمە.

78–سوورەتی ئیسرا، ئایەتی 70.

79–بەدیع ئەلزەمان سەعید ئەلنەورەسی(المثنوی العربي النوري، كليات رسائل النور)ئیحسان قاسم ساڵحی، خانەی نیل، ئیستەنبوول، تورکیا، ل487.

80– د.عەبدولرەحمان عزی، ئیتیکی میدیایی لە دیدی نوورانی نەورەسیدا، لێکۆڵینەوەیەکە لەژێر چاپدایە، گۆڤاری حیکمە.

81-Frank Capra propaganda film Why We Fight.

## أ.د. عەبدولرەحمان عزی

* بەکالۆریۆسی لە ڕۆژنامەوانی هەیە لە زانکۆی جەزایر(1977)و ماستەر لە ڕۆژنامەوانی(1980)و دکتۆرا لە سۆسیۆلۆجیای میدیا(1985)لە زانکۆی نۆرس تکساس لە ئەمریکا.

* (24ساڵ) ئەزموونی وانەبێژی وتۆژینەوەوسەرپەرشتیکاریی هەیە.

* لە (2006)ەوە، ئوستازە لە کۆلیجی کۆمەنیوکەیشن لە زانکۆی شاریقە.

* چەندین کتێبی لە بواری میدیاوپێوەندیکردن بەچاپ گەیاندووە، جگە لە زیاتر لە(40)لێکۆڵینەوە لەبارەی میدیاوە.

*خاوەنی (تیۆری حەتمیەتی بەهایی لە میدیا)یە.

خوێنەری بەڕێز

بۆ هەر راوبۆچوون و سەرنج و رەخنەیەك

دەتوانن لە رێگەی ئەم ئیمێلەوە

(b_hawezy@yahoo.com)

پەیوەندی بکەن..

ب . حەوێزی

........................................................................................................

سەر بەرگی دواوە

ئەو کتێبە

یەکەمین بەرهەمە لە رووی هەرە گرنگترین دەستەواژە تازەکانی

میدیاوکۆمەنیوکەیشن، کە بە پێی چوار ئاست، دەیخاتەڕوو:

1-دەستەواژە تایبەتەکانی بنەماکانی میدیای تەقلیدی

(Traditional media)و نوێ(new media)

جا چ دەستەواژە تیۆرییەکان( چەمك )یا دەستەواژە هونەری و تەکنیکییەکان بێ.

2-چەمکە بەهاییەکانی میدیایی، ئەو ئامرازە تیۆریانە دەگرتەوە،

کە بەدرێژایی کات پەرەیان سەند لەمەڕ دیراسەکردنی دیاردەی

میدیایی و تیۆری حەتمیەتی بەهایی لە میدیادا.

3-دامەزرێنەرانی پێشەنگ لەوانەش: لاسویل و لازرسفیلد.

4-هەرە گرنگترین کتێبە بنەڕەتییەکان( کلاسیکی )ی بواری میدیاوکۆمەنیوکەیشن.

..........................................................................................................................